ڕەووف محەمەد ئالانی

# گەشتە مێژووییەکان

## شوێنەوارو کەلتور

چاپی یەکەم
٢٠٢١

## گەشتە مێژووییەکان

- نوسەر: ڕەووف محەمەد ئالانی
- بابەت: شوێنەوارو کەلتور
- تایپکردن و هەڵەچن: نوسەر
- دیزاینی بەرگ: ئارام عوسمان
- دیزانی ناوەوە :نزار عزەت
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ (٤٠٠٠)دینار
- ساڵی چاپکردن: ٢٠٢١
- چاپخانە:ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٢٤٠)ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە**

## ناوەرۆك


١. پێشكەش بێت.................................. ٢

٢. چەند وتەیەك لەجیاتی پێشەكی.................. ٣

٣. دەربەندی بازیان.................................. ٩

٤. چوارتاو شوێنەوارەكانی........................... ١٩

٥. بەسەرهاتی كەڵەشێرەكەی ماوەت.................. ٢٨

٦. شارستانێتی دێرینی زەرزی......................... ٣٧

٧. پایزو ڕازێكی قوڵ.................................. ٤٨

٨. سەرچنار یادگاری شیرینی شار..................... ٥٥

٩.شاروپەیكەر.......................................... ٦٩

١٠. شوێنەوارەكانی نەوێ.............................. ٨١

١١. قەڵای خان ئەحمەدخان............................ ٩١

١٢. گوندێكی عەرەبنشین لەكوردستان.................. ١٠٠

١٣. قەڵای سرۆچك...................................... ١٠٦

١٤. ئەزمەڕو گۆیژە شانازی مێژوو....................... ١١٦

١٥. هەواڵپرسینێك لەداریكەلی.......................... ١٣١

١٦. ئەشكەوت ماڵی یەكەمی مرۆڤ....................... ١٤٨

١٧. بەرهەمە چاپكراوەكانی نوسەر....................... ١٦٠

## پێشکەش بێت:

**١**. بەرۆحی باوکم، کە هاندەرو پشتیوانم بــوو، تــا لـەخزمــەتی نیشتمانو نەتەوەکەم بەردەوام بمو دوانەکەوم.

**٢**. بەگیانی ئەو نوسەرانەی بیرکردنــەوەو مانــدووبونیان، بــۆ خزمەتی نیشتمان بووە بەناساندنی مێژووی گەلەکەمان.

**٣**. بەگیانی پاکی تۆفیق وەهبی بەگ.

**٤**. بەگیانی پاکی شاکر فەتاح.

## چەند وتەیەك لەجیاتی پێشەكی:

كاركردن لەسەر كەلەپورو شوێنەوار، هەروا ساناو ئاسان نییە.


لەبەرئەوەی، ئەوبابەتانە زۆر ئالۆزو گرانن، بەتایبەت لەناو ئەم نیشتمانە لەتلەتكراوەدا، بەهۆكاری نەبونی سەرچاوەی پێویستو شێواندنو بەلارێدابردنی زانستیو گرنگی نەدان بە توێژینەوە، لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەكان، لەلایەكیتر تێكدانو شكاندنو هەلكۆلینو خراپكردنیان لەلایەن چەتەو دزەكانی شوێنەوارو قاچاخچیانی ئاودیوكردنی ئەو مێژووە پڕ بایەخەی نەتەوەكەمان، كاركردنیش لەم بوارە زۆركەمو دەگمەنە، زۆرجار ئەبێ بگەڕێینەوە سەرنوسین و كتێبەكانی ڕۆژهەلاتناسانو گەڕیدەكانی ئەوروپا، كەسەردانی ئەم نیشتمانەیان كردوەو بۆچوونەكانیان لەسەر ئەو شوێنەوارانە نوسیوە، لەناوكارە خۆمالیەكانیش، ئەوەی كرابێت تەنها هەولی كەسیو هەستی دلسۆزی چەند نوسەرو شوێنەوارناسێكە، ئەوەش هەق وایە بەهەند وەریان بگرینو دەستی ڕێزو خۆشەویستیان بۆدرێژ بكرێتو سوپاسگوزاریان بین، ماوەی (١٠) سالێك سەرقالی كاری ڕۆژنامەوانی

مەیدانی بووم، لەو ماوەیەدا بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نـوێ) بەتایبەت بۆ دوالاپەڕە، بۆچەند ڕۆژنامەیـەکی تـریش، لەسـەر شاخو ئەشکەوتو دارو درەختو زۆر بابەتیتر کارم دەکـردو بابەتم بۆ دەنوسی، جگە لـە کارە ڕۆژنامەوانیەکانی ترم، هەر لـە هەواڵو ڕیپۆرتاژو نوسینی وتار، لەوکاتەوە خولیای کارکردنم، لەسەر شوێنەوارو کەلتور نەتەوەکەمم لا شـیرین بـوو، دوای ئـەوە لــە تەلــەفزیۆنی گــەلی کوردســتان، مــاوەی ســاڵێك بەرنامەیــەکی شــوێنەواریم پێشکەشــکرد، چــەند بابــەتێکی ڕۆژنامەوانی هەمەجۆر کەبابەتی کەلتورو شوێنەوار بوون، لـە ڕۆژنامەوگۆڤارەکاندا بلاوم کردبونەوە، لەدووتوێی کتێبێکـدا چاپمکردن، لەژێر ناونیشانی ( ئاوێزانبونی سروشـتو مێـژوو) ئەو کتێبە، لەماوەیـەکی کەمـدا لەکتێبخانەکانـدا نـەما، بـەلام چاپی دووەمم نەکردەوە، پاش ئەوە، چـوومە ڕادیـۆی دەنگـی گــەلی کوردســتان، بۆمــاوەی (٥)ســاڵ چــەندین بەرنامــەی کـەلتوریو هونـەریم ئامـادەو پێشکەشـکرد، جگـە لـەکاری نوسینم، بەبەردەوامی بۆ گۆڤارو ڕۆژنامەکان، دوایی لەکەناڵی ئاسمانی(knn) چوومە بەشی دیکۆمێنتـاریو لـەوێش چـەندین بەرنامــەم ئامادەوپێشکەشــکرد، ئــەتوانم بڵــێم، هــەنگاوێکی

گرنگی کارکردنم بوو لەوبوارەدا، چەند هاورێیەکی نزیکم کەئاگاداری ئەو کارانە بوون، زۆر ئەوەیان دووپات ئەکردەوە، کە ئەو کارانە بکەم بە کتێبێکی تایبەت بە شوێنەوارو کەلتور، دەقە نوسراوەکانی شوێنەوارەکانم، دەسکاریکرد، لەزمانی تەلەفزیۆن کردمە زمانی کتێب، شتێکی تر کە زۆر گرنگە بیلێم ئەوەیە، ئەو بابەتانە جگە لە سەرچاوەکانی کتێبو گۆڤارەکان، گرنگیشم دا بەکەسە بەتەمەنو شارەزاکانی ئەو شوێنانەی شوێنەوارەکانی لێبوەو لەگەڵ نوسینەکان بابەتی تازەم لێدروست کردون، بەونیازەی ببنە بابەتێکی تەواوو پڕ لەزانیاری، ئەمە هەوڵو ماندووبونی چەند ساڵەی منە، هەرچەند هیچ کارێك بێکەمو کورتی نابێ، بەلاًم ئەم بابەتانە، نوسینیان باشترە لەفەرامۆشکردنیان، کوردیش گوتەنی (دیاری شوان کنگرە، یان ئاڵەکۆك)، بەهیوام دیارییەکەی من ببێتە بەرهەمێکی سودبەخشو لە کتێبخانەی شیرینی کوردی جێبگرێت.

**ڕەووف محەمەد ئالانی**

**بەفرانباری ٢٧٧١ کوردی**


رەووف محەمەد ئالانی
گەشتە مێژووییەکان
شوێنەوار و کەلتور
چاپی یەکەم
٢٠٢١

## دەربەندی بازیان



دەربەندی بازیان، ناوچەیەك پڕاوپڕ لەمێژووی نەبەردی، چیرۆكی سەرنجراكێش، كاتێك گوێبیستی ناوی دەربەندی بازیان دەبین ڕاستەوخۆ خەیاڵ پەلكێشمان دەكات بۆ بەردەقارەمانو نەبەردییەكانی شێخ مەحمودی حەفیدو جەنگاوەرانی.

بەڵام ئەم ناوچەیە مێژووییەكی دێرینی هەیەو پەرستگاو ئاسەواری دێرینی ئەشكانیو ساسانییەكانو ئاشورییەكان بە ئاشكرا لە ناوچەكەدا بەدیدەكرێتو ئەم دەربەندە لانەیەكی ئارام بووە بۆ ئەو ئیمپراتۆرو فەرمانڕەوایانەی ڕۆژگارێك بەم ناوچەیەدا تێپەڕییان كردووە یاخود جێگیر بوون، چونكە بوونی ئەم دەربەندە گرەنتی مانەوەو گەشەسەندنی هەر گەل و هۆزێك بوە كە كەڵكەڵەی باڵادەستی بەسەر هەردوو دیوی دەربەندەكەدا هەبووبێت.



سیمای ئاساری ئەم ناوچـەیە، خـۆی لـە دیواربەنـدێك‌و شـوێنەواری پەرستگای کۆن‌و بەردەقارەماندا بەرجەستە دەکات کەهەر یـەکێکیان مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیەو چـیرۆك‌و سەرگوزەشـتەی جیـاواز لەبارەیانەوە باس دەکرێت.

ئەم دیواربەنـدەی جیاکـەرەوەی هـەردوو دیـوی دەربەندەکەیـە، مێژوویەکی دێرینـی هەیـەو بـەپێی هەنـدێك سەرچـاوە لەسـەردەمی لۆلۆییەکاندا دروستکراوە کەولاتی زاموای پێوتراوە، ئەم دیواربەنـدە ڕۆلێکی ئێجگار گرنگی بینیوە لە ڕووی سـەربازییەوەو لۆلـۆییـەکان وەك قـەلای بـەرگری بەرامبـەر بـە ئاشـوورییەکان بـەکاریان هێنـاوەو چەندین جـەنگ‌و بەرکـەوتنی خوێنـاوی لەنێوانیانـدا لـەم جوگرافیـا بچوکەدا ڕوویداوە.

ئەم دەربەندە دەرگا یان دەروازەیەکە لەگەڵ چەند دەربەندێکی تردا لەزنجیرە شاخی قەرەداغ، کە بە دەربەندیخان کۆتاییان دێت، دەربەندەکانیش لەڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەلات دەستپێدەکات کە پێکدێن لە:

دەربەندی بازیان، دەربەندی سەگرمە، دەربەند جافەران، دەربەند گۆشان، دەربەند داری زەرد، دەربەند ئەستێل، دەربەند گاوور (تەکیە)، دەربەند باسەرە، پەیکولێو دەربەندیخان.

لە نێوان زنجیرە شاخەکانی قەرەداغداو لە بەینی دەربەند سەگرمەو داری زەردا، چەمو مێرگوزارێك هەیە کەپێی دەلێن (قوپی قەرەداغ )کە بە فێنکیو کانیو ئاوی زۆرو داری سەوزی گەورە بەناوبانگە.

ناوی ئەم قۆپیو باسەرەیە لەنوسینی کۆنی سەرپێستەدا هاتوە بەزمانی یۆنانیو فارسیو ئەشکانی، کە لەناو گۆزەیەکدا لەچیای هەورامان دۆزراوەتەوەو ئێستا لەمۆزەخانەی بەریتانیادایەو مێژووی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش هاتنی عیسا پێغەمبەر(علیه السلام).



ئەم دەربەندە لەسەدە کۆنەکاندا ناوی هەبووەو زیاتر لە هێزێکی داگیرکەر گوزەرییان پێداکردوە، دیارترینیان پاشاکانی ئاشووری بوون بەتایبەتی (ئاشوور ناسر پالێ

دووەم)، نــاوە کۆنەکــەی ئــەم دەربەنــدە (بابیتا)یــە لەسەرچــاوە ئاشووریەکاندا، هەر لەم شوێنەدا شــەڕی گــەورە گــەورە لەمێــژووی کۆنونوێدا ڕوویــداوەو شــەڕەکانی ئــەورەحمان پاشــای بابــانو شــێخ مەحمودی نەمر بەڵگەی ئەم ڕاستییەن.

مامۆستای گەورە خوالێخۆش بوو (تۆفیق وەهبی )دەڵێت:

کۆنترین ناو لەمێژووی ئیسلامدا بۆ دەربەنــدی بازیــان هــاتبێ لــە کتێبــی (نزهــة القلــوب) حمداللــه المســتوفیدایه کــە مێژووەکــەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٢٣ زایینیو بە (دەربەندی خەلیفــە ٩نــاوی دەبــات، ئەمــەش نــاویکی (بــاطني)یــە، چــونکە(خەلیفە لای ئیســماعیلییەکان بــە إمــام ) دەوتــرا بــەوەدا کــە خەلیفــەی خوایــە لەجیهاندا .

لە بەشێکی دیکەدا مامۆستا (تۆفیق وەهبی) دەڵێت:

لەمێژووی عوسمانیەکاندا وەك (دولت عثمانیة تأریخی)ئەم دەربەندە بە (مضیق ایمان شــاه) ناوبراوە چونکە ساڵی (١٥٣٤زایینی) ســوڵتان سولــەیمان قانونی گوزەری پێــدا کــردووە، بــەبڕوای مامۆســتا وەهبــی (إیمان)ە کەهەر لە (إمام )ەوە وەرگیراوە بەوەدا کــەناوێکی( باطنیــە)و ئەو سەردەمە (باطنیه اسماعیلیه) کان لەوناوەدا زۆر بوون .



هەروەها مامۆستا وەهبی دەفەرموێت: مێژووی نادرشا کە (جیهان شای نادری)یەو (میرزا مەهدیخان) بەفارسی دایناوە، ئەم دەربەنـدە بـە (اق دەربەند ۹ واتا (دەربەندی سپی) ناودەبات، بەوەدا کەبەردەکانی سپی بوونو هەروەها لەسەردەمێکدا تورکەکان (دەمیر قاپو) واتە(قاپی ئاسن )یشیان پیێ وتوە.

والی بەغداد سلێمان پاشا، لە بـەهاری سـاڵی (۱۸۰۷) زاییـنـی لـەشکرێکی سەد هەزارکەسـی نـاردە سـەر ئـەوڕەحمان پاشـای بابـان چـونکە لـەکاتی دەسـتبەکاربوونیدا وەك والـی بەغـدا نەچـوبو بـۆ پیرۆزبایی، پاشای بابانیش کە بەمەیزانی خۆی کۆکردەوەو لـەشکرێکی دوو هەزار کەسی ناردە دەربەندی بازیان لـەوێ خۆییو لـەشکرەکەی دەستیان کرد بە قایمکاریی دەربەندەکە، تـا لـەگـەڵ لـەشـکری والییـا دەستەو یەخە بوونەوەو لـەشکری کـورد ئازایـەتیو قارەمانییەتییـەکی

بێوێنەیان نیشاندا، بەژمارەیەکی کەمی سەربازەوە ئەوەنـدەی نـەمابوو لەشکری والی تەفروتونا بکەن، بەڵام هاوشێوەی زۆربەی جەنگـەکانی کورد لەمێژوودا، هەندێك لەخـەڵکی ناوچـەکە لەچـەند دۆڵێکـەوە ڕێنوێنی لەشـکری والـی دەکـەن، پاشـتر ئـەورەحمان پاشـای بابـانو سوپاکەی دەشکێنو بەرەو ئێران هەڵدێن.



لە ڕووداوێکی هاوشێوەدا، وەك ئــەوەی مێــژوو خــۆی دووبــارە بکاتـەوە، لەسـاڵی ۱۹۱۹دا شـێخ مەحمودی نەمر لە دەربەندی بازیاندا ڕووبــەڕووی هێزەکــانی ئینگلیــز بووەوە، لەوکاتەدا هیزەکـانی شـیخ محمـــــــــــود کــــــــــەژمارەیان (۳۰۰)چــەکداربوو لەدەربەنــدی بازیـان خویـان قـایمکردبوو، بەوپێیــەی دەربەنـدی بازیـان شـوینێکی ســەختو دژوارە. لــە۱۷ی مــانگی حــوزەیرانی ۱۹۱۹هێــزی ئینگلیزەکان بەهێرشکردن بەرەو دەربەنـدی بازیـان دەسـتی پیکـرد. شێخ بە لـەشکرەکەیەوە تەنگی بە هێزی ئینگلیز هەڵچنیو ئەوەنـدەی نەمابوو بلاوەیان پیٚ بکات.

بەڵام دەگوترێت چەندکەسێك دەبنە ڕێنیشاندەری ئینگلیزەکانو لە ڕێگەیەکی پشتی دەربەندەکەوە دەوری هێزەکـەی شـێخیان داوەو


پاش شەڕێکی قارەمانانە شێخ مەحمود بەبریندارى لەژێر تاشە بەردێکى دەربەندەکەدا بەدیل دەگیرێت، پاشتر ئەوبەردە بە(بەردە قارەمان) ناوزەد دەکرێت‌و تائێستاش وەك خۆى ماوەتەوە. لەوشەرەدا هێزەکەى شێخ ( ٤٨) کوژراوو (١٠٠) بریندارو دیلى هەبوو، شیخ محمود خۆییو (شیخ غەریب)ى براى لە دیلەکان بوون‌و دواتر رەوانەى بەغداد کران.

بەمەش کۆتایی بەیەکەمین حوکمدارى شێخ محمود هات لەسلێمانى کە(٧) مانگ‌و یەك رۆژى خایاند. ئەوەى جێگەى باسە دواتر دادگایی کراو شێخ محمود بەلەسێدارەدان سزادرا، دواترحوکمەکەى گۆڕا بۆ دورخستنەوەى بۆ دورگەى ئاندمان لە هندستان .



شێخ مەحمود لەکاتی بەدیلگیرانی

وەك ڕێزلـێنانو بەزیندوو هێشـتنەوەی سـەروەرییەکانی ڕابـردوو، مۆنۆمێنتێك لـەناوچەی دەربەندی بازیان بەڕووبەری زیاتر لـە(٦)دۆنم دروسـتکراوە لـەسـەر هـەمان ئـەو پارچـە زەوییـــەی شـــێخ مـــەحمودی حەفیـــد بەرگرییــــــــەکی قارەمانانەی تێـداکرد،



ئەم مۆنۆمێنتە لـەڕووی کارگێڕییـەوە سـەر بـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی گەشتو گوزاری سلـێمانیەو لـە چەند بەشێك پێکـدێت، کـە دەچـیتە ناوی لـەبەردەم دەرگاکەیدا پەیکەرێکی گەورەی شێخ مەحمودی نـەمر دانراوەو پاشان سەوزاییو باخچـەکە دەسـت پێـدەکات کـەزۆرترین ڕووبـەری مۆنۆمێنتەکـەی پێکهێنـاوە، لـەناوەڕاسـتی پرۆژەکەشـدا بەردەقارەمان وەك خۆی دانراوە، لـەنێو مۆنۆمێنتەکەدا گەلـەریەك هەیە کە ئەرشیفو وێنەو یادگارییەکانی شێخ مەحمودی تێدا نمایش کـراوە، دیوار بەندێکی گەورەشی تێدایە کە بەشێوەی هونـەری پەیکەرسـازی جەنگی بەردەقارەمان دەگێڕێتەوە لـەگەڵ نووسینی ناوی شەهیدەکان و بریندارو دیلـەکان لـەو جەنگەدا.

بەشێکی گرنگی دەربەندی بازیان، پاشماوەو شوێنەواری ئیمپراتۆرو گەلانی سەدەکانی کۆنە کـە لـەناوچـەکەدا حکومییـان کـردوە، ئـەم

**شوێنەوارە دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی دەربەندی بازیان، بە دیوی ناحیەی تەکیەو قـەزای چەمچـەماڵدا، لەسـەر ئـەم شـوێنەوارە ڕاوبۆچوونی جیـاواز هەیـەو هەنـدێك مێژووەکـەی دەگەڕێننـەوە بـۆ زەردەشتییەکان، بەپێی هەڵکۆڵینو توێژینەوە زانستییەکانیش بێت ئەم شـوێنەوارە پەرسـتگایەکی ئـاینی مەسـیحییە، بـەپێی پاشماوە دۆزراوەکـانیش بێـت، مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ساسانییەکان.**

**تەواوی ئەو کەرەستەو کەلوپەلە شـوێنەوارییانەی لـەم ناوچـەیەدا دۆزراونەتەوە، لەئێستادا لە مۆزەخانەی گشتی سلێمانیدا پارێزراون و بەشـێوازێکی زانسـتی سـەردەمییانە لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر کـراوەو مێژووی هەر پارچە ئاسارێك یەکلا کراوەتەوە.**



**سەرچاوەکان :**


١. سلێمانی شارە گەشاوەکەم / جەمال بابان

٢. یاداشت رەفیق حلمی /بەرگی یەکەم

٣. سفره من دربند بازیان الی ملەی تاسلوجه / توفیق وەهبی بەگ.

٤. شێخ مەحمودی قارەمان و دەولەتەکەی خوارووی کوردستان بەرگی ١و ٢

٥. چیم دی / ئەحمەد خواجە بەرگی ١و ٢و ٣

٦. دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، محەمەد ڕەسوڵ هاوار.

٧. یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید


## چوارتاو شوێنەوارەکانی



شوێنەوارو پاشماوە بەجێماوەکانی کۆن کەجێ پەنجەی مرۆڤە پێشینەکانی پێوە دیارە، بوون بە بەشێکی گرنگی سامانی نەتەوەیی و ئامرازو کەرەستەی ناساندنی مێژووی دوورو نزیکی گەلان، قەزای چوارتا یەکێکە لەو شوێنانەی کە چەندین شوێنەوارو پاشماوەی کۆنی لێیەو بوونە بەشێکی گرنگ لە مێژووی ئەوناوچەیە .

چوارتا بەدوری( ٣٥) کیلۆمەتر کەوتۆتە باکوری شاری سلێمانی و لەسەر بەرزاییەك هەڵکەوتوە، لەم شارۆچکەیەدا ئەوەی سەرنجی مرۆڤ ڕائەکێشێ بوونی سورەچنارێکی گەورەیە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٨٠٠) ساڵ لەمەوبەرو بۆتە ناسنامەی چوارتا، هەربۆیە شارەوانی چوارتا گەڵای ئەو سورەچنارەی کردوە بە لۆگۆو ئارمی خۆی.

**زۆر جار ڕووانـدنی درەختێـك یـان دروسـتكردنی قەڵایـەك یـان نیگارێك، دەبێتە جێگەی سەرنجو تێبـینی خـەڵكی بـۆ سـەردەمەكانی دوای خۆی. وەك خەڵكی چـوارتا باسـی دەكـەنو خۆیـان شـایەدی ئەوەن كە ساڵی (١٩٨١) تیمێكی زانستی ژاپۆنی سەردانی چوارتایان كردوەو پارچەیەك لەم دارەیان بەمەبەستی لێكۆڵینـەوە بڕیـوە، دوای دوومانگ بەخەڵكی چوارتایان وتووە (ئەم دارە تەمەنی ٧٥٠)سـاڵە، ڕووبەری بنكی دارەكە ١٢مەترو ٣٧ سـم دووجایـەو لەسـێ پـەلی گەورە پێك هـاتووە، لەسـاڵی (١٩٨٧) ڕژێمـی بـەعس بەمەبەسـتی لەناوبردنی تەقاندییەوە، بەڵام دواتر لەنێو پاشمـاوەی سـوتوی خۆیـدا سەری هەڵدایەوە، وەك ئەوەی بەدوژمن بڵێت منیش كوردم و لە پێ ناكەوم، بەدرێژایی مێژووی دورو نزیك ئەم دارە یادگـاری دڵـدارانی چوارتای هەڵگرتووەو عاشقەكان بەپیت ناوی دڵـدارەكانیان لەسـەر هەڵكەندوە.**



لەکۆندا ئەم سورەچنارە لانەی هەنگ بوەو پورەیان لە نێو لقو قەدەکەیدا داوە، بەدرێژایی مێژوو شانەو بەرهەمی هەنگوینی نێو درەختەکە پارێزراوبوەو بەهیچ شێوەیەك خەڵکی ناوچەکە لێی نزیك نەبونەتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی مەزارگەی (پیراڵك)کە لە نزیك سورەچنارەکەدایەو مێژوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئیسلام، بەگوێرەی وتەی مێژوناسان پیراڵك زەردەشتییەو لەلای خەڵکی چوارتا بەپیرۆز دانراوە... بەتەمەنەکانی چوارتا دەگێڕنەوە بەرهەمی هەنگوینی درەختەکە هێندە زۆربوە بە قەدی دارەکەوە چۆڕاوەتەوە.

**لە بەرهەمێکی شیعریدا جەمال شارباژێڕی بۆ پیراڵك دەڵێت:**



لەسەر( پیراڵك )ی نزرگەو نزار
باوەشێنم کا .. سێبەری خەستی
سمۆرەی سرکی زیتەڵەی سەردار
بهێنمە خوار بەخۆشەویستی
دڵنیای بکەم کە دڕندە نیم
زیانو زامو سزا بێ نیازم
بەڵکو دڵدارو زەدەی دیدەنیم
بۆهەمووگیانێ ، ژیان ئەخوازم



ئـــەم درەختـــە لەســـەر سەرچاوەی کانییەکە، کە پێشـتر کـانی ژنـان بـوەو دواتـر بۆتـە پـرۆژەی ئـاوی شارۆچـکەی چوارتا، هەر جـەمال شـارباژێڕی شاعیر بەم جۆرە لە شـیعرێکیدا وەصفی کانیەکەو سورەچنارەکە ئەکات و ئەڵێ:

سورە چناری سەرمایەو سایە
بازۆڵەی پتەو .. هەتا بتەوێ
سەدان لق لاقی لەقەدیدایە
قەت قۆڵو باڵی باڵای نانەوی
سورەچناری پیرە کچی شەنگ
لە عەشق و عیشوەو نازی ناکەوێ
هەتا ساڵ بێتو ساڵ بڕوا ئاهەنگ
لەدەمو دیدەو دڵیا ناخەوێ
خۆی هەڵ کردوەو پێی لەئاوایە
ئەمو ئەو ئەشوا بەم دەستو بەو دەست
وردو درشتی لەناو چاوایە
بەخەندەی لێویان دڵشادەو سەرمەست



نهێنی هەموو کچێکی لایە
ئەوەنــدەی گــوێ بــۆ ڕاز
شل کردوە
تاڵـــــە مــــووی هـــــەموو
پرچێکی لایە
ئەوەندە دەستی لە مل کردوە

لەبەشی ڕۆژئاوای چـنارە گـەورەی چـوارتاو بـەدووری (۲۰۰) مەترێك لە بن شاخی سەر قەلاَت، ئەشکەوتێکی بچوك هەیە بـەناوی (مام سال) کە لە ناوی سالحەوە هاتوە، چونکە لەکۆندا صالَح ناوێك ناو بەناو خۆی تیا حەشارداوە، دواتـر خـەڵکی ناوچـەکە سـودیان لێ وەرگرتــوە، لــەکاتی جـەنگو بۆردوومـانکردنی چـوارتا، مێـژووی ڕودانو ناونـانی ئـەم ئەشـکەوتە ئەگەڕێتـەوە بـۆ (۳۰۰) سـاڵێك لەمەوبەر ،بـەهۆی دارِمـانی گابـەردەکانیو ڕۆچـونی بـۆ خـوارەوەو کەوتنی بەرد بەسەریا، ئەشکەوتەکە تەواو بچوك بۆتەوە.

لەبەشی باکوری ڕۆژئاوای شارۆچکەی چوارتا شاخێکی بەرز بۆتە شورایەکی بەهێز بۆچوارتا کە بە( شاخی قەلێ ) ناسـراوە، وەك باسـی دەکەن لەسەردەمە کۆنەکاندا هێلانەی قەل بووەو هەر بەناوی قەلەوە ناوزەد کراوە، ئەم شـاخە بۆتـە گەنجینـەی بـیرەوەریو مێـژوویی بـۆ

خەڵکی ناوچەکەو چەند شوێنێکی گرنگی لێیە لەوانە(ئەشکەوتی قەڵێ)، (بەردەبوکێ)، (بەردی قەڵێ).

ئەم شوێنەوارانە لە ئەدەبیاتی شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوەو شاعیر (جەمال شارباژێڕی) لە باسی بەردەبوکێ دا ئەڵێ:

لەسای پەیکەری ئەسپی بێ زینی
سنگ پانی شاخی بەردی قەڵێ دا
کەوا نیشانەی شێی نەبەزینی
هەڵگرتوە، وەك نەعرەتە لێدا
************
لە بەردی بوکێ گوێ بۆ چیرۆکی
پەنجەی خەناوی‌و خوێناوی شل کەم
گوڵێك بوون زاوا دای لە بەرۆکی
بامنیش دەستی شیعری لە مل کەم

ئەوەی خەڵکی ناوچەکە لەبارەیەوە ئەیزانن دوو بۆچون هەیە بۆ بەردەبوکێ، کەهەردوو بۆچونەکە پەیوەستن بە سەردەمانی کۆنەوە، یەکەمیان" گرێدراوی چیرۆکێکی هاوسەرگیری لە کۆندا، کاتێك بوك دەهێنرێتە ناوچەکە ئەچێتە سەر ئەو بەردەو ئەڵێ نایەمە خوار تا موڵکێکم



لیَ قەبەلَ نەکەن ، ئەوانیش مولَکەکە ئەکەن بەناوییەوە و پاشتر بەردەکە ناونراوە بەردە بۆکیَ، بۆچونی دووەم ئەوەیە" لە کۆندا هاوسەرگیری زیاتر بەهۆی (ژن بەژن )ەوە بووە.

واتە: ئافرتێکیان بەخشیوەو ئافرەتێکی تریان پێدراوە، ئەو شوێنەی بۆتە ئالَوگۆڕی بوکەکان نزیك ئەم بەردە بووە بۆیە پێیان وتوە بەردە بوکیَ، ئەم بۆچونە بەهێزترە لەبەر ئەوەی لە زۆرشوێنی کوردستان بەردەبۆکیَ بونی هەیە.

(بەردی قەلیَ) یەکێکی ترە لەو شوێنە گرنگانەی کە لای خەلَکی چوارتا بە بایەخەوە سەیر ئەکرێتو لە بیرەوەریاندا ماوەتەوە، تەنانەت خەلَکی گوندەکانی دەوروبەری چوارتاش سودیان لەم بەردە وەرگرتوە، پێش ئەوەی کاتژمێر بێتە ئەم ناوچەیە، خەلَك بە دانانی هێمای دارو درەختو شاخو بەردو بە گوێرەی بەرکەوتنی روناکیو سێبەرو قەبارەی مانگو دیاردەی سروشت کاتەکانیان دیایکردوە، ئەو کەسانەی بەم کارە هەلَساون پێیان وتراوە (ئەستێرە ناس) لە ڕێگەی ئەزمونی خۆیانەوە کاتو وەرزییان دیاریکردوە، ئەم بەردی (قەلێیە) لەکۆندا بۆئەو مەبەستە بەکارهاتوە.

هەر بەشاخی قەلێوە، ئەشکەوتێك هەیە بۆتە جێگەی باسی خەلَکی چوارتاو زۆربەیان یادگاریان لەگەلَیدا هەیە، لەبەر سەختی شوێنەکەیی و جولَەی گابەردەکانیو هەرەس هێنانی گلَو بەردو تێکچونی ڕێگا کۆنەکەی ئاسان نیە مرۆڤ بچێتە ناوی، بەلاَم ئەم ئەشکەوتە پەناگەیەکی

بەهێزی خەڵکی ناوچەکە بوەو لەکاتی جەنگ و ئاشوبدا پەنایان بۆ بردوە، لەسەردەمی عوسمانیەکانو حوکمرانی مەلیکیو سەردەمی بەعسی ڕوخاودا هەرکاتێك مەترسی لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە دروست بوبێت ڕاستەوخۆ پەنایان بۆ ئەم ئەشکەوتە بردوەو خۆیان لەدەستی دوژمن پاراستوە. هەرئەم ئەشکەوتە بۆتە پاراستنی نهێنی و ئەرشیفی شۆڕشگێڕانی شارۆچکەکە، کەسێکی خەڵکی چوارتا کەناوی (صدیق حاجی قادر)ە لە ساڵی (١٩٤٨)بۆ ساڵی (١٩٥٨)، واتە (١٠) ساڵ هەموو کتێبە سیاسییەکانی خۆی کە لەو سەردەمەدا یاساغ بون لەنێو ئەم ئەشکەوتەدا حەشاریداون وەك کتێبخانەیەك بەکاریهێناوە، سدیق حاجی قادر ئەندامی حزبی شیوعی بووەو بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە بەردەوام مەترسی لەسەر خۆییو کەرەستەو دەستنوسو کتێبە سیاسییەکانی هەبوە .

بونی ئەم شوێنەوارە مێژووییانە، کەرەستەیەکی گرنگی شوناسی نەتەوەیینو پێویستە لایەنی پەیوەندیدار پارێزگارییان لێبکات و نۆژەنیان بکاتەوە، تاکو ئەم شوێنەوارانە بەزیندوویی گوزارشت لە مێژووی خۆیان بکەن، لەهەمانکاتدا دەتوانرێت بکرێنە هۆکارێکی گرنگی ڕاکێشانی گەشتیارو ئارەزومەندانی ناسینی شوێنەوارو مێژوی نەتەوەی کورد.

**سەرچاوەکان:**


١. ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ (جەمال شارباژێڕی)

٢. ئاوێزان بوونی سروشت و مێژوو( ڕەووف محەمەد ئالانی)

٣.خەڵکی بەتەمەن و شارەزای ناوچەکە

## بەسەرهاتی کەڵەشێرەکەی ماوەت





ئاسەواری دێرینی ماوەت کەوتۆتە بەشی باشوری ئێستای قەزای ماوەتو بە ماوەتە کۆن ناسراوە، سەردەمانێك ئەوێ، ناوەندی سەرەکی نیشتەجێبوونی خەڵکی ماوەت بوەو سیمای دیاری شارستانی ناوچەی شارباژێڕ بوە، بەڵام بەهۆی ڕووداوێکی مێژووییەوە کە تائێستا نەوە دوای نەوە وەك چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەگێڕدرێتەوە، بە ئێجگارەکی لەگەڵ زەویدا تەخت دەبێتو دواتر لە نزیکە ئاسەوارەکەیدا ماوەتی نوێ دروستدەکرێتەوە .

دەگێڕنەوە لەساڵەکانی (١٢٦٠ بۆ ١٢٧٥)زایینی، مەغۆلەکان پاش هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو داگیرکردنی وڵاتانی ( کازاخستان و ئۆزبەکستانو تورکمانستانو ئێران وعێراق)، دەگەنە ناوچەی شارباژێڕو کاولکارییەکی زۆر لەناوچەکەدا ئەنجامدەدەن، ئەم پرۆسەیە لەدوای سەدەی سیانزەی

**کۆچی لەمەنگۆلیاوە دەست پێدەکات، لەساڵی ( ١٢٥٣ )زایینـدا شاری بەغدا داگیرئەکەنو کۆتایی بەخەلافەتی عەباسی دێنن. لەدوای ئەم داگیرکارییەشەوە بۆماوەی زیاتر لە(٤٥)ساڵ دەسەلآتی خەلافـەتی ئیسلامی کۆتایی دێت .**

**مەغۆلەکان هێرشیانکردۆتەسەر هەرگوندو شارێك کە مزگـەوتو پەرستگا ئایینییـەکانی تێدابووبێت، دانیشـتوانی ماوەتـە کـۆنیش لـە پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام بوونو مزگەوت لە گوندەکەدا هەبووە، بۆیە ڕووبەڕووی هەمان هێرشی مەغۆلەکان بووەتەوە.**



**لەسـەروبەندی ئـەم هێرشـە کاولکارییـەدا، چـیرۆکێکی ئەفسـانەیی سـەرنجڕاکێش باسـدەکرێت کەڕۆڵی گـەورەی هـەبووە لە پاراستنی گیـانو مـاڵی دانیشتوانی گوندەکە، ئەو چیرۆکە بە کەڵەشێرەکەی ماوەت ناسراوە.**

دەگێڕنەوە، ئەو ئێوارەیەی مەغۆلەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر گوندەکە، تەواوی کەڵەشێرەکانی ماوەت دەست بە خوێندن ئەکەنو هەڵدێن بەرەو بەرزاییەکانی پشتی ماوەت.



پیرەپیاوانی ماوەتیش، ئەم کاردانەوەیەی کەڵەشێرەکان بە شتێکی نامۆ لە قەڵەم دەدەنو دەڵێن ئەم خوێندنە ناوەختە ئاماژەی ڕوودانی ئاشوبو مەینەتییە .

ئەو ڕۆژە سوپایەکی نەناسراو لەدەشتی خوار ماوەتە کۆنو ماوەتی ئێستا بارەگای خستوە ،ڕیشسپییانو کەسانی جێگەی باوەڕ لەماوەت، نوێنەر ئەنێرن تا ئەم سوپایە بناسنو نیازو مەرامیان لەمانەوە لەوشوێنە بزانن. دوای وەرگرتنەوەی وەڵام لەسوپا نەناسراوەکە کە گوایە ڕێبوارنو هیچ مەبەستێکی خراپیان نیە، ئەوانیش دڵنیایی وەرئەگرنەوە، بەڵام هەندێك لە دانیشتوانی گوند خوێندنی کەڵەشێرەکان لەو کاتە

ناوەختەدا بەهەند وەرئەگرن، هەربۆیە لەهێرشی ئەم سوپایە بۆسەر ماوەتە کۆن بەرگریەکی باش ئەکەن کە تیایدا میر هەمزەو زۆرێك لەجەنگاوەرانی شەهید ئەبن کەئەو کات میری ماوەت بووە، لە دوای ئەم ڕووداوەوە کەڵەشێر دەبێتە سمبولو هێمای گوندی ماوەتو پیرۆزییەکی بێوێنەی پێدەبەخشن، بەجۆرێك سەربڕینی کەڵەشێر نەوە دوای نەوە حەرام دەکەن.

خوێندنی کەڵەشێر، لەزۆر شوێنی دنیاو لەکوردەواریشدا لەکاتی ئێوارەندا بەناوەخت دانراوە، واتە ئەوکاتە کاتی خوێندنی کەڵەشێر نیە، لەزۆر شوێن کە ئێواران خوێندبێتی کەڵەشێرەکەیان سەربڕیوە بۆئەوەی هەر خۆی بکەنە قوربانی ئەو قەزاو قەدەرەی ڕوو لەو شوێنە دەکات، یان وایان هەست کردوە ڕووداوێکی خراپ ڕوئەدات، هەربۆیە ئامادەکاری کراوە بۆ ئەو کاتانەی کەڵەشێر لە ناوەختا بخوێنێت. چونکە کەڵەشێر یان بەیانیان ئەخوێنێت کە هێمای هاتنی ڕۆژێکی نوێیە و زۆر جاریش لەنیوە شەوە ئەخوێنێت یان لە نیوەڕۆدا ئەخوێنێت کە ئەو کاتانە کاتی خوێندنی ئاسایی کەڵەشێرە .

کارەساتی ماوەتە کۆنو کەڵەشێرەکەی گەواهیدەری ئەم باسەی کەڵەشێری ناوەخت ئەسەلمێنن.

هاوکات کەڵەشێر بەیەکێك لەوپەلەوەرەماڵیانە ئەژمار دەکرێت کە هەواڵی پێشوەخت دەگەێنێتە خەڵکی، ئەمە تایبەتمەندی کەڵەشێرە وەك ئەزموون لەلای مرۆڤ تاقیکراوەتەوە.

لە بەشێکی دیکەی گەلانی دنیادا، هاوشێوەی ماوەت، بە هۆکاری جیاواز کەڵەشێر هێماو ڕەمزەو پیرۆزکراوە، دیارترینیان وڵاتی فەرەنسایە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە تەواوی سێکتەرە جیاوازەکانی ژیاندا هێماو وێنەی کەڵەشێر ئامادەیی هەیە، وەك سمبولی نەتەوەیی وێنای دەکرێت. حەقیقەتی پیرۆزبوونی کەڵەشێر لەلای فەرەنسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێش زایین، لە یەکێك لە چیرۆکە کۆنەکاندا هاتووە کە کەڵەشێر سمبولی ئایینی وڵاتی گال بووە لە سەردەمی حکومڕانی ڕۆمەکاندا، گال پێشی دەوترێت وڵاتی باکوری خۆرئاوای ئەوروپاو سنوری ئێستای فەرەنساو بەلجیکای لەخۆ گرتبوو، وێنەی کەڵەشێر لە هەندێك کاری پەیکەرسازیو چیرۆکی دێرینی ئەو وڵاتەدا بەدیدەکرێت کە پاشتر ئەم نەریتە بۆ فەرەنسییەکانیش ماوەتەوە.

کەڵەشێر لەلای فەرەنسییەکان وەك هێمای بەرگریو سەرکەوتنو نەبەزین وێناکراوە، لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا بەتایبەت لەو ساتانەی کەنیسەکانی کاسۆلیکی باڵادەست بوون، کەڵەشێر وەك هێمایەکی دینی مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو بەستراوەتەوە بەگەڕانەوەی مەسیح، لەگەڵ پاشەکشەی کەنیسەکانیشدا هێمای کەڵەشێریش پاشەکشەی کرد لەناو فەرەنسییەکاندا، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی

فەرەنسی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا، وێنەی کەڵەشێر بەبەهێزی گەڕایەوەو وەك هێمای گەشەسەندنو ڕاپەڕین لە زانستی نوێی فەرەنسادا جێگەی خۆی کردەوە. دواتر کەڵەشێر بە ناسنامەی فەرەنسییەکانەوە بەسترایەوەو وەك هێمایەکی نا فەرمی ناسێنرا، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆیەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستیشدا وێنەی کەڵەشێر خرایە سەر دراوی ئاڵتونی فەرەنسیو لە چاپدرا، لە ساڵی ١٩٠٨ دا لەلایەن یەکێتی فەرەنساوە وەك هێمای وڵاتەکە ناسێنرا هەتاکو ئێستا.

وێنەی کەڵەشێر بەشێوەیەکی بەرفروان خۆی خزاندۆتە ڕۆشنبیری وەرزشی فەرەنسییەوەو لە یارییەکانی (ئۆڵمپی، ڕەگبی، تۆپی پێ)دا بەئاشکرا بەدیدەکرێت، لەسەر درێسی وەرزشی هەڵبژاردەکانی فەرەنسادا وێنەی کەڵەشێر هەیە وەك هێمای بەرگریو کێبڕکێو خۆبەدەستەوەنەدان، ئەم نەریتە بەشێوەیەکە، هەڵبژاردەی تۆپی پێی فەرەنسا بە هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکان ناسراوە.

ئەم چیرۆکەی کەڵەشێرەکەی ماوەت ئەگەر لەهەر وڵاتێك یان لەهەر شوێنێکی تر ڕووی بدایە، بێ دوودڵی دەکرایە بابەتێکی گرنگی فەرهەنگیو مێژووییو هونەریو کاری زۆر باشی لەسەر دەکرا، بەڵام مایەی داخو غەمە کە وەك پێویست، ئاوڕ لەم چیرۆکە نەدراوەتەوە.

وەك هەنـدێك كەسـی شـارەزای نـاو قـەزای مـاوەت ئاماژەیـان بۆكرد،پاراستنی گوندی ماوەت لەلایەن میرهەمزە كە ئەوكات كەسی یەكـەمی گوندەكـە بـووە، بـە پلانێكـی سـەبازی بـاش دارێـژراوەو جەنگاوەرەكانی بەسەر ٣ قۆڵی سەرەكیدا دابەشكردووە بەم شێوەیە:

**قۆڵی میر هەمزە**

ئەم قۆڵە سەربازگە بـووەو مـیر هـەمزەو چـەند سـەد سـەربازێك لەوشـوێنە بـوونو چـاودێری هـەرجموجۆڵێكیان كـردوەو ئامـادەی پارێزگاری بوون لەماوەتە كۆن، ئەم قۆڵە ئەكەوێتە خۆرئاوای ماوەتـە كۆن بە یەك كیلۆمەتر.

**قۆڵەسپان**

لەوشەی( قـۆڵی ئەسـپان)ەوە هـاتوە بـە (٥٠٠) مـەتر ئەكەوێتـە باكوری ماوەتە كـۆن، ئـەم جێگەیـە بـۆ ڕاهێنـانی ئەسـپ سـواریو ڕمبـازیو شـیربازی بـەكارهاتوە بـۆ ئەوگەنجانـەی ئەبنـە سـەرباز لەسوپاكەی میر هەمزە.

**قۆڵی مازوو**

ئەم قۆڵە نزیكترین جێگەی ماوەتـە كۆنـەو گۆڕسـتانی گوندەكـە لێبـووە، ئـەم شـوێنە (٢٠٠بـۆ٣٠٠)مـەتر ئەكەوێتـە خۆرهـەڵاتی ماوەتەكۆن، ناونانی ئـەم قۆڵـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی كـە درەختـە سروشتیەكانی هەمووی دارمازوو بووە.

## قۆڵی گندۆر

قـۆڵی چـوارەمی پلانـە سـەربازییەکە بـووەو ئەکەوێتـە باشـوری خۆرهەلاتی ماوەتە کۆن بەدووری یەك کیلۆمەتر، دیارە وشەی گندۆر بەمانای کالّەك دێـت، پـێ ئەچـێت شـوێنی کشـتوکالّی ماوەتـەکۆن بوو بێت بۆیە ئـەم نـاوەی وەرگرتـووە، تائێسـتاش شـوێنی کشـتوکالّ کردنە.

لـەئێستادا ئەوەی لەناوچەکەدا ماوە تەنها ماوەتی نوێیەو نـەوەکانی دانیشتوانی ماوەتە کۆن لـێرە نیشتەجێن، ئێمە پێمان باشبوو لـەنزیکەوە ڕیش سپیو خەلّکانی بـە ئـەزمونو شـارەزا لـەو ڕووداوە مێژووییـە بدوێنینو ئەو ڕاستیەمان بۆدەرکەوت، کە ئەم چـیرۆکە دەمـاودەم بـۆ نەوە دوای نـەوەکانی مـیر هـەمزە ماوەتـەوەو خـەلّکی ئـەم ناوچـەیە شـانازی بەمێژووەکەیانـەوە دەکـەن، ئـەوان نـەوەی جـەنگاوەرانو پارێزەرانی ماوەتە کۆنن کە نزیکەی ٨ سەدە بەر لـەئێستا بەرگرییەکی بێوێنەیان لـە گوندەکە کرد، ئەمان بە شانازییەوە لـەو مێژووە دەدوێنو دەڵێن، ئەو ڕووداوە جۆرێکی پاکتاوی نەژادی بووە کە بەرامبـەر بـە کـوردانی دانیشـتوانی گوندەکـە کـراوە هاوشـێوەی ڕووداوەکـانی ئەنفالو کیمیاباران .

لـەدوای ڕووداوەکە، بەشێك لـەدانیشتوانی گوندەکە ناگەڕێنەوە بۆ ماوەتە کـۆنو لـەشـوێنی تـر نیشـتەجێ ئـەبن. نمونـەی ئەوشـوێنانەش گەڕەکی ئابلاخی سلێمانیو گوندی ماوەتان لـەناوچەی مێرگەسور.

لەجـەنگی کەڵەشـێری ماوەتـدا کـە بەسـەرکەوتنی خەڵکەکـەی کۆتایی هات ، واباس دەکرێت خەڵکی ماوەتـەکۆن دەسـت کـەوتی زۆریان دەبێت لە چەكو وولاٌغ، لە هەمانکاتدا چـەند ئافرەتێـك لـە دوژمنان بـەجێ دەمێـنن، دواتـر بـەپێی نـەریتی ئـایینیو کۆمەڵایـەتی ئەوکاتەی ماوەت، لەخەڵکی خۆیان مارەیان دەکەن، لەئێسـتادا ئـەو خێزانانە بە بەرەی بنەجوو ناودەبرێن.

ئەم ڕووداوە مێژوویـیـە، نـەریتی سـەرنەبڕینو پـیرۆزی کەڵەشـێر بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە بۆ ماوەی ٧ سـەدە دانیشـتوانی مـاوەت پەیڕەییان لێکردوە، نەریتەکەش تەنها سەرنەبڕینی کەڵەشێر بوو، نەك نەخواردنی، چـونکە لـەکاتی میوانداریـدا ئەگـەر خـەڵکی مـاوەت گۆشتی کەڵەشێرییان بۆ دابنرایە، دەیانخوارد، ئەم نەریتە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەناو ماوەتییەکاندا باوبوو تـا سـەرەتای حـەفتاکانی سـەدەی ڕابردوو.

## شارستانیەتی دێرینی زەرزی




لـــــەدوورەوەڕا، لـــەبنارو پێدەشـــتێکی فراوانـــدا، لەســـەر ســـنگی پیرەشـــاخێك پاشماوەی ئاســەوارێکی هـــــــــــەڵکۆڵراو بەشـــێوازێکی ووردی ئەنـــدازەیی بەرچـــاو دەکـــەوێ، تولەڕێیـــەکی پلیکانـــەکراو بـــە قـــەدپاڵی شـــاخەکەدا هـــەتا بـــەردەم شـــوێنەوارەکە ئاڕاستەمان دەکات، بۆ گەیشتن بەشوێنەوارەکەش، سەکۆیەکی ئاسنینی پلیکانـــەکراو بـــە بـــەرزی شـــوێنەوارەکە جێگیرکـــراوە، گەیشـــتن بـــەم شوێنەوارە دەستگەیشتنە بە بەڵگەیەکی زینـــدووی مێـــژووی هـــەزاران ساڵەی ئێمـــە، ئاشـــنابوونە بەســـەرەداوەکانی مێـــژووی فـــەرمانڕەوایی‌و شارستانیەتیە دێرینەکانی ئەم ناوچەیە.

کورد نەتەوەیـــەکی دێرینـــی ئـــەم ناوچـــەیەیە، هـــەزاران ســـاڵە لـــەم سەرزەمینە ژیان دەکاو خەباتی بەرگری و مانـــەوە دەکـــات، بەڵگـــەی مێژووی دێرینی ئێمە لێرە، ئەو سەدان شوێنەوارە بەنرخەیە کە تائێستا ماونەتەوە، بەڵام ئەفسوس نەمانتوانیوە وەك پێویســـت کاریـــان لەســـەر بکەین و بـــە نـــەوەکانی داهاتومـــانی ئاشـــنا بکـــەین، وەك ئەرشـــیفێکی نەتەوەیی بیانپارێزین‌و لـــە ڕووی ئەکادیمیـــەوە کـــاری جـــدیان لەســـەر

بکەین، بەڵگـەشمان ئەوەیـە سـەردانی هـەر ناوچـەیەکی شـوێنەواری دەکەین لـەسەر مێژووییەکەیان ڕاوبۆچـونی جیـاواز هەیـەو بەتـەواوی ساغ نەکراونەتەوە، یان وەك پێویست کنـەو پشـکنینیان تێـدا ئـەنجام نەدراوە، تەنانەت لەزۆر شـوێن کەوتونەتەبـەر شـالأوی لـەناوبردنو دزینیانو گۆڕینی فۆڕمو پێکهاتەکانیان.

لەم گەشتەماندا سەردانی ناوچەیەکی گرنگی مێژوویی دەکـەین ، کە بۆتە سەرچاوەی زۆربـەی توێژینـەوەکانی ڕۆژئـاوا ،ئـەویش دێـی زەرزیە لـە ناوچـەی چـەمی رەزان، دێـی زەرزی بـەپێی جوگرافیـای ناوچـەکە بەچـەند گونـدێك دەورە دراوە لـە ڕۆژهەلأتـەوە دێـی عیسابەگی ، لە ڕۆژئاوا دێی قۆچبلاغ ، لـەباکورەوە گونـدی شـێخ زەینەڵ ،لەباشورەوە دێیەکانی کانی هەنجیرو عەوالأن لەدەسـتە چـەپی ناوچـەی (تـابین)ی سـەر ڕێگـای سـلێمانی- دووکـان، لەوێشـەوە ڕێگایەك دەچێتەوە چەمی ڕەزان ، گوندی زەرزی لەسـەر ڕێگاکەیـە، ئەم گوندە ناوەکەی لـە (سـەر زێ)ەوە هـاتوەو بـووە بـە زەرزی ، گوندی زەرزی بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی بۆی ئەنجامدراوە یەکێکە لە گونـدە هـەرە کۆنـەکانی مێـژووی مرۆڤایـەتی، سەرچـاوە کۆنـەکان لەبواری مێـژوودا بـە شارسـتانی کـۆنی زەرزی نـاوی دەبـەن، دوو ئەشـکەوتی زۆر کـۆن لـە بـاکوری گوندەکـە هـەن بـەناوەکانی (ئەشکەوتی دمدمان)و (ئەشکەوتی زەرزی)، بەپێی بەڵگە مێژووییەکان ئەم ئەشکەوتانە زۆرکۆنن، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی

ناوەڕاست،ئەم چاخە بە سەرەتای گۆڕانکاری ژیانی مـرۆڤ دادەنرێـت چونکە لە ئەشکەوتەوە بەرەو ژیانێکی تر دەڕوات کە کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداریە.



لەساڵی (١٩٣٦) بەردێك لەبەردەمی ئەشـکەوتی زەرزی دۆزراوەتەوە بەخەتی بزمـاری لەســەری نوســراوە، ئێســتا لەمۆزەخانـــەی بەغدایـــە، هاوکات لە دەرئەنجامی کنـەو پشکنینی شوێنەوارناسان چەند بەردێکی وورد دۆزراونەتـەوە کە ناوی (بـەردی ئبزیـدی)ە، بەردێکی وردی تیژی شێوە شوشەییە وەك ئەڵماس، ئەمە یەکێکـە لـە بەڵگە زینـدووەکانی کنـەو پشـکنینەکانی شارسـتانێتی زەرزی، بۆیـە شوێنەوارناسان لەسەر ئەو بنەمایـە گەیشـتونەتە ئـەو بڕوایـەی زەرزی شارستانیەکی کۆن بووە.

هەرلــە ناوچــەمی ڕەزانو نزیــك دێــی زەرزی، شــوێنەوارێکی هەڵکۆڵراو لە شـاخەکە هەیـە بـەناوی قزقاپـان، ناوەکـەی تورکیـە، بەمانای (کـچ ڕفـێن) دێـت، ئـەم ناولێنانـە تازەیـەو دەگەڕێتـەوە بـۆ

دەستبەسەراگرتنی ناوچەکە لەلایەن عوسمانیەکانەوە ،کە شەش سەدەی خایاندوە .

ئەم نەخشە هەڵکۆڵراوە بەدووری کیلۆمەترێك کەوتۆتە باکوری ڕۆژئاوای دێی زەرزی، نەخشێکی هەڵکۆڵراوی دەستی مرۆڤە، قزقاپان کەوتوەتە لای دەستە ڕاستی چیای سەرسەد لەزنجیرەچیای سارا، نەخشەکە بە بەرزی( ١٠) مەتر لە سەر ڕووی زەویەوە هەڵکۆڵراوە، بە شێوازێك بینا کراوە کە مرۆڤ بە بێ بەکارهێنانی پەیژە نەتوانێت پێی بگات، ئەمەش پێئەچێت بۆ پاراستنی نەخشەکە بوبێت لەدەستی مرۆڤ . ئەو ناوچەیەی ئەم نەخشەیەی لێهەڵکۆڵدراوە ( ٥٥)کم دوورە لە شاری سلێمانیەوە. لەدەستە چەپی ناوچەی (تابین)ی سەر ڕێگای سلێمانی- دووکان، لەوێشەوە ڕێگایەك دەچێتەوە چەمی ڕەزان و بە گوندی عیسابەگیدا دەگاتە گوندی زەرزی، قزقاپان سالّی ١٩٤٩ چووەتە لیستی شوێنەوارەکانی عێراقەوە، لە فەرمانگەی شوێنەواری سلێمانی، دۆسێی ژمارە ٣/٣٧ بۆ کراوەتەوە.



## نەخشەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە



**بەشـــی یەکـــەم:** لەهـــــــــــەیوانێك پێکهـــــــــــاتووە کەدرێژییەکـــــــەی ٧مەترو پانیەکـەی ٢ مـــــــــەترو ٥٠ ســــــــانتیمەترەو بەرزیەکەشـــی نزیـك بە ٤مەترە، ڕووگەی ئەم هەیوانە بە شێوازیکی هونەری هـەڵکۆڵڕاوە کە لە کۆشك ئەچێت.

دوو پایەی ئەستوور لە ناوەڕاستی هەیوانەکەدا هەیە کـە سـەربانی هەیوانەکەی هەڵگرتووە و بەرزییەکـەیان ٣ مـەترو ٧٠ سـانتیمەترە. پایەکان لەسەر دوو بنکەی بازنەیی دانراونو سـەربانی نەخشـەکەیان هەڵگرتووە، بەشـی سـەرەوەی پایـەکان دوو بازنـەی لوولپێچـی لـە نێوانیاندا هەیـە، کـە نەخشـێك لـە شـێوەی پـەڕەی گـوڵ لەسـەری هەڵکۆڵڕاوەو کۆتایی پایەکانی پێ ڕازێنراوەتەوە.


سەربانەکە لە شێوەی (دارەڕا) دروستکراوە، ئەم شێوازە تا ئێستاش لە هەندێك خانووی گڵ لە گوندەکانی کوردستان بەکاردێت.



**بەشی دووەم:** پێکهاتووە لە دوو پیاو کە لەناوەڕاستی نەخشەکەدا بەرامبەر یەك وەستاون، سەکۆیەك لە شێوەی (ئاگردان) لە یەکتریان جیائەکاتەوە، هەردوو پیاوەکە دەستی ڕاستیان بۆیەکتر بەرزکردووەتەوە لەشێوەی سڵاوکردن.

(دیاکانۆڤ )پێی وایە کەسی لای چەپ موغەو ئەوی لای ڕاست پادشایە، ئەڵێت، وەك وتراوە (کەیخوسرەو) لە قزقاپان نێژراوە. شوێنەوارناسان پێیان وایە پیاوی لای ڕاست پادشای لیدیەکان (ئیلیاتسە) کە لەنێوان ساڵانی ٥٦٠-٦١٧ پێش زایین ژیاوە، پیاوی لای چەپیش، پادشای میدییەکان (کەیئیخسار یاخود (کەیخوسرەوە) کە لەنێوان ساڵانی ٥٨٥ -٦٢٧ پێش زایین ژیاوە.

لە بەشی سەرەوەی نەخشەکە، هێمای سێ خواوەند نەخش کراوە، هەر یەك لەو هێمایانە لە لایەن گەلانی میزۆپۆتامیاو ئێرانییەکانەوە پەرستراون.



هێمای لای ڕاستی نەخشەکە هی خواوەند (ئاهورامەزدا)یە کەخواوەندی ڕووناکیو هێنانی بەرەکەتە لەئاینی زەردەشتیدا. هێمای ناوەڕاست هێمای خواوەند(سن)ە کە لەلای بابلییەکان بەخواوەندی ڕووناکی ناسراوە، هێمای لای چەپیش گوزارشت لە خواوەندی خۆر(شەمەش) دەکات.



**بەشی سێەم:** لە پشت نەخشە سەرەکییەکەوەیە، بریتییە لە سێ ژووری بچووکی هەڵکۆڵراو کە بەدوو دەرگا تێکەڵی یەکتر دەبنەوە. لە ناو هەر ژوورێکدا چاڵێك هەڵکەندراوە کە لە گۆڕ دەچن، هەر سێکیان لە گۆڕی ئاسایی بچووکترن.

تائێستا هیچ کارێکی کنەو پشکنین لە نزیک نەخشەکە ئەنجام نەدراوەو هیچ جۆرە نووسینێکیش لەسەر نەخشەکە نییە، ئەمەش وای کردووە کە شوێنەوارناسانو مێژوونووسان نەتوانن بەڵگەی تەواو لەسەر مێژووی نەخشەکە پێشکەش بکەن، بۆیە ئەم بۆچونانە ئەخەینە ڕوو:

**یەکەم:** تەها باقر، کە شوێنەوارناسێکی ناسراوی عێراقە، پێی وایە مێژووی نەخشەکە بە تەواوەتی نازانرێت، کاتێك لەگەڵ نەخشە هاوشێوەکانی وڵاتی فارس بەراورد بکرێت، پێ دەچیت بۆ ساڵانی (٥٥٠- ٦٠٠ پێش زایین) بگەڕێتەوە.

**دووەم:**مامۆستا تۆفیق وەهبی نووسیویەتی: نەخشەکە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش هەخامەنشینەکان (ئەخمینییەکان) لەنێوان ساڵانی (٣٣١-٥٤٩پ.ز)، تۆفیق وەهبی ئەڵێت، نەخشەکە گۆڕی پاشای میدییەکان (غشە تریتە)یە، کە لە سەردەمی پاشا سەرحەدووندا ناوچەی شارەزووری لە دەست ئاشوورییەکان ڕزگارکرد.

**سێیەم:** سیسیل ئەدمۆنز بۆ سەردەمی ئەخمینییەکانی دەگێڕێتەوە واتە بەر لە (٥٥٠ )ساڵ پێش زایین.

**چوارەم:** هرتسفیلد وای بۆ دەچێت، نەخشەکە بۆ سەردەمی میدییەکان بگەڕێتەوە، ئەو پێی وایە هاوشێوەی نەخشێکی ترە لە باکووری خۆرئاوای ئێران- واتە خۆرهەڵاتی کوردستان.

هەرچەندە ئەم شوێنەوەرانە بایەخێکی ئێجگار گرنگی مێژوویيان هەیە لەناوچەکەداو دەکرێ سودیان لێببینرێ لە بواری گەشتیاری، بەڵام وەك پێویستە کاریان لەسەر نەکراوەو نەپارێزراون، بەشێوەیەکی گشتیش چەند فاکتەرێك بونی هەیە لەوانە:

١. تائێستا وەك پێویست نەتوانراوە بەشێوازێکی زانستی مێژووی ئەو شوێنەوارانە ساغ بکرێنەوە.

٢. حکومەتی هەرێم نەخشەوپلانی نەبوە بۆ بەدواداچوون و دانانی بەرنامەی ڕیکلامکردن و ناساندنی ئەو شوێنەوارانە بە گەشتیاران.

٣. نەبونی ڕێگای گونجاو بۆگەیشتن بەو شوێنەوارانە

٤. دانەنانی چاودێرو پاسەوان تا لەدەستی چەتەو وێرانکاران بپارێزرێنو نەشێوێنرێن .

بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی گەیشتنو نزیك بونەوە لەنەخشە هەڵکۆڵراوەکەی قزقاپان، شوێنەواری سلێمانی ڕێگاکەی چاککردووەو پەیژەیەکی گەورەی لەئاسن بۆ دروستکردوە تا ئەو کەسانەی سەردانی شوێنەوارەکە دەکەن بەئاسانی پێی بگەن، کاتێك لەنەخشە هەڵکۆڵراوەکە نزیك بوینەوە، نیگەران بوین لەوەی کەسانی بێ ئاگاو نارۆشنبیر بە ماجیكو بۆیاخ ناوی خۆیانو کەسانی تریان لەسەر نوسیوەو ئەمەش ئەو شوێنەوارەی شێواندوە، بەبینینی ئەو دیمەنە ناشیرینانە غەم دەبێتە میوانی دڵی دڵسۆزانی شوێنەوارو مێژووی نەتەوەکەمان .

دانیشتوانی ناوچەکە باس لە یەکەم سەرکەوتنی شاخەکە دەکەن، شێخ ئەحمەد شێخ کەریم ،دانیشتوی دێی زەرزی وتی، لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم، من یەکەم کەس بوم چومە ناو شوێنەوارەکە بەهۆی پەیژەی درێژ کە باوکم پەیدای کردبوو، هەروەها وتی، من دراوێکم لەناو یەکێك لە گۆڕەکان دۆزیەوە کەدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئایینی زەردەشتیو کەیخوسرەوشای میدیەکان.

سەبارەت بە گرنگی نەدانو ئاوڕنەدانەوەی ئەم شوێنەوارانە لەلایەن حکومەتی هەرێم مامۆستا (هێمن مەجید)کە دانیشتوی دێی زەرزییە وتی، حکومەت ئەتوانێت ئەم شوێنەوارانە بکاتە ناوچەیەکی گەشتیاری کە دەیان کەس هەلیکاری تێدا دەست بکەوێت و خەڵکانی بیانیو میوانیش بێنە ئێرەو باشتر بە مێژووی کۆنی نەتەوەکەمان ئاشنا بکرێن.

شوێنەوار شوناسی گەلانە، سندوقی ڕەشی بەڵگەو زانیارییەکانە لەسەر مێژووی دوورو نزیکی ئەو نەتەوانەی لەو شوێنانەدا ژیاون، لەڕێگەی شوێنەوارەکانەوە ئاشنا دەبین بە ئەزمونی ژیاری پێشینانمان، بەڕادەی پێشکەوتوویی فەرمانڕەوا دێرینەکان، بۆیە پاراستنو توێژینەوەو وەبەرهێنان تیایاندا کارێگی ئێجگار گرنگەو لەچەندین ڕووەوە سودی گەورەی ئەبێ...

**سەرچاوەکان:**

**١. گۆڤــــاری هــــەزارمێرد، ژمــــارە(٢) ســــاڵی ١٩٩٧، هێمــــا هەڵکۆڵڕاوەکەی قزقاپان ، نوسینی : مێژوونوسێك**

**٢. شارەزایان و کەسانی بەتەمەنی خەڵکی زەرزی**

**پایز و ڕازێکی قوڵ:**



پاییز، ئەو وەرزەی لای هەندێك، کەشی ماتەمەو لای هەندێکیش بەزمو سەماو ئاهەنگ، لای هەندێك بەرجەستەبوونی دیمەنی تەمو غەمو حەسرەتو لای هەندێکیش پەرشبوونەوەی ڕەنگە پەنهانو ناوازەو شاراوەکانی سروشت، لای هەندێك دووریو دابڕانو مەرگو لای هەندێکیش ژیانەوەو نوێبوونەوەو تازەکردنەوەی بەڵێنی عەشقە بۆ سروشت....

خوێندنەوەکان لەبارەی پاییزەوە دەیانو سەدانن، بەڵام ئەو خوێندنەوانە لە هەر دیدێکەوە سەرچاوەیان گرتبێ، دواجار ئەو ڕاستییە ناشارنەوە کە پاییز هەڵگری ڕازێکی قوڵە، هەر ئەو ڕازە قوڵەش خەسڵەتگەلێکی ئاڵۆز و پەنهانی پێبەخشیوە، وایکردووە بەچاو وەرزەکانی دیکەی ساڵەوە جێگەی مشتومڕ بێو زۆرترین پانتایی لەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا داگیر بکاو سەرچاوەی ئیلهامو غەمو هەمی شاعیرانو ئەدیبان بێ.

پاییز، زەمەنێکە تیایدا سروشت ئامادەسازی بۆ نوێبوونەوە دەکا ، درەخت بە پێچەوانەی زۆربەی بونەوەرەکانی سەر ئەم زەمینە، کە یەك

جار پیردەبن‌و دەمرن، خۆی نوێدەکاتەوەو تەمەنی لەنوێ دەنوسێتەوە، وەرینی گەڵاکان نە هەڵهاتنەو نە یاخیبوون‌و نەخیانەتە، بەڵکو تەسلیمبونە بەجەبری سروشت، بەیاساو ڕێسا ئەزەلییەکانی گەردوون. سیس بوون‌و وەرین‌و مەرگ، قەدەری هەموو گەڵایەکەو وەسیلەیەکە بۆ ژانی درەخت‌و لە دایکبوونەوەی سەدان‌و هەزاران گەڵای نوێ، لەم پرۆسێسەشدا درەخت ڕووتبوونەوەی سەرتاپای خۆی دەبینێ‌و جەستەی بۆ سروشت والا ئەکا.....



هەر چوار وەرزەکەی ساڵ خەسڵەت‌و تایبەتمەندی بەخۆیان هەیە لە ڕووی کەش‌و هەواو ڕەنگ‌و ئاوێتەبون‌و کورتی‌و درێژی شەوو ڕۆژو زۆری تر، لەوەرزی پایزدا کەش‌و هەوا مام ناوەندە، واتە نەساردەو نەگەرم، لەناو چوار وەرزی ساڵیشدا، پایز تایبەتمەندی‌و جوانی خۆی هەیەو پێی دەوترێت کۆکەرەوەی وەرزەکان.

پاییز تەمەنی لەوەرزەکانیتر درێژترە بەهۆی ئەوەی بەشێك لە بەهارو بەشێك لە وەرزی هاوین دەبات بۆ خۆی، هەرسێ مانگی (ڕەزبەرو گەڵاڕێزان‌و سەرماوەرز ) لەخۆ دەگرێت، لەم وەرزەدا ڕۆژ کورت‌و شەو درێژ دەبێ.

سەبارەت بە ئافراندنو دیدگاو تێڕوانیینە جیاوازەکان کە جوانی پاییز خولقێنەریانە.

پاییز، بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ عاشقانو شاعیرانو نوسەران، زۆر لەوانە شیعرو وتەکانیان ئاوێتە کردوە لەگەڵ کەشو تایبەتمەندییەکانی وەرزی پایز، وەرینی گەڵاکان جوانترین تابلۆی نەخشاندوە لەلایان بۆتە سەمای سروشتو تێکەڵبونی ڕەنگەکان. (ئەلبێر کامۆ) لەسەر پایز ئەڵێ : (پایز بەهاری دووەمە هەموو گەڵاکان ئەبن بە گوڵ)

هەروەها شاعیری عەرەب (نزار قەبانی) لەوەسفی وەرزی پایزدا ئەڵێ (لەنێوان وەرزی پایزو وەرزی زستاندا وەرزێك هەیە کە ناوی وەرزی گریانی دەرونەو نزیکترین کاتە بۆ ڕوانین لە ئاسمان).

لەڕووی ئەدەبەوە، شاعیرانو نوسەرانو هونەرمەندان هەریەکەو بەشێوازێکی تایبەت بەخۆی هەوڵی داوە لێکدانەوەو شیکردنەوە بۆ سروشتی پایز بکات، بەدوای شتە ووردو نەبینراوەکانیو نهێنی ئەم وەرزەدا گەڕاون، لە کلاوڕۆژنەی هۆشو بیری خۆیانەوە هەوڵیانداوە بگەن بە ڕاستیو ناسینی جوانتری ئەو وەرزە.

لەناو ئەدەبو شیعری کوردیدا، پایز زۆر بەجوانی هێما کراوەو تەنانەت هیچی لەئەدەبی جیهان کەمترنیە، زۆربەی شاعیرەکان ئاماژەیان بە پایز کردوەو کردویانە بە وێنەی جوانی شیعریی خۆیان، شاعیری ڕۆمانتیك **(عەبدوڵا گۆران)**

**لەشیعری پایزدا بەم جۆرە ئەڵێ:**



پایز  پایز
بوکی پرچ زەرد
من مات ، تۆزیز
هەردوو هاودەرد
من فرمێسکم ، تۆبارانت
من هەناسەم ، تۆ بای ساردت
من خەم ، تۆ هەوری گریانت
دوایی نایە ، دادم دادت
هەرگیز، هەرگیز
پایز ،پایز
پایز ،پایز
شان و مل ڕووت
من مات ، تۆ زیز
هەردووکمان جووت
هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگریین
ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگریین
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگریین
بگریین بگریین ..چاومان نەسڕین
هەرگیز هەرگیز....  پایز،پایز



هەروەها شاعیر (محەمەد عومەر عوسمان ) کە بەجەنەڕاڵی پایز ناسراوە، پایزی کردوە بە هەوێنی سەرجەم شیعرەکانی، دیوانی (لەغوربەتا ) تاقانە دیوانە شیعری ئەو شاعیرەیەو زۆرترین دەنگدانەوەی هەبووە لەناو نێوەندی ئەدەبی کوردیو تەنانەت ناوچەکەشدا، (محەمەد عومەر) لەچەند کۆپلە شیعرێکیدا بەم شێوەیە وێنەی پاییز دەکێشیۆ هەستو هۆشی خۆی ئاوێتە ئەکا.

کەپایز داری ڕووت ئەکردەوە
حەزمەکرد پێستم بکەمە بەری
پاڵتۆ سەوزەکەم بدەم بە شانیاو
شەبقە شڕەکەم بکەمە سەری
**********
کێ بۆخەزانی عومری من دەگری ؟
کێ بەدی ئەکا گەڵا ڕێزانی ؟
پایز فرمێسکە لەچاوی هەورا..
کوا هەوری منوقوڵپی گریانی ؟
***********

**هاوارو‌هاژەی چەمی نالێنێك**

**ئەڕژێتە گۆمی مەنگی دڵەوە**

**ئارامو ئۆقرە لەگیانم ئەبڕێ**

**وەك گەڵای پایز بەدەم چڵەوە**

**************

**پرسەیە ئەگرم بۆئەم پایزە..**

**چەند خۆشە لەبەر شەستە بارانا**

**لەسەر ئەو گەڵا زەردانە بمرم..**

**لەسای بەرامەو بۆی چنارانا**

**************

**حەزئەکەم پایزی عومرم..**

**هەوربێ لەچاوی ئاسمانا**

**گریانێك بێ ..بێ کۆتایی..**

**سەمایەك بێ لەسوتانا**

*************

**جگە لەبواری ئەدەب، پایز کاریگەری هەبوە بە سەر هونەرمەندانی شێوەکاریو لەجوانی ئەو وەرزەوە توانیویانە داهێنانو ئەفراندن بکەنو سروشتی جوانی پایز بکەنە هەوێنی تابلۆکانیان.**

**لای زۆربەی نوسەرانو شاعیران پایزو گەڵای زەرد هێمان بۆ پیریو نەخۆشیو سیسبونو خەمو ژاکاوی، ئەمە لەکاتێکدا کە هیواو**

ئاوات و ئومێدی ئەو کەسانە بکەوێتە شـەوە زەنگـی تـاریکیو هـیچ هیوایەك نەبێت بۆ ئاینده، بەلاّم بۆ لـێکچواندنی بیرو هـزری ئـەدەبیو ڕوانینو دەربڕین، نوسەر یان شاعیر وەك حالّەتێکی جوانناسی بەکاری دەهێنێتو پایز بەزمانی ئاسایی خەلّك دەناسێنێت، نمونـە وەك گـەلاّی سەوز هێمای جوانی تەمەنو لاویو خۆشیە، بەلاّم کەگەلاّکان دەگەنە پایز ئەوان وانیشان ئەدەن، کە پیربـوونو کـاتی هـاتنی مـەرگی ئـەو گەلاّیانەیە، بەلاّم لەڕاستیدا ئـەوە خـولێکی تـری سروشـتەو پۆشـینی بەرگێکی نوێی ئەو درەختانەیە، بۆخەمو ئازارو ماتەمی پایز بەم جـۆرە گۆرانی مەزن لەدیڕێکدا دەلّێت:

تەبیعەت زەردو ژاکاوە لەحالّی گیان کەنشتایە

نیشانەی ماتەمی پایز لەفرمێسکی درشتایە

وەرزی پایز لای کۆمەلّگەی مرۆڤایـەتی بەگشـتیو کۆمەلّگـەی کـوردەواری بەتایبـەتی گرنگـی زۆری هەیـە، هــەر لــەم وەرزەدا گۆڕانێکی سروشتی بەدی دەکرێـت لـەڕووی ئاووهـەواو خاکـەوە، هاوکات مرۆڤیش لەکاروکردە هزریەکانیدا چالاکتر دەبێت.

**سەرچاوەکان:**

١-دیوانی گۆران

٢-دیوانی پیرەمێرد

٣-لەغوربەتا (محەمەد عومەر عوسمان)

٤-نزار قەبانی ٥–ئەلبێر کامۆ

## سەرچنار یادگاری شیرینی شار

ئەو سەروەختەی ئامڕازەکانی گواستنەوە، سادەو ساکاربون و دانیشتوانی شار توانای دەستگەیشتنیان بە هاوینەهەوارو ناوچە گەشتیارییە دوورەکان نەبو، سەرچنار وەك ناوەندێکی نزیکی گەشتیاری بوبوە ڕووگەو ئارامبەخشی دانیشتوانی شار، بۆ هێورکردنەوەی دەرونی ئالۆزو پشودانی جەستەی ماندوو، خێزان و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لە پشوەکاندا بەتایبەت ڕۆژانی هەینی، سەردانیان دەکرد، کەم تاك و خێزان هەیە یادەوری خۆشییان لەگەڵ ئەم ناوەندە گەشتیارییەی شاردا نەبێت، هەر ئەمەش وایکردووە سەرچنار پێگەیەکی گرنگی هەبێت لە یادگەو بەرهەمی شاعیران و نوسەرانی کۆن و تەنانەت نوێش، سروشتی جوان و بونی ئاوێکی سازگارو سەوزاییەکی زۆر، ئیلهامبەخشی دەیان شاعیرو هونەرمەندی کۆن و نوێ بوە...



لەڕووی جوگرافییەوە، سەرچنار دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای سلێمانی، لەسەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، تەنها لەسەرچاوەی ئاوێکی سازگارو بونی چەند درەختێکی بەرزی چنارو سورەچنار پێکهاتووە کە لەئێستادا وەك شوێنی هاوینەهەوارەکە بەرجەستەیە، واتە هیچ خانوویەکی لەدەور نەبوە، بەڵام چەند گوندێکی نزیکی هەبوە وەك (کانی سپیکە، کانی کوردە، زەرگەتە، قلیاسان، قولەرەیسی،سۆتکە، سورگا، فایەڵ، کۆستەی چەم، کۆستەی بان، بەکرەجۆ، کانی بەردینە، هەناران، توەسپی، چەق چەق، باوەمردەو باوەگێلڵدی کە لەئێستادا شوێنەوارییان نەماوە).

لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە، ئەم گوندانە بونە سەرچاوەی ئاوەدانکردنەوەی سەرچنار لەڕووی دانیشتوانەوەو، پاشتریش خودی سەرچنار بووە ناوەندی ناحیە بۆ تەواوی ئەو گوندانە.

لەگەڵ هاتنی عوسمانییەکان، بەپێی هەلومەرجی ئەوکاتی دەسەڵاتەکانیان دەستیان کردووە بەدابەشکردنی موڵك لەو شوێنانەی داگیریان کردوون، سەرچناریش وەك ناوەندێکی گەشتیاری سەرنجڕاکێش بۆتە جێگەسەرنجی دەسەڵاتدارانو پاشاکانی، پاشتر لەسەر پادشایەکی عوسمانی تاپۆکراوە.

مێژوونوسو گەڕیدەی بەناوبانگ، (مستەر ریچ)کە لەساڵی ١٨٢٠ هاتۆتە شاری سلێمانی، پێش ئەوەی بێتە ناو شار لە

سەرچنارو لەنێو کانیو ئاوو باخاتی ناوچەکە چادری بۆ هەڵدراوە، (میستەر ریچ) لەیاداشتەکانیدا، سەرچنار بە (سورە چینا) ناودەبات، هەروەها (مێجەرسۆن)یش حاکمی بەریتانییەکان لەشاری سلێمانی بە (سورچینار) ناوی هێناوە.

(مەولانا خالید)گەورە زانای ئایینیو دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندی، کاتێك لە هیندستان دەبێت، دووری سەرچنار لە دڵەوە ئەیهەژێنێو واهەست ئەکات دڵی بە بریان بوە، ئەمەش هەستێکی پرسۆزە بۆ نیشتمانەکەی کە بەهۆی سەرچنارەوە دەری بڕیوەو حەسرەتو غەمێکی گەورەی تێدا بەدیدەکرێت، ئەو دووریو دابڕانە تەنها لەڕێگەی ڕشتنی فرمێسکی بەکوڵەوە چارە دەکاتو دەڵێت:

سینگ بە سووتان، دڵ بە گریان، شاربەشار و دەربەدەر
کێیە وەك من هەڵوەدابێ دوورە یار و بێ دیار
خوێن لە دڵما هاتە چاوو (بەکرەجۆ)یەك کەوتەڕێ
وادەکەم من چاری دەردو داخی دووریی (سەرچنار) (خالیدا) گەر ئەشقیاو چۆڵگەردو شێت نەبی تۆ لەکوێ؟
غەزنەینو کابول یا وڵاتی قەندەهار

هەندێ سەرچاوەی مێژوویی ئاماژە بەوەدەکەن: لەسەردەمی (ئەحمەد پاشا) دوامیری بابان لەسالآنی (١٨٣٨– ١٨٥٠)، سەرچنار لەشکرگا بووە، واتە شوێنی سەربازگەو مەشقو ڕاهێنانی سوپا بووە.

ناوەکەشی هەر لەو دار چنارانەوە سەرچاوەی گرتووە کە تیایدابوونو لەئێستادا نەماون.

هەر بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، سەرچنار لەسەرەتادا هەر باخو سەرچاوەی ئاوێکی سازگار بووەو شوێنی گەشتو سەیرانی دانیشتوانی شارو دەوربەری بووە، بەڵام لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆی لێ دادەمەزرێ‌و، بەمەبەستی باشتر ڕاییکردنی مامەڵەی کارگەکە،(٤٠٠)خانوو بۆ نیشتەجێ‌کردنی کرێکارو فەرمانبەرانی کارگەکە دروست دەکرێت، پاش ئەوە ئاوەدانی ڕوو



لەسەرچنار دەکاتو دەبێتە ناحیەو گوندەکانی دەوروبەری دەخرێتە سەر، دواتر دەبێتە گەڕەکێکی شاری سلێمانیو تێکەڵ بەشار دەبێتو هەر لەو سنورە دوو گەڕەکی تر بەناوەکانی (شەهیدانی سەرچنارو گردی سەرچنار) تێکەڵ بەیەك دەبن .

لە ساڵانی (١٩٢٥ بۆ ١٩٣٠)، سەرچنار لەلایەن (تۆفیق قەزازو تۆفیق وەهبی)یەوە دەکڕدرێت بەلیرەی ڕەشادی تورکی کەخاوەنەکەی یەکێك بوە لەپاشاکانی ئەوسای عوسمانی، ڕوبەری ئەوزەوییەی

لەلایەن ئەو دوو کەسایەتییەوە کڕدراوە (٣٢)دۆنم بووە، ئەم مامەڵەیە لەگەڵ کچێکی پادشاکەدا کراوە کەدوای مردنی باوکی بەمیراتی بۆی ماوەتەوە. پاش کڕینی، تۆفیق قەزاز زیاتر ئاوەدانی ئەکاتەوەو نەمامو درەختی جوانی بۆ ئەهێنێتو زیاتر ئەیڕازێنێتەوەو ماڵەکەی خۆشی ئەباتە ناو سەرچنار.

لەبەر بوونی شاخی بەردینو بوونی پێکهاتەی بەردی لایمستۆن کە کەرەستەی سەرەکی دروستکردنی چیمەنتۆیە، لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، رووسەکان کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دروست دەکەن، بونی ئەم کارگەیە فاکتەرێکی گرنگ دەبێت بۆ بوژاندنەوەی ناوچەکە لە ڕووی ئابوریو گەشەسەندنی ناوچەکە لەڕووی دانشتوانەوە، خەڵکێکی زۆر لەگوندەکانی دەورووبەرو شاری سلێمانیو تەنانەت شاروشارۆچکەکانی دیکەشەوە ڕووی تێدەکەنو جموجوڵێکی بەرفراوانی تێدەکەوێت.

بەهۆی ئەم کارگەیەوە، خانوو شوێنی نیشتەجیبوون بۆ فەرمانبەرو کرێکارەکانی دروستدەکرێتو لەو زەمەنە بەدواوە سەرەڕای پێگە گەشتیارییەکەی، سەرچنار پێگەیەکی پشەسازی گەورەش پەیدادەکاتو ساڵانێکی زۆر دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ شاری سلێمانیو ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی شارو دەوربەری.

ئەم کارگەیە لەسەر بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٨ دا بەتەواوەتی داخرا.....

شیعر هەمیشە ئاوێزانی جوانی بووە، ئەو جوانیەش لە سەرچنارا بەرجەستە بووەو لەبەرچاوی شاعیرانی کوردا وەك بوکێکی ڕازاوەی سروشت خۆی نمایش کردوە، ئەوانیش کردویانە بەهەوێنو ئیلهامی شیعرەکانیانو زۆربەی شاعیرانی کورد شیعریان بەباڵایدا هەڵداوە، لەوانە مەولانا خالیدو نالیو سالمو پیرەمێردو حەمە ساڵح دیلانو زۆری تریش.

حەزرەتی نالی شاعیری پایەبەرزی کورد، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٨٣٠دەچێت بۆ حەج، لەوێ دەبیێت هەواڵی داگیرکردنو خاپوورکردنی شاری سلێمانی لەلایەن لەشکری عوسمانیەوە پێدەگات، ئەویش لەغەمی قوڵی بۆ شارو دانیشتوانەکەی، شیعرێکی بێوێنە بۆ سالمی هاوڕێی دەنوسێت کە تەواوی بەیتەکانی پرسیارە دەربارەی چارەنوسی مەعلیمەکانی شارو سالمیش بەوپەڕی بەرزیو جوانییەوە وەڵامی دەداتەوەو، دواتر بە چامەکەی نالیو سالم دەناسرێت.

نالی لە بەیتی ١٠ بۆ ١٤ی ئەو چامەیەدا پرسیار لە جوانی سروشتی سەرچنار دەکات بە سالم دەڵێت:

ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی سەرچنار
ئاوێکە پڕ لە نارو چنارو گوڵو چنوور

چەشمێکە میسلی خۆر کە لە سەدجێ بەڕۆشنی فەورانی
نوری سافە لەسەر بەردی وەك بلوور
یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا
کوا ئەستێرەکانی رابکشێن وەك شەهابی نوور
یا چەشمە ساری خاتری پڕ فەیزی عاریفە
یەنبوعی نوورە دابڕژێنێ لە کێوی توور

سالمیش لە وەڵامی نالی دا ئاماژە دەدات بەسەرچنارو دەڵێت:

سووتا دڵم بە حاڵەتی جۆباری سەرچنار
لێڵاوە چەشمەساری وەکو چاوی بێ بەسەر
ئەو دەشتە جایی یاریی یارانی حوجرە بوو
یەکسەر مەقامی رۆمییە هەر وەك تەهی سەقەر

هەڵبەت زۆرن ئەو شاعیرو نووسەرانەی لەدووتوێی بەرهەمەکانیاندا گرنگییان بەسەرچنار داوە، پیرەمێردی نەمر لە شیعری (لەو دەمەی رۆژ دەگاتە ئێوارە) دا دەڵێت:

زەمزەمەی بولبولی ئێوارانی
نەرمە بارانی ژێر دەوارانی
لە نەشئەو بەزمی سەرچنارانی
وشکە سۆفی ئەخاتە گۆرانی

بۆڕاستکردنەوەو ساغکردنەوەی خاوەنداریێتی سەرچنار گەڕاینەوە بۆ ئەو چاو پێکەوتنەی ئەمیری حەسەن پور کە لەگەڵ (مامۆستا تۆفیق

وەهیی بەگ) سازی کـردوە سـەبارەت بـە مێـژووی ڕێنوسـی زمـانی کوردی بەم جۆرە دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

(کە من موتەسەریف بووم کوڕێك بوو وەتەن پەروەر بوو نـاوی میرزا تۆفیق بوو ئیسـتا کوڕەکـەی لـەئێرانـە، کـوڕی شـەفیق قـەزاز، شەفیق قەزاز کوڕەکەی ئیستە لەئێرانە، ئەمە زۆر نزیکی من بوو حەتا ئەمکرد بـەوەکیلی خیتابـەی کـوردی، کـە وەلعەهـد بهاتەیـە، ئـەو وەکیلی کوردەکان بوو، من ناوم ئەبرد، پیاوێك بو خۆش بوو، جوان بوو، نێر بوو، ئینجا گوتم میرزا تۆفیق بچۆ بپرسە ئـەم گـردە بچـوکە لەکن سەرچنار هی کێیە ؟ ئەگەر ئەیفرۆشن، با بیکـڕین بەشـەریکی، بیکەین بە پارك ، چوو پرسیو هاتەوە گوتی هی پیرێژنێکە ئەیفرۆشـێ بە (٣٠٠)ڕووپیە یانی ٢١ پاوەن ، گوتم بچۆ بیکڕە ، چوو کڕی بوو بەهی هەردووکمان)..

هەروەها لە درێژەی باسەکەیدا مامۆستا تۆفیق وەهیی دەڵێ:

من لەگەڵ سیاسەت خەریك بووم، دەریـانکردم، چـوومە بەغـدا، پولێکم نەبوو، نەمگوت ئەنوسن ئاڵتوون وەرئەگریو زێڕ وەرئەگرێ، مـن قۆنەرەکـەم پینـەی پێوەبـوو، ڕۆژێکیـان هاتـە لام گـوتی بـەخوا (١٠)هەزار ڕووپیەم تیا سەرف کردوە، گوتم موبارەکت بـێ، هیچـی منی تیانیە، پارەم نییە، عانەی پێ ئەڵێن، پوولم نیە.

بەپێی ئەم بەڵگەیە بێت پێشتر (تۆفیق وەهبی بەگ)و (میرزا تۆفیقی قەزاز) خاوەنداریێتی سەرچـناریان کـردووە، مـیرزا تۆفیـق پارەیـەکی

زۆریشی لەجوانکردنو ڕازاندنەوەیدا سەرفکردوە، هەر بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە تۆفیق وەهبی وەك ئاماژەی پێکردوە وازی لە بەشە مولڵکی خۆی هێناوە لە سەرچنار.


ئەگەر بمانەوێت دەربارەی هاوینەهەواری سەرچنار قسە بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی دروستکردنی شاری سلێمانی لەساڵانی ١٧٨٣ بۆ ١٧٨٤ لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابان–ەوە.

وەك سەرچاوە مێژووییەکانیش پێماندەڵێن یەکێك لەو هۆکارانەی وایان لەئیبراهیم پاشای بابان کردووە کە ئەم شوێنەی ئێستای سلێمانی هەڵبژێرێت بۆ دروستکردنی شار، شێوازی تۆبۆگرافی بووە.. بەو واتایەی لەوسادا مەڵکەندی کراوەتە ناوەندی شار، لەدەوروبەری شاریش چەندین سەرچاوەو کانیو مێرگو سەوزایی هەبوە، هەڵبەت ناودارترینو سەرنجڕاکێشترینی ئەو سەرچاوانە کانی ئاسکانو سەرچنار بوون.

ئەوەی سەرچناری زیاتر جوان کردوەو لەشوێنەکانی تری جیاکردۆتەوە بەشداریو ڕۆڵی ئافرەت بوە لەکایە کۆمەڵایەتیو پیشەییەکاندا، تەنانەت بەشداری کردنی ژنان لە دامەزراندنی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بەرچاوە، جگە لەکاری کابانیو بەڕێوەبردنی ماڵو پەروەردەکردنی منالەکانیان پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان زیاتر پێشخستوە لەگەڵ دراوسێکانیان تەنانەت وەك کەسی نزیکی یەکتر مامەڵەیان کردوە .

لەسەردەمی بابانەکاندا سەرچنار شوێنی ڕاوو شکار بووە، مەحمود پاشای جاف لەوێدا پێشوازی کردوە لە(مستەرکلۆدیوس ریچ) لەسەردانەکەیدا بۆ سلێمانی لەساڵی ١٨٢٠، لەسەرچنار خێوەتگەو ڕەشماڵو چادریان بۆ هەڵدەداو بۆیە ڕیچ لەیاداشتەکەیدا باسی کردوەو بە سورچنار ناوی دەبات، لەسەردەمی مەلیك مەحمودیش جێی سەیرانو جریدبازیو کەیفو خۆشی بووە.

سەرچنار بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوێکی سازگارو بوونی دارو درەختو سەوزایی بۆتە هاوینەهەوارێکی ناسراو لەسەر ئاستی عێراقو بۆتە هاوینەگەشت بۆ دانیشتوانی شارەکانی ناوەڕاستو خوارووی عیراق، واتە بەهۆی سەرچنارەوە میوان ڕوویان لەم شارە کردوەو تیای ماونەتەوە و ناوبانگی سلێمانی زیاتر گەشاندۆتەوە. گرنگیەکی تری سەرچنار ئەوەیە کەوتۆتە قەراغ شاری سلێمانی لەبەشی رۆژئاوای شار کە بۆ گەشتیارانو میوان بوارێکی گونجاوتر ئەدات بەگەشتەکەیانو شاریش فشاری گەورەی لەسەر دروستنابێ.



لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، هاتووچۆی دانیشتوانی سەرچنار بۆ ناو شار بەهۆی چەند کەسێکەوە بوە

کەئۆتۆمبێلی بچوکیان پێبووە، بەیانیانو ئێواران خەڵك هاتوچۆی کردوە بۆ ناو شارو پێویستیەکانیان دابین کردوە.

پاش ئەوە پاسی کارگەی چیمەنتۆ دابینکراوە بۆ گواستنەوەی نەفەر بۆ ناو شار.

لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ تەواو بونی خانوەکانی کارگەی چیمەنتۆ، قوتابخانەش دروستکراوە بۆکوڕان بەناوی قوتابخانەی بۆتان، کە تائیستاش هەربەو ناوەوەیە، قوتابخانەیەکیش بۆ کچان دانراوە لەکۆلانی پشتەوەی قوتابخانەی بۆتان، هەروەها مزگەوتی گەورەی سەرچناریش لەناو ماڵەکاندا دروستکراوە، هەر لەو کۆلانە بینای فەرمانگەکان هەبوە کەبینای ناحیەو بەڕێوەبەری پۆلیسو دائیرەی شارستانی تێدابووەو کاروباری هاولاتیانی ناحیەکە ڕاییکراوە.

یەکەم مەلەوانگەی شاری سلێمانی لەسەر چناربوە کە بەڕێوەبەرێتی پەروەردە سەرپەرشتی کردوە، لەسەر سەرچاوەی ئاوی سازگاری سەرچنار دووجۆگەی ئاودێری بەرەو باشوری سەرچنار ملی ڕێگەیان گرتوە بەم بەرو ئەوبەری چەمی سەرچناردا درێژبونەتەوە، بەو جۆگەیەی بەری قلیاسان وتراوە جۆگەی بەکرەجۆ، بەوەی تر وتراوە جۆگەی ئاوبارە.

لەسەر جۆگەی ئاوبارە لەنزیك قەبرستانی سەرچنارو نزیك کارگەی شەکرەکەی ئێستا، ئاشێك هەبوە کە بەئاوی سەرچنار کاری

کردوەو بەئاشی ئاوبارە ناسراوە کەخاوەنەکەی ناوی (عیزەت بەگ ) بوە .

حکومەتی عیراق سەرپەرشتی زۆربەی شوێنەکانی کردوەو بەمولّکی دەولّەت ناوزەدی کردونو بەو هۆیەش زۆر لەمولّكو مالّی خەلّکی داگیرکردوە، سەرچناریش بەو دەردە براوە لەکاتی جەنگی (عێراق ــ ئێران)دا زۆر لەمولّكو زەوىو بیناو ئۆتۆمبیلەکانی فرۆشت بەناوی هاوکاری بەردەوامی جەنگو بەرگری، دواتر بەشێك لەمولّکی سەرچنار فرۆشرا بە(جەلالی جەمال خەفاف) کە پێشتر شوێنی نەمامگەبوو سەربە فەرمانگەی کشتوکالّ بووە، ئەویش کردی بەباخچەی ئاژەلاّنو بووە ناوەندێك بۆ گەشتیارانو حەوانەوەو پشوودانی خەلّکی سلێمانیو شارەکانیتر، لە ئێستاشدا ئەو شوێنە سەیرانگەی نەورۆزە کەبەناوی خاوەنەکەی ناونراوەو ئاوەدانتر کراوەتەوەو سەرچناری جوانتر کردوە، لەئێستادا بەشێکی گرنگی جیاکراوەتەوە بۆ باخچەی ئاژەلاّنو زۆر گیانداری مالّیو کێوی تێدایەو جوانییەکی زیاتری بەخشیوەتە سەرچنار.

لەپێشدا سەرچاوەی سەرەکی ئاوی خواردنەوەی سلێمانی لەسەرچنارەوە دابین ئەکراو دوای ئەوەی سود لەئاوی بەنداوی دوکان وەرگیرا زیاد لەنیوەی پیویستی شار بۆ ئاوی خواردنەوە هەر لەسەرچنارەوە بوە.

**لەساڵی ٢٠٠٦ حکومەتی هەرێم گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (بەلاغ )ی لوبنانی بەست تاسەرچنار بکەنە ناوچەیەکی گەشتیاری هاوچەرخ، بەلام بەهۆی کەمتەرخەمی کۆمپانیاکەو لێنەپرسینەوە لەلایەن حکومەتی هەرێم سەرچنار جارێکی تر پەراوێز خرایەوەو سیمای جوانو سروشتی تایبەتی خۆی لەدەست دا، لەسەروبەندی بیرۆکەی جوانترکردنی سەرچنار زانکۆی سلێمانی پرۆژەیەکی ئەندازەیی دانا کە تێیدا چەند بەنداوێك لەسەر چەمی سەرچنار دروست بکرێت بۆ گلدانەوەی ئاوەکەو بەکارهێنانەوە بۆ مەبەستی خواردنەوەو کشتوکاڵ بەداخەوە ئەویش جێبەجێ نەکرا بەهۆی دەستخستنە ناوکاروباری گەشتیاریو خەمساردی لایەنی بەرپرس کە حکومەتی هەرێمە.**

**سەرەڕای هەمو ئەو کەموکوڕییانەی دەرهەق بەپێگە گەشتیارییەکەی سەرچنار کراوە، بەلام تائێستاش خەڵکێکی زۆری شارو گەشتیارانی شارەکانی دیکە ڕووی تێدەکەنو کاتە خۆشەکانیان لەباوەشی سروشتی جوانی سەرچناردا بەسەر دەبەن.**

## سەرچاوەکان

١. دیوانی نالی.

٢. دیوانی سالم .

٣.چاوپێکەوتنی ئەمینی حەسەن پور لەگەڵ تۆفیق وەهبی بەگ سەبارەت بەمێژووی ڕێنوسی زمانی کوردی .

٤. گەشتی ڕیچ ١٨٢٠ .

٥. دیوانی پیرەمێرد.

٦. شیعرەکانی مەولانا خالید.

# شارو پەیکەر



مێـژووی دروسـتکردنی پەیکـەر زۆرکۆنـە، بـەپێی گەڕانـەوەو ئاوڕدانەوە لەمێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤی کۆن بەدوای ئەوهۆکارانەدا، گەڕاوە تـا بـەرگری لـەخۆی بکـاتو سروشـت بکاتـە سەرچـاوەی مانەوەو پێشـخستنی ژیانی خۆی، هەربۆیـە هانـای بـۆ بـەکارهێنانی ئەشکەوتو سەر درەختەکان بردوە، تاخۆی لەگیانـەوەرە دڕنـدەکان بپـارێزێ، هـەر لەسـەرەتاوە مـرۆڤ چـەند کەرەسـتەیەکی سـادەی بەکارهێناوەو توانیوێتی بەردو شاخەکانی پـێ کـون بکـاتو بیانکاتـە شوێنگەی حەوانەوەو مانەوەی خۆی وەك یەکـەم مـاڵ، واتـە تاشـینو هەڵکۆڵینی داروبەرد هۆکاری مانەوە بووە وەك پێویستیەکی سەرەتایی پاشان بۆتە هونەرو بەپێی سەردەمو ئالۆگۆڕەکانی ژیان ئەم هونـەرەش گەشەی کردوە، تەنانەت هەندێك لەدەسەلاتو فەرمانڕەوا دێرینەکان

مێژووی خۆیان بەهونەری پەیکەرتاشی، نەخشاندوە لەناو ئەشکەوت‌و سەر تاشە بەردەکان، ئەوەی ئەمرِۆ ناودەنرێت شوێنەوارەکان پاشماوەی کاری مرۆڤی چاخەکانی مێژووە، ئێستا سەدان‌و هەزاران چیرۆکی لیدەگێڕدرێتەوەو بوونەتە مێژووی مرۆڤایەتی.




بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی لەبەردەست زانا شوێنەوارناسەکاندایە، کۆنترین پەیکەر لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ **٣٥** هەزار ساڵ پێش ئێستا، ئەو پەیکەرە گوزارشت لەجەستەی ئافرەتێکی سنگ گەورەئەکات کەکێشەکەی **٣٣** گرام‌و درێژییەکەشی **٦** سانتیمەترە، ئەم پەیکەرە لەعاجی فیل دروستکراوەو ساڵی **٢٠٠٩** لەناوچەی (هۆلێر فیلس) لەویلایەتی (بادن فۆرتمبرێگ) لەباشووری ئەڵمانیا دۆزراوەتەوە، بەگوێرەی ئەو مێژووەبێ، مرۆڤ هەزاران ساڵە ئەزمونی کاری هونەری پەیکەرسازی کردووەو کردوویەتییە ئامرِازێك بۆ گوزارشتکردن لەژینگەی دەوروبەری ....

گەلی کوردیش وەك گەلانی دنیا لەم هونەرە دانەبڕاوەو ڕۆڵی خۆی بینیوە لەتۆمارکردنی مێژووی خۆی لەڕێگەی هونەری

پەیکەرسازی، بەڵام بەپێی هەڵکەوتەی نیشتمانەکەیی‌و بوونی شەڕو ناکۆکیەکانی ناو خۆیی‌و چاوی تەماحکاری دوژمنانی، نەیتوانیوە ئەم هونەرە وەك پێویست پەرەپێبداتو ئەو پەیکەرانە بپارێزێت، بەڵگەی زۆر هەن کەپەیکەر لەم ناوچەیەدا جێی بایەخ بووە وەك شوێنەوارە هەڵکۆڵراوەکانی هەزارمێردو قزقاپانو شوێنەواری شاخی بێستون لەکرماشانو شوێنەوارەکانی ئامەدو ئورفە لەباکوری کوردستان.
هونەری پەیکەرسازی، لەمێژووی نزیكو هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵی ئێجگار گەورەی پەیداکردووە، هێماو ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لە هەستو نەستی پەیکەرسازو تەواوی کۆمەڵگە، پەیکەر زمانی هەیەو دەتوانێت مێژوو بگێڕێتەوە، غەمو ئازارو شادیی کۆمەڵگە بەرجەستە بکات، پەرتوکێکە مرۆڤ ئاسانتر مامەڵەی لەگەڵ دەکاو خوێندنەوەی بۆ دەکا، هەر ئەم تایبەتمەندییەیە وایکردووە زۆربەی گەلانی جیهان بایەخی گەورەیان هەبێ بۆ ئەم هونەرەو، ناوەندی شارو پارکەکانو شوێنەگشتییەکانیان بەدانانی چەندین پەیکەری تەعبیری بڕازێننەوە، هەندێك شاری دونیا هەیە، لەڕێگەی پەیکەرەکانیەوە دەتوانی خوێندنەوە بۆ مێژووەکەی بکەی، گەر وەك ڕێبوارێ ڕێت بکەوێتە ئەو شارانە پێویستت بە مرۆڤێکی گێڕەرەوە نییە تامێژووی شارو وڵاتو گەلەکەت پێبناسێنێ، بەڵکو پەیکەرەکان ئەم ڕۆڵە دەبینن‌و چیرۆكو سەرگوزشتەی دوێنێت بۆ بەیان ئەکەن .

لەمرۆدا، شارو پەیکەر دوانەیەکی پێکەوە بەستراونو، سیمای دیارو مۆدێرنانەی ئەمڕۆی شار بوونی پەیکەرە بەفۆڕمە نوێیەکەی، بەگوێرەی پێوەرە گەشتیارییەکان پەیکەر مەعالیمی دیار شارەو سەرچاوەی کێشکردنی گەشتیارێکی زۆری بیانیە، بۆ نمونە



پەیکەری ئازادی یان سەربەستی ئەمریکا، بەدرێژایی مێژوو خەونی مرۆڤگەلێکی زۆر بووە لەسەرتاسەری جیهاندا تا لەنزیکەوە ببینن، ئەوەش وایکردووە ئەوپەیکەرە ببێتە سەرچاوەیەکی گەورەی گەشتیاری ئەو وڵاتە.

لەمێژووی نزیكو هاوچەرخی باشووری کوردستاندا، تاڕادەیەك پەیکەر بەهاو سەنگی هەبووەو لەشارەکاندا کەم تازۆر ئامادەگی هەبووە، بۆ نمونە لەهەشتاکانی سەدەی بیستی ڕابردوو بەدواوە زۆربەی زۆری فولکەکانی شاری سلێمانی پەیکەربووە شوناسیان، ناونیشانو نازناوی زۆربەی زۆری فولکەو شوێنە گشتییەکانی شار بوونە هەڵگری ناوی ئەو پەیکەرانەی لێیان دادەنران...

ناكرێت  ڕۆڵو بايەخی مامۆستا (عەتا قەزاز ) لەبەرچاو نەگیرێت كە لەساڵی (١٩٧١)دا يەكەم پەيكەری بۆ شاعيری گەورەی كورد (پيرەمێرد )دروستكردو لەبەردەم ئوتێل سلێمانی پالأسی ئێستادا داينا.




ئەمە يەكەم بەركەوتنی بينايی خەڵكی شار بوو بەهونەری پەيكەرسازی،هونەرمەند(عەتاقەزاز) ماوەيەكی زۆر مامۆستای پەيمانگەی هونەرەجوانەكانی شاری سلێمانی بوەو دەيان خوێندكاری پێگەياندوە بۆخزمەتی هونەری كوردی، پاش سەفەركردنی بۆ ئەوروپا وەك سەفيرێكی هونەری شێوەكاری چەندين پێشانگەی لەولأتانی ئەوروپا كردۆتەوەو هونەری كوردی بەخەڵكی بێگانە ئاشناكردوە...

بەشێوەيەكی گشتی بزاوتی پەرەسەندنی پەيكەر لەشوێنە گشتييەكانی شاردا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕژێمی بەعس، لەوسەردەمەدا زۆركەس ڕۆڵيان هەبو لەهونەری پەيكەرسازيداو پەيكەر بو بەهێمای خەباتو بەرەنگاری، تەنانەت زۆرجار لەبەردەم ئەو پەيكەرانەدا خۆپيشاندانی گەورە كراوەو خەڵك بوونە قوربانی، وەك پەيكەرەكەی كاوەی ئاسنگەر.

دوای ڕاپـــەڕین، لـــەڕووی سیاســـیو کۆمەڵایـــەتیو هونـــەریو ئەدەبییەوە وەرچەرخان ڕوویدا، هونەری پەیکەرسازیش بێبـەش نـەبوو لـەم گۆڕانکاریەدا، دروستکردنی چەند پەیکـەرێك لـەسەرشـەقامەکان بەتاکو گروپ ئەنجامدران، لەوانە پەیکـەری شـەهید ئـارام و شـەهید مامەڕیشەو شەهید ئاسۆی دەلاكو فولکەی یەکگرتن کـە بەفولکـەی دەستەکە ناسراوەو زۆری تریش.

هونەرمەند (زاهیرسـدیق) کارەکتـەرێکی دیـاری پەرەپێـدانی ئـەم بوارەیـەو لەسـاڵی(١٩٩١)داپـڕۆژەی پەیکەرسـازانی کوردسـتانی دامەزراند کەجێدەستیان لەهـەموو شاروشارۆچـکەکانی کوردسـتاندا دیارە، چەندین کاری پەیکەرتاشییان لە(سلێمانی، هەولێر،ڕەواندوز، سەیدسادق، کۆیە، هەڵەبجەی شەهید، دەربەندیخان، دەربەندی بازیان) ئەنجامداوە، لەسەر کارەکانیو گرنگی هونەری پەیکەرسازی، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی شاروشارۆچـکەکانی کوردسـتان بەپەیکـەرەکانی ئەو ڕەنگینو ڕازاوەتر بوون.

هونەری پەیکەرسازی کـوردی قۆنـاغی گـەورەی بڕیـوەو ئاسـتی لۆکاڵی تێپەڕاندووە، بۆنمونە کارەکانی هونەرمەند (هـادی زیائـەدین) کەخـــەڵکی ڕۆژهـــەڵاتی کوردســـتانەو لەشـــاری ســـنە نیشـــتەجێیە دەنگدانەوەیان هەیەو توانیوێتی ببێتـە نمونەیـەکی گـەش بـۆ هونـەری پەیکەرسازی کوردی لە جیهاندا.



**پەیکەری مەحوی ( زاهیر صدیق )**

**پەیکەر سەلیقەو توانای هونەرمەند دیاریدەکات بەچی ماددەیەك کارئەکات (لە قوڕ یان گەچو چیمەنتۆو بڕۆنز)، یاخود لەسەر چ ماددەیەك کارەکەی هەڵدەکۆڵێت بۆ نمونە (بەرد ، شاخ ، ئێسقان، دیوار، یان شاخی ئاژەڵە کێویەکان).**

**(چێنەرنزار) یەکێکە لەهونەرمەندە پەیکەرسازەکانو ڕۆڵی خۆی بینیوە لەم بوارەدا، تائێستا (٢٥)پەیکەری دروست کردوە کە(٢٢)پەیکەریان لەناو شاری سلێمانیو (٢)پەیکەر لەشاری هەولێرو (١)پەیکەر لەشارەزوور.**



سەرباری ڕەخنەکانی لەلایەنی پەیوەندیدار کە هاوکاریان ناکـەن، ئـەو پێـی وایـە لایەنـە پەیوەندیـدارەکان وەك پێویسـت ڕۆشـنبیریان لەمێژوو یان کاریگەری پەیکەر کەمە بۆیە وەك پێویست نابنە هۆکاری گەشە سەندنو برەو دان بەم هونەرە.

زۆربــەی هونەرمەنــدانی پەیکەرســازی گرفتیــان هەیــە لەگــەڵ حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان کـەوەك پێویسـت هاوکـاری ئـەم بوارەناکــەن، گلــەیی ئــەوان بەشــێوەیەکی ســەرەکی لەهــەردوو بەڕێوەبەرایــەتی ڕۆشــنبیریو بەڕێوەبەرایــەتی شــارەوانیو پارێزگــای سلێمانیە لەسەر لابردنو ڕێگری کردن لەکارە هونەریەکانیان.





( پەیکەرەکانی بختیار بەمۆ )

کێشەو ئاریشەکانی بەردەم کاری هونەری پەیکەرسازی لەهەرێمی کوردســتاندا هەمەلایەنــە، بەشــێکیان پەیوەنــدییان بــەماددەوە هەیــەو بەشــێکی دیکەشــیان بەپاڵپشــتی مەعنەوییــەوە، ئەمــەش وایکــردووە

جموجۆڵەکانی ئەم هونەرە سنورداربن‌و ژمارەو کوالیتیان وەك پێویست نەبێ، بەشێوەیەکی گشتی گرفتەکانی ئەم بوارە پەیوەندی بەم خاڵانەوە هەیە:

١. نەبونی ماددەی دروستکەری باش.

٢. نەبونی کارگەی باشی بڕۆنز.

٣. نەبونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەسەر پەیکەر.

٤. نەبونی پلانی زانستی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ هونەری پەیکەرسازی.

٥. نەبونی شوێنی گونجاو بۆ دانانی پەیکەر

٦. کەمتەرخەمی سەندیکای هونەرمەندان

٧. نەبونی هەماهەنگی لەنێوان پەیکەرسازەکان

٨. نەبونی لیژنەی پسپۆڕ بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکان.

٩. نەپاراستنی پەیکەرەکان لەشکان و نۆژەن نەکردنەوەیان.

١٠. زۆری و بۆری کارە هونەرییەکان.

١١. کەمی سپۆنسەر بۆکارە هونەریەکان

هونەری پەیکەرسازی کارێکی قورسەو ماندووبونی زۆری ئەوێ، لەم بوارەدا چەند کارێکمان لەسەر شەقامەکان بەرچاوکەوت کەناوی ژنە هونەرمەندێکی لەسەربوو، بەباشمانزانی لەم کتێبەدا بەسەری بکەینەوە تائەویش کێشەو گرفتەکانی خۆی لەم بوارەدا بەرچاو بخات، (ئاسۆس جاف) ئەم کچە هونەرمەندە پەیکەرسازە، دەرچووی

**کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی (بەشی پەیکەرسازیە)، تائێستا بەشداری (٢٣)پێشانگەی هاوبەشی کردوە لە سلێمانیو هەولێرو بەغداو فەرەنساو ئێران، شەش پەیکەری دانراوی سەرشەقامی هەیە بۆ کەسایەتیەکانی کورد، کارەکانی بە ماتریالّی برۆنزو مەڕمەڕ دروست کردوە .**

**(بەرزان زاهیرمحەمەد ) کە نازناوی بنەماڵەکەیان (شازە)یە، یەکێکی ترە لەو هونەرمەندانەی کاری پەیکەرتاشی دەکات کە هاوشێوەی هونەری پەیکەرسازیە، بەلاَم ئەم شێوازە تاشینو هەڵکۆڵینە لەسەر بەردو شاخ، ئەو تائێستا (٩٨) پەیکەری لەبەرد تاشیوەو لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان کاری هونەری خۆی نمایش کردوە، لەهەولێر لەناوپارکی شانەدەر(٢٣)پەیکەری دانراوی هەیە کە هەموویان پەیکەری ئاژەڵی کێویو ماڵین، لەشارەکانی سلێمانی و دەربەندیخان چەندین پەیکەری دروست کردوە، وەك خۆی وتی یەکەم کەس بوم لەکوردستاندا پەیکەرم لەبەرد تاشیوە، ئەو هۆکاری پشتگوێ خستنو کەمترخەمی ئەم هونەرە دەگەڕێنێتەوە بۆ حکومەتو دەڵێ: وەك پێویست ئاوڕ لە هونەری پەیکەرسازی نەدراوەتەوە.**



## پەیکەری شەهید ئارام
## (بەرزان شازە)

لەهـــەرێمی کوردســـتان زۆربـــەی ئـــەو پەیکەرانـــەی دائـــەنرێن ئەشکێندرێن‌و لای خەڵك جێگـەی ڕێـزنین، ئەمـەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ نـــەبونی وشـــیاری تـــەواو لای خـــەڵك لەســـەر پەیکـــەرەکان، هونەرمەندانیش ئەم دیاردەیەیان گەڕاندەوە بۆ بوونی لێشـاوێکی زۆر لەڕەخنە لەم بوارەدا کە وەك پێویسـت لایـەنی باشـەو خراپـەی ئـەو هونەرە بەرچاو ناخەن، واتە ئەو ڕەخنانە زانستی نین، بۆئـەم مەبەسـتە سەردانی هونەرمەندی پەیکەرتاش‌و ڕەخنـەگری بـواری پەیکەرسـازی (بەختیار بەمۆ)مان کرد کە (٤٠)ساڵە لەم بوارەدا کاردەکات‌و زیـاد لەهەزار بەرهەمی هونەری پەیکەرتاشی کردوە، کە هـەموویان کـاری بچوکن لەبەردو دارو ئێسقان‌و شاخی ئاژەڵ، ئەو وتی:

من یەکەم هونەرمەندم لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەتوانیومە شاخی ئاژەڵی کێوی لەکارە هونەریەکانم بەکار بێنم، ئەو ڕەخنەگرەی بواری پەیکەرسازیو پەیکەرتاشی، هەڵەو کەموکوڕیەکانی ئەم بوارەی گەڕاندەوە بۆ حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکانو ئەو هونەرمەندانەی بەتاکو بێ وەرگرتنی ڕای کەسانیتر، کاری هونەری ئەکەن.

ئەوەی لەم نوسینەدا بەدیمانکرد، تائێستا هونەری پەیکەرسازیو پەیکەرتاشی لەهەرێمی کوردستان نەبۆتە جێی بایەخی حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەو کارانەی کراون زیاتر هەوڵی کەسین، بۆیە پێویستە پلانی سالانەی زانستی بۆدیاریکردنی پەیکەرو شوێنی گونجاو بۆ دانانیان دەست نیشان بکریو ئەو ماتریالەی بەکاردێت جۆری باش بن تازیاتر بەرگە بگرن، پێویستە لیژنەیەکی بالای پسپۆڕ سەرپەرشتی ئەوکارە هونەریانە بکاتو واباشە کارە هونەریەکان دووربن لەئیشی حیزبیو کاری بچوک، بۆ ئەم مەبەستە هێمای نیشتمانیو نەتەوەیی بەکاربهێنرێت، باشترە دەستەو کۆمەڵەیەك بۆ هونەرمەندانی پەیکەرسازو پەیکەرتاش پێك بێت، تائەوان بەکۆمەڵو بەپێی هەڵسەنگاندن کارە هونەریەکان ئەنجام بدەن، هاوکات لەسەر حکومەت پێویستە مۆزەخانەیەکی گەورە دروست بکات بۆنمایشی ئەوپەیکەرانەو ڕاگەیاندنەکانیش ڕۆڵیان هەبێ لەناساندنو نمایشی کارە پەیکەرسازییەکان.

## شوێنەوارەکانی نەوێ




بوونی شوێنەوار دەرخەری بوونی مێژوویەکی دێرینە، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیو گرنگی خاکەکەیو دەوڵەمەندیەکەی، لەکۆندا کوردستان بۆتە ململانێی نێوان ئیمپراتۆرو دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەو جیهان، بەهۆی ئەوەی لەکۆندا کەوتۆتە نێوان ئیمپراتۆرەکانی (ئاشوریو ساسانیو عوسمانی) هەمیشە چاوی تەماعکاریو داگیرکاری هەموو ئەوهێزانەی لەسەربووە، گەلی کوردیش بۆ پاراستنی خۆی ناچار شوێنە سەختەکانو ناوچە دورەکانی هەڵبژاردووە بۆ ژیان، ئەو ناوچەو شوێنانەی کە وتونەتە نێوان بەرزایی چیاکانو شوێنە نادیارەکان، تادەستی نەیارانو دوژمنانیان پێ نەگات.

گوندی نەوێ لەناوچەی شارەزور، سەربە ناحیەی خورماڵە، کەوتۆتە باکوری ڕۆژهەڵاتی قەزای سەیدسادقو حەوت کیلۆمەتر لێیەوە دوورە، یەکێکە لەو گوندانەی چەند شوێنەوارێکی گرنگو مێژوویی لێیە کەبایەخی گەورەیان لەساغکردنەوەی مێژووی ژیاری لەناوچەکە هەیە، لەکۆنەوە بەهۆی پانتاییەکی فراوان لەزەوی

کشتوکاڵ‌و بوونی سەرچاوەی ئاوی چەمێك کە بەناو دێکەدا دەڕوات، دانیشتوانی زۆربووەو کشتوکاڵکردن بۆتە سەرچاوەی بژێوی خەڵکی ناوچەکە .

ناوی نەویێ بەدوو واتا لێکدانەوەی بۆدەکرێ، یەکەمیان واتە نەوی یان نزم، ئەم دێیە کەوتۆتە نیوان بەرزایەکانی شاخی سورێن لەدۆڵێکی فراوان، نەویێ لە پێدەشتێکی پانو بەریندا خۆی نمایش دەکات‌و ئاوێکی زۆر بەناو چەمەکەی نەوێدا دێتەخوار کەگوندەکەی کردوە بە دووبەشەوە، واتای دووەمی ناوی نەویێ بەمانای نوێکردنەوە دێت، خەڵکی ناوچەکە پێیان وایە ئەو شوێنە کۆنە جارێکی تر نوێکراوەتەوەو بۆتەوە بەشوێنی ژیان‌و ئاوەدانی.



لەناو دێی نەوێ‌و لەمبەرو ئەوبەری دێکە وشکە کەڵەکی زۆر دەبینرێ کەهەمووی جێگەی خانووی کۆنە بەدرێژایی دێیەکە تادەگاتە بەرزایی شاخەکە، ئەمەش دەرخەری

ئەوەیە ئەم ناوچەیە لەکۆندا شارێکی زۆرگـەورەبوە، بـەهۆی ئـەوەی تاکە دەروازەبوە بۆ هاتوچۆ بەرەو ئەودیوی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، سەرچاوە مێژوویـیـەکانیش ئـەوە پشتڕاسـت دەکەنـەوە کەڕێگەیـەکی سەرەکی بازرگانی بـوە لـەنێوان شـارەزوورو ئێرانـدا، ئـەم ناوچـەیە بەهۆی زۆری ئاو هەمیشە ناوچەیەکی فراوانی کشتوکاڵی بووە، هـەر ناوچـــەیەکیش دانیشـــتوانی زۆربێـــت بەرهەمـــە کشـــتوکاڵیەکەی بـەکاردەهێنرێتو دەبێتـە بەرهـەمی خـۆراکی ، لـەناو دێـی نەوێـدا بەدرێژایی گوندەکە تـا بـەرەو بـاکور بـڕۆین شـوێنی ئـاش (ئاسـیا)و دەبینرێت، ئەم ئاشانە بوونەتە بەشێکی گرنگ لەشوێنەواری گوندەکە، وەك شـارەزایانو شوێنەوارناسـان ئامـاژەی بۆدەکـەن، ئـەم ئاشـانە مێژووەکـەیان دەگەڕێنـەوە بـۆ دووسـەردەمی جیـاواز ، یەکـەم بـۆ سەردەمی ئاشوریو ساسانی،دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تـازە کە لەئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە دەست پێدەکات تانیوسەدە لەمەوبەر،



ئەگـــەر بـــەوردی ســـەرنج لەئاشـــەکان بـــدەین دەبیـــنین لەقســـڵو بـــەرد پێکهـــاتون، بەپێی سەردەمەکان هەندێك لەئاشەکان لەهەمان شـوێنە کۆنـــــــــــــــــــەکیان دروستکراونەتەوەو سودیان

لیٚ بینراوه.

شوێنەواری شارێکی کۆن کە(شاری زوحاك)ی پێدەڵێن لـەنزیك قـــەڵای زوحاکـــە بەقـــەڵای نـــەوێش ناودەبرێـــت، ئـــەم شـــارە دووبەشـــە، بەشێکیان بەتەنیشـت گردی قەڵاکەوەیـەو



دووەمیش بەخوار ئـەو گردەوەیـە، بـەدیاریکراوی بـەلای خۆرئـاواو باکوری خۆرئاوادا هەڵکەوتوە، گۆڕەکە دەکەوێتە بەشی خۆرهـەڵاتی چەمەکەو بەکۆمەڵە بەردی کۆکراوەدا دیـارە کەشـوێنی خانووەکـان شارێکی گەورە بووە، ئەو زەوییانەی کەوتونەتە خـوار قـەڵای نـەویٚ بەهۆی لێژیو کەم بەکارهێنانیان بۆکشـتوکاڵ بناغـەی خانوەکانیـان ماون، بەڵام زەوییەکانی تر کەکەوتونەتە دەشتایی بەهۆی بەکارهێنانیان بـۆ کشـتوکاڵ کـەمتر جێگـەی خانوەکانیـان دەردەکـەون، بناغـەی خانوەکانی ئەم شارە بـەدووجۆر دەردەکـەون، یەکـەمیان زۆرکۆنـەو شارەزایان وای بۆ دەچن کـە لەسـەدەی شـانزەیەمدا خـانوو بـوبن‌و لەسەر بناغەی ئەو خانوانـە خـانوی تـازە دروسـت کـرابن، جـۆری دووەمیش بناغەکەیان ئەستورەو بەردی گـەورەیان تیـّدا بـەکارهاتوە، قانیعی شاعیر شیعرێکی بۆ ئەم شارە نوسیوە بەناوی (سەرگوزشتەیەکی

مێژوویی)، تیایدا باسی شوێنەواری ئـەم شـارە دەکـات کـە شـارێکی گەورە بوە، لەکۆنەوە خەڵکی ناوچـەکەش دەمـاودەم گـەورەیی ئـەو شارەیان بۆباسکراوە کە دەڵێت: لەنەویۆە تاخورمـاڵ و ئەحمـەد ئـاوا، خانو بە تەنیشـت خـانووەوە بـوە، مـرۆڤ توانیـویێتی هـەر بەسـەر بـانی خانوەکانەوە لەمسەر بۆ ئەو سـەر بـڕوات، قـانیع بـەم جـۆرە باسـی دەکات و دەڵێ:

لەبەر(بەردەبەل) ڕوانیم ئاسارە
دیارەکە جێگەی یەك گەورە شارە
قەیسەری و بازاڕ، سەراو دووکانە
بنچینەی خانوو هەروا عەیانە

تا دەڵێت:

ئەمجا پایتەختی هێنایە شارەزوور
شاری دروستکرد بەنەوێ مەشهور
نەوێ و بەردەبەل هەتاکو خوڵمار
ئەم دەشتە گەورەی هەموو کرد بەشار

لەبن قـەڵاو لـەڕێکی کۆتـایی بەشـی خۆرهـەڵاتی و چـەند سـەد مەترێك شوێنێك لـەناو شـارەکۆنەکەدا نیمچـە بـەردەڵانو مەیلـەو تەختە، بەردێکی لێیە ڕووەکەی داتاشـراوەو قوڵکەیـەك لەناوەڕاسـتیا هەڵکـــــەنراوە پێوانەکـــــەی (٧٠×٦٠)ســـــمو قووڵیەکەشـــــی (٣٢)سـانتیمەترەو درێژیەکەشـی (٢)مو پانیەکەشـی ( ١/٥) مـەترو

نیوێکە، بەهۆی کارکردن لەڕێگەکە شوێنی بەردەکە ئالۆگۆڕکراوە و گواستراوەتەوە بۆ خوارووتر. لەلای سەرەوەی ئەو بەردە بەردێکی تر سێ جێی بازنەیی لەسەر هەڵکۆڵراوە کە لەدەوروبەری ئەم بەردانە شوێنەواری خانوی زۆرکۆن هەن و پێ دەچێ شورا بە دەوری ئەم پەرستگایەدا کرابێت.



بونی ئەم بەردانەو هەڵکۆڵینیان بەوشێوە بازنەییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینی واتە پەرستگەبووە، ئەم بەردانەش شوێنی پەرستن بوون، شوێنەوارناسان ئەم بەردانە بەسەکۆی زەردەشتی لێکدەدەنەوە.

یەکێکی تر لەو شوێنەوارانەی کە تائێستا ماوەو زۆر باسی کراوە قەلای زوحاکە کە بەقەلای نەویش ناوی دەبەن، ئەم قەلایە کەوتۆتە باکوری خۆرهەلاتی نەوێ لەدووبەش پێکهاتوە کە پێیان دەوترێ (قەلای سەروو)و (قەلای خواروو)، لەبەشی باشوری ڕۆژهەلاتی قەلاکە ژمارەیەکی زۆر چراوگی ئاگر دەبینرێت لەبەردەکان

**دەرهێنراون، لەبەشی سەرەوەی قەڵاکـە چـاڵێکی گـەورە دەبینرێـت کەلـەلایەن چەتەکانی شوێنەوارەوە هەڵدراوەتـەوە بەمەبەسـتی بردنـی کەلوپەلی ناو قەڵاکـە، سـەرکەوتن بـۆ قەڵاکـە بەشـێوەی پلیکانـەی هەڵکۆڵراوبوە تا دەگاتە ناو قەڵاکە ، ئاو بەهۆی بۆری دروستکراو لـە قسڵ هێنراوە بۆ ناو قەڵاکە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی قەڵاکەوە.**

**دانیشتوانی دێی نەویٚ نیگەرانن لـەوەی لایەنـە پەیوەندیـدارەکانی حکومـەتی هـەرێم وەك پێویسـت ئاوڕیـان لەدێکـەو شـوێنەوارەکان نەداوەتەوە، ئەم فەرامۆشـکردنە بۆتـە هـۆی لەناوچـونو تـاڵانکردنی شوێنەوارەکان، بۆیە داوایان کرد، ئاماژە بەکەمتەرخەمی حکومـەت بدەینو هانیـان بـدەین زیـاتر ئـاوڕ لـەدێی نـەویٚ بدەنـەوە تابکرێتـە ناوچەیەکی گەشـتیاری گـرنگو گـەورە، چـونکە بـونی شـوێنەوارو سەرچاوەی ئاو دوو هۆکارن بۆ دروستکردنی ناوچەی گەشتیاری.**

**یـەکێکی تـر لەشـوێنەوارەکانی نـەویٚ زینـدانی زوحاکـە، ئـەم شوێنەوارە لەبنەڕەتدا گۆڕێکی لەبەرد هەڵکەنراوەو دەکەوێتە باکوری دێی نەویٚ لـەدووری کیلۆمـەترێك، هـەروەها کەوتۆتـە ڕۆژهـەڵاتی چـەمی نـەوێش، گۆڕەکـە لەگابـەردێك دەرهێنـراوە درێژییەکـەی (١١)مەترو نیوەو پانیەکەشی (٦)مەترو نیوە، بەردەکە لەگـەڵ ڕووی زەوی تەختــە دەمــی دەرگــای گۆڕەکــە وەك دەمــی هۆدەیــەك هەڵکەنـدراوە تەنانـەت شـوێنی گرێژنـەی دەرگـاو کێلونیشـی بـۆ هەڵکەندراوەو هەردووشانی جێگـەی دەرگاکـەی بـۆ هەڵکـەنراون،**

ئەمەش ئەوە ناگەیەنیٚ کە بـۆ هاتوچـۆ دروسـتکرابێت، بـەڵکو تـەنها شێوازی بیناسازی ئەو سەردەمە دەردەخات.



دەرگـای چـونەناوەوەی ڕووەو خۆرئاوایە کەدەڕوانیٚ بەسەر چەمەکەدا، لەسەربانی گابەردەکـە کـونێکی شـێوە بازنـــەیی دەرهێنـــراوە پێوانەکـەی (٥٨)سـانتیمەتر دووجایـــە بۆئـــەوە هەڵکۆڵڕاوە تاتیشکی خۆر بچێتە ناو گۆڕەکەوە، لـەدیوی نـاوەوەی گابەردەکــە لەبەشــی ڕۆژهــەڵاتی گۆڕەکــە تاقێــك هەڵکــەنراوە بەرزییەکەی (٥٠)سانتیمەترەو قوڵیەکەشی (٤٨)سم .

سەرچاوە مێژووییەکان بەشێوازی جیاجیا باس لەم قەبرە دەکـەن، هەندێك بە زیندانی زوحاك نـاوی دەبـەن، بـەڵام زۆربـەی سەرچـاوە مێژووییەکان بە قەبری کەسێکی گـەورەو خـاوەن دەسـەڵات دیـاری دەکەنو دەیگێرنەوە بۆسـەر ئـایینی زەردەشـتی، هەنـدیٚ کەسـی تـر دەیبەنەوە بۆ سەردەمێکی پێشووتر کـە ئـایینی میترایـە، چـونکە لای ئایینی میترایی خۆر هێمای پەرستن بوە، شارەزایانی بـواری شـوێنەوار ئەمگۆڕە ئەبەنەوە سەر ئـایینی میترایـی بـەهۆی بـونی ئـەو هێمایانـەی لەگۆڕەکە هەڵکەنراوە.



لــەم بابەتــەی بەرچــاومان کەوتو تێبینیمان کرد، بوونی چەند شــوێنەوارێکی مێــژوویی گرنگــە لــەدێی نــەوێ، کــە دەگەڕێنــەوە بــۆ ســەردەمی میترایی‌و زەردەشتی‌و ساسانی، بەڵام وەك پێویست حکومـەت نــەیتوانیوە بایــەخیان پێبــدات‌و بیانپارێزێــت لـەدەســتی وێرانکــەرانی شوناس‌و مێژووی نەتەوەکەمان، پێویستە ئـەم دێیـە بکرێتـە شـوێنێکی شــوێنەواری‌و گەشــتیاری تــا خــەڵکانیتر ســەردانی بکــەن‌و بکرێتــە ناسنامەی مێژووی نەتەوەکەمان، وەك چۆن گەلانیتر ئەمکارە دەکەن .


## سەرچاوەکان:


١. دیوانی قانع، ئامادەکردنی بورهان قانع.

٢. عەبدولڕەقیب یوسف، شوێنەوارەکانی نەوێ لەشاخی سورێن، چاپی یەکەم ١٩٩٤.

٣. یاداشتەکانی مامون بیکە بەگ ، محەمەد جمیل ڕۆژبەیانیو شکور مستەفا ١٩٨٠ بەغدا.

# قەڵای خان ئەحمەد خان



لەگەشتی ئەمجارەماندا ئاوڕێك لەمێژووی شوێنەوارێك ئەدەینەوە ،کەلەڕابردوودا ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لەمێژووی ئەم دەڤەرەی ئێمەداو بۆتە لانەی خۆپارێزیو مانەوەو بەهێزبوونی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میرنشینو خانەکانی ئەوسا، بەپێی لێکۆڵینەوەکانو سەرچاوەکان مێژووی ئەم قەڵایە زۆر کۆنەو بۆ سەردەمی ئایینی میتراییو زەردەشتی ئەگەڕێتەوە، ئەم شوێنە ناوی (قەڵای زەڵم)ەکە بەقەڵای (خان ئەحمەد خانیش) ناسراوەو دەکەوێتە شارۆچکەی خورماڵی پارێزگای هەڵەبجە، ئەم شوێنەوارە کەوتۆتە سەرووگوندی ئەحمەدئاواوخوار گوندی زەڵم.

قەڵای زەڵم لەڕووی جوگرافیەوە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی شاری کرماشانو جوانڕۆو لەباشوورەوە شاری هەڵەبجەو لەخۆرئاواوە شارەزوورو سلێمانیو لەباکورەیشەوە شاری مەریوانو سنە.

جگەلـە قەڵای زەڵم، چـەندین شـوێنەواری گـرنگ لەناوچـەکەدا هەیە، بەرچاوترینیان پاشماوەی شوێنەواری هەردوو مزگەوتی خورماڵۆ ئەحمەدئاوایە کە لـەسەر نەخشەکۆنەکەیان دروستکراونەتەوە.

قەڵاکــە دوو کیلۆمــەتر لــەناو گونــدی ئەحمــەدئاواوە دوورە، بەقەدپاڵی شاخەکەوە شوێنەواری (قەڵای زەڵم) یاخود (قـەڵای خـان ئەحمەد خان) دیارە، لـەکاتی سەردانمان بۆشـوێنەوارەکە، بەڕێوەبـەرێتی گەشـــتوگوزار خــەریکی چــاککردنی ڕێگایــەك بــوو بــۆ ســەر شوێنەوارەکە تا گەشتیاران بەئاسانی سەردانی بکەن، کاتێ دەچیتە ناو خۆرمــاڵ چــەند شــوێنەوارێکی گــرنگ ســەرنجت بۆخــۆی دەبــات لەهەمویان گرنگتر شوێنەواری دووقەڵاو منارەی مزگـەوتی خورماڵـە کەشوێن دەستی باپیرە دێرینەکانی ئەم ناوچەیەی پێوە دیارە.



**قەڵای زەڵم:** قەڵایەکی بەرزو سەختو دژوارەو لەناو دەرووی زەڵمدا هەڵکەوتووە، لەناویاندا تاقو سەکۆی دانیشتنی تیایەو لە نزیکیشیەوە کانیاوێکی ئاوی سازگار هەیە کە پێشتر ئاوی لێوە ڕاکێشراوە بۆ نێو کۆشکی قەڵاکە.

بەهۆی سەختیو بەرزی شوێنی تاقەکانی ناو شاخە هەڵکۆڵراوەکە ناتوانرێت وێنەی ناوژوورەکان بگیرێتو بەباشی خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، لەبناری شاخەکەو خوار قەڵاکە دەشتاییەك هەیە کاتی خۆی شوێنی کۆشکی خان بوە، لەڕێگەی کۆشکەکەشەوە ڕێگە هەبوە بۆ چوونەناو ژوورە تاشراوەکانی ناو شاخەکە، لێرەدا گۆڕدەخمە دەبینرێت کەپەیوەستە بەئایینی میترایيو زەردەشتیو بۆ دانانی تەرمی مردوو بەکارهاتوە، ئەمەش بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە کەشوێنەوارەکە مێژووەکەی لەسەردەمی ئەردەڵانیەکان کۆنترەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میترایيو زەردەشتیەکان، بەڵام پاشتر بەهۆی سەختیو گرنگی ئەم شوێنەوە بۆ پاراستنی خۆیانو قەڵەمڕەوییەکەیان، ئەردەڵانیەکان بنیاتیان ناوەتەوەو کردویانە بە بنکەی سەرەکی بەرگریکردن لە خۆیان.



بەشی باکوری ئەم قەڵایە یەکەمین بنکەی فراوانی (بابائەردەڵ) بووە کەدامەزرێنەری بنەماڵەی ئەردەڵانیەکانە، بابائەردەڵ خەڵکی ناوچەی دیاربەکری باکوری کوردستانە بەخۆیی‌و کەسوکارو ژمارەیەك خزمەتکارو دەست‌و پێوەندەوە بەرەو مەڵبەندی شارەزوور کۆچی کردووە، پاش ئەوەی دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی پەرە دەسێنێت دوژمنان‌و نەیارانی لەتورك‌و فارس چاو ئەبڕنە دەسەڵاتەکەی‌و پیلانی لێدەگێڕن، ئەمیش هێزەکەی لەشارەزوورو دەوروبەری هەڵەبجە دەهێڵێتەوەو قەڵای زەڵم بۆ بەرگری‌و مانەوەی خۆی‌و دەستوپێوەندەکەی بەکاردەهێنێت.

بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، چواردە ساڵ (خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی) فەرمانڕەوایی لەو قەڵایەدا کردووە، هەر ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کەقەڵاکە بەناوی ئەوەوە ناوبانگی دەرکردووە نەك ئەوەی لەسەر دەستی ئەو دروستکرابێت، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی (ئەمین زەگی بەك) ئەم ڕووداوانە ئەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١١٦٨ زایینی.



وشەی زەڵــم ،بەتوێـژێکی سـوری لیـق دەڵـێن کەلەسـەر ئـاوی ڕاوەستاو دەنیشێ، (مـەئمونی کـوڕی بیگـە بـەگ) لەیاداشـتەکانیدا لەباتی زەڵم وشەی زاڵمی بەکارهێناوە، بەپێی سەرچاوە مێژووییـەکان ئـەم قەڵایـە زۆر لـەو مێـژووە کـۆنترە کـەدیاری کـراوەو دەڵـێن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (سالمی کوڕی فەرەیدون شا)ی ئێـران، وەك سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن (فەرەیدون شا) سێ کـوڕی هـەبووە بەناوەکانی (سالم ، تور،ئیرەج) کە لەدواساڵەکانی تەمەنیدا قەڵەمڕەوی دەسـەڵاتەکەی دابەشـکردوە بەسـەر هەرسـێ کوڕەکەیـدا، وابـاس ئەکرێت کەبەشی ڕۆژئاوای



ئێران ئەدرێت بە(سالم) بۆیە پێدەچێ ئەم قەڵایە یـەکێك بووبێت لەبنکـە سـەربازییە بەهێزەکانیو ئەو دروستی کردبێـت، پاشـان بـەپێی سەردەم، وشەکە لە (سالم)ەوە گۆڕاوە بۆ (زەڵم).

وەکو لەشەرەفنامەدا ئاماژەی بۆکراوە، دامەزرێنەری میرایەتی ئەردەڵاَن کەسێك بوە بەناوی ( بابە ئەردەڵاَن ) کە لەناو هۆزەکانی گۆراندا ژیاوەو بە ڕەچەڵەك دەگەرێتەوە سەر (ئەحمەدی کوڕی مەروان) دامەزرێنەری دەوڵەتی مەروانی کوردی کەسەردەمانێك حوکمڕانی ناوچەی جزیرەو دیاربکر بوون.

(بابە ئەردەلان) لەسەردەمی جەنگیزخانی مەغۆلدا ژیاوە، لەو رۆژگارەدا بەرازیبوونی مەغۆل ناوچەی گۆرانو شارەزووری بەدەستەوە بووە.

لەدوای خۆی کوڕو نەوەکانی میرایەتی ئەردەڵاَنیان کردووە.

لەسەردەمی (ئیلخانیو جەلائیری) بەگوێرەی تواناو لێهاتوویی میرانی ئەردەڵاَن سنوری میرنشینەکەیان لەهەڵکشانو داکشاندا بووە، زۆرجار ئەردەڵاَنیەکان ناوچەیەکی فراوانیان لەنێوان ڕەواندوزو کرماشاندا حوکمڕانی کردووە.

شوێنەواری قەڵاَی زەڵمو کەسایەتی (خان ئەحمەدخان) ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوە لەسەر ژیانی خەڵك لەکۆن دا.

(بیگە بەگ) لە سەردەمی خۆیدا پشتیوانی لە (سوڵتان سەلیمی عوسمانی) کردووە لەدژی (شا ئیسماعیلی سەفەوی)، لەرۆژگاری شەڕی چالدێرانو جەنگو ململانێی نێوان سەفەویو عوسمانیدا، توانیویەتی بەشێوەیەکی دیپلۆماسی میرایەتی خۆی بپارێزێ.

(مەئمون بـەگ) لـەدوای (بیگـە بـەگی) بـاوکی میرایـەتی گرتـە دەست، بەڵام بەهۆی نزیکبونیەوە لە(شا تەهماسـیی سـەفەوی)لەنێوان ساڵانی ١٥٢٤ – ١٥٧٦ سوڵتانی عوسمانی لـەخۆی تـووڕە کـرد، ئەوەبوو (سوڵتان سلێمانی قانونی) لەساڵی ١٥٣٨ی زاینیدا هێزێکی گەورەی سەربازی بەسەرکردایەتی (حوسـێن بـەگی بادینـانی) مـیری بادینانی نارده سەر، دوای شەڕێکی سەخت لەئاکامـدا قـەڵای زەڵـم گەمارۆدراو دواتر (مەئمون بەگ) ناچاربوو خۆی بدات بەدەسـتەوەو دوور خرایەوە بۆ ئەستانبوڵ، دوای لێخۆشبونیش کرایـەوە بـەحاکمی شاری حیللە لەخوارووی بەغداد.

(سورخاب بەگ) برای (بیگە بەگی ئەردەڵانە)، لەدوای شکسـتی مەئمون بەگی برازای لەهەڵمەتێکی خێرادا بەکۆمەکی (شا تەهماسیی) سـەفەوی تـوانی شـارەزوور بگرێتـەوە، بـەڵام لـە دوای مردنـی سـورخاب، عوسمانیـەکان لەناوەڕاسـتی سـەدەی شـانزەهەم چـەندین هەڵمەتی سەربازیو لەشکرکێشیان ئەنجامدا بۆ گرتنەوەی شارەزوور، گرنگترینیـان هەڵمـەتی سـەربازی (محەمـەد بەڵتـەجی) بـوو لـەساڵی ١٥٦١ی زایینی کە توانی قەڵای زەڵم بگرێـتو شـارەزوور بخاتـەوە ژێر دەستی عوسمانیەکان .

(خان ئەحمـەد خـان) کـوڕی هـەڵۆخانی ئەردەڵانـە لـە دەربـاری شاعەباسدا پێگەیشتووەو تەنانەت شاعەباس (زەڕین کڵاو)ی خوشکی لێ مارەکرد، (خـان ئەحمـەد خـان) هـەر لەمنداڵیـەوە وەکـو بارمتـە

راگیرابـوو لەئەسـفەهان تـا میرایـەتی ئـەردەڵان ناچـار بەگوێڕایـەڵی فەرمانی سەفەوییەکان بێت.

خان ئەحمەدخان توانی بە پشتیوانیو کۆمـەکی شاعەباسـی گـەورە میرایـەتی ئـەردەڵان زیندووبکاتـەوە، پرۆسـەی فراوانخـوازی خـان ئەحمەدخان بەکۆنترۆڵکردنی ناوچەی موکریان دەستی پێکـردو ئینجـا ناوچەکانی شارەزوورو راوەندوزو هەولێرو کەرکوكو موسڵی خستە سەرسنوری میرنشینەکەیو بەشداریشی لەهەڵمەتی سـوپای شاعەباسـی گەورەکرد بۆ گرتنی شاری بەغداد لەساڵی ١٦٢٣ی زایینی، وەکـو لەسەرچاوەکانی ئەردەڵاندا هاتووە دوای مردنـی شـا عـەباس سـاڵی ١٦٢٩ زایینی گلۆڵەی (خان ئەحمـەد خـان) یـش ئەکەوێتـە لـێژیو پەیوەندی لـەگەڵ سەفەوییەکان تێکچوو، ناچار پەنای بۆ عوسمانییەکان برد، بەڵام هیچی پێنەکرا لەدژی سەفەوییەکان، بەناچاری ڕوویکـردە شاری موسڵ هەر لـەوێش مـردو لـەگردی ( نـەبی یـونس) بـەخاك سپێردرا.

لەسەردەمی خان ئەحمەد خان گرنگی زۆر دراوە بەسـتایلی نـوێی جلو بەرگی کوردیو برەو دراوە بەبواری ڕۆشنبیرانو هونەرمەندانو هونەری گۆرانی بەتایبەت (سیاچەمانە) .

قەڵای زەڵم، فاکتەری بەهێزی بـەرگریو مانـەوەی تـەواوی ئـەو میرنشینو فەرمانڕەوایانە بوە کە لـە قۆناغـەکانی ڕابـردوودا حـوکمی ناوچـەکەیان کـردووە، بەتایبـەت لەسـەردەمی (خـان ئەحمـەد خـان)

کەتوانیویەتی بەپاڵپشتی ئەم قەڵایە سنوری قەڵەمڕەوییەکەی بگەیەنێتە کەرکوك‌و موسڵ‌و ناوچەی موکریان، هەرئەمەش وایکردووە قەڵاکە بەنێوی (خان ئەحمەد خانەوە) بنرێت‌و ناوبانگی گەورە پەیدا بکات.

**سەرچاوەکان:**


١. شەرەفنامە (شەرەفخانی بەدلیسی ).
٢. مێژووی کوردوکوردستان (ئەمین زەکی بەگ).
٣. مذکرات مأمون بیکە بك، تعریب، محمد جمیل روژبیانی وشکورمصطفی ، الطبعة الاولی ١٩٨٠، بغداد.
٤. نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، مێژووی سیاسی،میرایەتی بابان لەنێوانبەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، کتێبی سێهەم بەرگی یەکەم.

## گوندێکی عەرەبنشین لەکوردستان



سەرنجڕاکێش هەڵکەوتووە، چیرۆکو سەرگوزەشتەی دورستبوونی ئەم گوندە پەیوەندی بە شاڵاوی تەعریبکردنو ڕاگواستنەوە نییە، بەڵکو کردەیەکی خواستراوو ئارەزومەندانەی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەو باووباپیرانی دانیشتوانی ئێستای ئەم گوندە عەرەبنشینەیە کەمێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠ ساڵ بەر لەئێستا.

ئاوێتەبوونی کەلتورو ئاشنابوون بەژیانی نەتەوەو گەلە جیاوازەکانو قبوڵکردنی یەکتر، خەسڵەتێکی جوانی مرۆڤایەتییەو ئامرازێکە بۆ دروستبوونی پردی پەیوەندیو خۆشەویستیی، گوندی ئازادی لەناوچەی دەربەندیخان نمونەی باڵای ئەوخەسڵەتەی مرۆڤایەتییەو سەدان ساڵە دانیشتوانەکەی کەسەرجەمیان عەرەبن، ئەم بستەخاکەی کوردستانیان کردوەتە نیشتمانی سەرەکی خۆیانو تارادەیەکی زۆر شوناسو کەلتوری عەرەبی خۆیان پاراستوە، لەپاڵ

تێکەڵبوونو پەیوەندیی دانیشتوانی ئەم گوندەی بەناوچەکانی دەوروبەرییەوە، دەرفەتی ئاڵوگۆڕی کلتوورو فەرهەنگی کوردیو عەرەبی ڕەخساندووە، کوردیزانیو ژنو ژنخوازیو پۆشاکی کوردی دانیشتوانی ئەم گوندە عەرەبنشینە، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن .



لەبەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی گوندی ئازادی عەرەبنشینەوە، زنجیرە شاخێك بوونەتە شورایەکی گەورەو دیمەنی ناوچەکەیان جوانتر کردوەو ئەو ناوەیان خستۆتە ئامێزی خۆیان، لەبەشی رۆژهەڵاتیشەوە شاخەکانی (شەواڵ دڕەو بەمۆو باوەخۆشیكو زمناکۆو شەمێران) هەڵکەوتون، لەبەشی رۆژئاواشەوە زنجیرە شاخێك بە دەربەندیخانو بانیخێلانو سەنگاوو قەرەداغدا درێژ بۆتەوە تا دەگاتە چەمچەماڵ .

دانیشتوانی گوندی ئازادی، سەرجەمیان عەرەبن‌و (٦٥)خێزان لەخۆ دەگرێت، زمانی ئاخافتنی دانیشتوانەکەی عەرەبی بەپلەی یەکەم‌و پاشان زمانی کوردییە، مێژووی دروستبوونی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ (٣٠٠) ساڵ پێش ئێستا کاتێك باووباپیرانی ئەو خەڵکەی لێرە نیشتەجێن بەچەند قۆناغێك لەنیوەدورگەی عەرەبییەوە بەرەو ئێرە کۆچییان کردوەو سەر بە عەشیرەتی فەتلەن کە عەشیرەتێکی گەورەی عەرەبییە.

ئەم گوندە سەر بەناحیەی مەیدانی قەزای دەربەندیخانەو بەدووری (٢)کم کەوتۆتە باشوری ناحیەکە، دانیشتوانەکەی لەزاری باووباپیرانیانەوە دەگێڕنەوە، کە لەبنەچەدا خەڵکی جەزیرەی عەرەبین‌و بەهۆی هێرشی تەتەرو مەغۆلەکانەوە ئاوارەبون بەرەو عێراق‌و ئوردون‌و سوریا، سەرەتا لەعێراقدا هاتونەتە شاری ( نەجەف‌و میشخاب )و سەرقاڵی بەخێوکردنی گامێش بوون، پاشان بەهۆی بوونی ئاوی ڕووباری سیروانەوە بەرەو دیالەو خانەقین هاتون‌و، لەدوا وێستگەشیاندا لەم گوندەی ئێستادا گیرساونەتەوە کە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەناحیەی مەیدانی قەزای دەربەندیخانە.

بوونی ئاوی ڕووباری سیروان فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ بەخێوکردنی گامێشەکانیان‌و هەرئەوەش خاڵی بەهێزی هەڵبژاردنی ئەم ناوچەیە بووە، لەئێستاشدا دانیشتوانەکەی پیشەی سەرەکی

باووپایرانیان لەدەستنەداوەو بەشێوەیەکی سەرەکی بژێوی ژیانیان لەسەر بوونی بەخێوکردنی گامێشو کشتوکاڵ و مەڕو ماڵاتە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (ئینفۆگرافیکی) کە لەسایتی سۆمەرییەنیوزدا بلاوکراوەتەوە، عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کەبەهۆی بوونی ڕووبارو هۆڕو زەلکاوی زۆرەوە، گامێشێکی بەرچاو لەخۆ دەگرێت، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە: نزیکەی ٢ ملیۆنو ٨٠٠ هەزار سەر گامێش لەعێراقدا بونی هەیە بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

تەنها لەگوندی ئازادیدا (١٥٠٠) سەر گامێش هەیەو بۆتە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی شیرەمەنی بۆزۆربەی ناوچەکانی کوردستان، لەهەمانکاتدا (٥٠٠) سەر مەڕوبزنو نزیکەی (٦٠٠)سەر مانگای کوردی لەم گوندەدا هەیە.

خەڵکی گوندی ئازادی یاخود گوندی عەرەبەکان بە قەولی کوردانی ناوچەکە، جگە لەبەخێوکردنی مەڕوماڵاتو گامێش بە کاری جوتیارییەوە خەریکنو برنجو گەنمو جۆو گەنمە شامیو تەماتەو خەیار بەرهەم دێنن.

بەوتەی دانیشتوانی گوندەکە، بەهۆی هاوکاری نەکردنی حکومەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندی دارەکان، وەك پێویست ناتوانن بەرهەمی شیرەمەنی زیاد بکەن، گوندەکەشیان بەهۆی بوونی چەند کارگەیەکی جیاکردنەوەی چەوولمەوە ڕووبەڕوی شێوێنراوی بۆتەوەو بەربەست لەبەردەم لەوەڕاندنی گامێشەکان لەئاوی ڕووبارەکەدا

دروستبوە کە بە چەمە ڕەش ناسـراوە، لەکاتێکـدا بـوونی ئـەم چـەمە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بەخێوکردنی گامێش لەم گوندەدا .



ببینێت بەناموٚی دائەنێتو زۆر جار بواری دۆشین نادات یان پەلاماری نەیارەکـەی ئـەداتو زەبرەکـانی کوشـندەن، کـاتێکیش دوو لـەو گامێشانە بەشەڕدێن وەك ئەڵێن بەمانگ لەشەڕدابوونو هەندێکجاریش ملـملانێـی نێوانیـان بەگیانلەدەسـتدانی یـەکێکیان کۆتـایی هـاتوە، توانستو هێزی گامێش بەڕادەیەکە، تەنانـەت دڕنـدەکانیش نـاتوانن ڕووبەڕوی ببنەوەو بیبەزێنن.

وەك دانیشتوانی گوندەکە ئاماژەی پێ ئەدەن: شەش پشتیان لێـرە بەڕێ کردووەو پەیوەندی کۆمەڵایـەتییان لـەگـەڵ کـوردانی ناوچـەکە زۆر بەهێزە، ژنو ژنخوازیی لەنێوانیاندا هەیـەو بەشـداری هـەمو بۆنـە خۆشو ناخۆشەکانی یەکتر دەکەن، لەهەمانکاتدا کوردانی ناوچەکەش مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ دەکەنو ڕێزیان دەگرن.

ئەم گوندە هاوشێوەی گوندەكانی دیكەی كوردستان، كەوتۆتە بەر ستەمی داگیركـەرانو ڕژێمـە یـەك لەدوایەكـەكانی عێـراقو سـوپای سوری ڕوسەوە، لەساڵی ١٩٢٠ تا ئـەمرۆ (١٤)جـار ڕوخێنـراوەو دروستكراوەتەوە، لەماوەی نێوان هەردوو شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشـی نوێدا (٤)جار ئەم گوندە ڕووبـەڕووی وێرانكـاری بوەتـەوە، ئـەوەش دەگەڕێتـــەوە بـــۆ پشـــتیوانی دانیشـــتوانەكەی لەشۆڕشـــە یـــەك لەدوایەكەكانی كوردستان هەر لەشۆڕشـی شـێخ مـەحمودی نـەمرەوە تادەگاتە شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێ.

دوا وێرانكـاری ئـەم گونـدە لەسـاڵی ١٩٨٢ بـووە كەتـەواوی خانووەكانی سوتێنراوەو تەنها خەڵكەكەی ڕزگاریان بـووە، لـەدوای ڕاپەڕینو دروستبوونی حكومەتی خۆماڵیەوە، گوندی ئازادی لەساڵی ١٩٩٣ ئاوەدانكراوەتەوە .

ئەم گوندە سیمای گونـدێكی هاوچـەرخی هەیـەو ئـاوەدانی پێـوە دیارە، بوونی قوتابخانە لەگوندەكەدا وایكـردوە لـەدنیای هاوچـەرخو خوێندەواری دانەبڕێتو كۆكردنەوەی منالآنی گوندیش هێمای بوونی زیندوێتی گوندەكەیـە، هاوكـات گوندەكـە خـاوەنی پـرۆژەی ئـاوو مزگەوتەو لەوەڕگای گامێشو مانگاو مەڕو مەلآتەكانیش لـەدەرەوەی گوندەكەیە، ئەوەش سیمایەكی جوانتری پێ بەخشیوە.

# قەڵای سرۆچك



**کاتێ لەبەرزنجەوە، بەئاڕاستەی ڕۆژهەڵات ملی ڕێگا ئەگریتەبەر، دیمەنی لێڕەوارو کەپکە شاخ سەرنجت کێش دەکەنو ، لەجوانی سروشتێکی خواکردو سەرزەمینێکی بێ نازدا دۆش دادەمێنیت، تاڕەوتی ڕێگا ببڕی، بلنّدیو سەختی شاخەکان زیاتر سەرت پێ بەرز ئەکەنەوەو ئاشنا ئەبیت بەلوتکەی شاخی یاخیو ئاسارو شوێندەستی باووباپیرانمان.**

**جێ نیازو ئامانجی ئێمە شوێنەوارێکی دێرینی ناوچەیەکە کەئەستەمە لەڕێگەی ئۆتۆمبێلەوە پێی بگەیت، لەکۆتایی ڕێگەدا تۆپۆگرافیەکی سەختو ئالۆز ناچاری کردین دەستبەردای ئۆتۆمبێل بینو ملی تولەڕێ بگرینەبەرو، نزیکەی کیلۆمەترێك بەپیادە ڕێ بکەین.**

**لەدووری چەند کیلۆمەترێکەوە قەڵای سرۆچك خۆی دەنوێنێت، لەبەرزاییەکانی هاوشانی قەڵاکە، بەدووری چەند سەد مەترێك**

قولەکانی ئێشکگری قەڵای سرۆچك بەچاو دەبینرێن، پاش بڕینی کیلۆمەترێك بەپێ، گەیشتینە نێو قەڵاکە....

قەڵای سرۆچك قەڵایەکی بەردینی مێژووییەو دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانیو نزیك گوندی (مۆریاس)ی سەر بەناحیەی بەرزنجەیە، قەڵاکە لەسەر بەرزاییەکی سەخت هەڵکەوتووەو پێکهاتەکەشی لەبەردو قسڵو مادەی سروشتی ناوچەکە دروستکراوەو لەچەندین ژوورو هۆڵی گەورە پێکهاتووە کەبەشێکی زۆری ئاسەوارەکەی ماوەتەوە، بەهۆی کەمی کاری کنەو پشکنینەوە نەتوانراوە مێژووی دروست بوونی دیاریی بکرێت، لەڕووی تەلارسازیەوە گرنگیەکی بەرچاوی هەیە کەگوزارشت لەڕووە هونەریی و ئەندازیاریەکەی دەکات، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم وەك پێویست گرنگیان بە نۆژەنکردنەوەی ئەم قەڵایە نەداوەو بەو هۆکارەش بەشێك لە لەپێکهاتەکەی ڕووخاوەوو مەترسی زیاتری لەناوچوونیشی لێ دەکرێ .



**بەهۆی سەرنجڕاکێشی سروشتی ناوچەکەو بونی ئەم شوێنەوارە گرنگە، ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لەگەشتیارو مێژوو نووسو ڕۆژنامەنووسانی بیانیو ناوخۆیی سەردانی دەکەن.**

**هەرچەندە ناوەندی ناحیەکە دەکەوێتە بەرزنجەوە، بەڵام بەهۆی گرنگیو بایەخی قەڵاکە ناحیەکە ناونراوە سرۆچك، کەپێکهاتوە لە(٣٤)گوند. لەساڵی (١٩٢١) ناحیەکە دامەزراوەو لەسەرەتاوە هەر ناوی ناحیەی سرۆچك بووە، لەئێستادا ژمارەی خێزانەکانی ناحیەکە (٧١٤) خێزانەو ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە (٢٥٢٥)کەس .**

**ئەم قەڵایە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناحیەکەو (٢٢ کم) لەناوەندی ناحیەکەوە دوورە، لەسەربەرزی شاخێکەوە دروست کراوەو سەرکەوتن بەسەریدا زۆر قورسو گرانە، لەدەوری قەڵاکە دیواری**

بـەرزو گـەورە دروسـتکراوە تـاهێزی دوژمـن نـەتوانێت بچـێتە نـاو قەڵاکەوە.

ڕووبـــەری قەڵاکـــە زۆر فـــراوان بـــوەو مەزەنـــدە ئـــەکرێت بە(٨٠٠٠)هەشت هەزار مەتر ، لەئێستادا بەهۆی داڕوخـانی دیـوارە بـەرزکانی قەڵاکـە زۆر لـەپاشماوەکانی وون بـوون ، بـەڵام پارچـەی شکاوی گۆزەو دیـزەو بـەردی هـەڵکۆڵـراو بـۆ پێداویسـتی خـەڵکی ناوقەڵاکە دەبینرێن لەگەڵ بوونی قولـەی بەرزی شوێنی ئێشك گرتن بۆ پاراستنی قەڵاکە، کاتیٚ مرۆڤ ئەم شوێنە دەبـینیٚ سەرسـام دەبێـت کـە چۆن بەو شێوازە هونەریەو لـەم ناوچـە سـەختەدا دروسـت کـراوە، قەڵاکـە دەڕوانـیٚ بـە سـەر هەرچـوار دەوری خۆیـداو پێکهاتـەی ژوورەکانی جیـاوازن، هەنـدیٚ ژووری تێدایـە بچـوکن‌و هەنـدێکیان گەورەو فراوانن، لـەناو قەڵاکـەدا ئـەوەی بـەجوانی دیـارە دیـواری دەوری قەڵاکـەو دیـواری ژوورەکـان‌و تـاق‌و کڵاورۆژنـەو شـوێنی دەرگاو پەنجەرەو شـوێنی ئەسـپەکانە، بەوتـەی شوێنەوارناسـان لـەناو قەڵاکەدا شوێنی تایبەت بۆ میر یان پاشا دانراوە.

پێکهاتەی دیواری ئەم قەڵایە لەبەردی گـەورەو قسـڵە، قسـڵێش هاڕاوەی بەردەو لـەگەڵ گەچ تێکەڵ ئەکرێت‌و ئەگیرێتەوە لەچـیمەنتۆ بەهێزترەو ماوەیەکی زۆرتر ئەمێنیتەوە، هەموو دیوارەکان لـەو قسـڵە دروست کراون.

شــەرەفخانی بەدلیســی لــەکتێبی شــەرەفنامەدا ئامــاژەی بۆقــەڵای سرۆچك کردوەو مێژووەکەی ئەگەڕێنێتەوە بۆ (٤٥٠ بۆ ٥٠٠) ساڵ لەمەوبەرو دەڵێت: لەسەردەستی (حەمەبەگی کوڕی مینەبەگی کوڕی بابە ئەردەڵان ) دروستکراوە.

سەبارەت بەناوی سرۆچك دوو بیروڕای جیاواز هەیـە، یەکـەمیان دەیگەڕێنێتەوە سەر زمانی تورکی کە بەواتای مێگەل یـان ڕانەمـەڕ دێت، واتەکەی تریش لەزمانی کوردیدا هەیەو ئەیگەڕێننەوە بۆ وشەی (سرو لەگەڵ چك) کە بەمانای دەنگی نزمی تکەی ئاو دێت، ئەمـەش لەسەر بنەمای ئەوەی دەوروبەری ئەو شاخەی قەڵاکەی لەسەر بنیات نراوە ئاوی زۆری لێ بوەوە بەشـێوازی تنـۆك تنـۆك هاتۆتـە خـوارو دەنگێکی خۆشی دروست کردوە.

شــاکر فــەتاح یەکێکــە لەنوســەرەکانی کــورد ســاڵی (١٩٣٢) گەشــتێکی کــردوە بــۆ قــەڵای سرۆچــك‌و یاداشــت‌و بــیرەوەری زانیاریەکانی خۆی لەسەر ئەم ناوچەیە تۆمارکردوە، دواتر لــەکتێبێکی قەبارە بچوکدا چاپی کردوە بەناونیشانی (گەشتی سرۆچك)، ئەو بــەم جۆرە باسی قەڵای سرۆچـك دەکـات، قـەڵای چـی ؟ کێوێـك بـوو چووبوویە ئاسماندا هەر دیوارێکی کە ڕووخاویش بوو، ئێستاش لەسێ گــەز بڵنــدی کــەمتر نــەبوو، نیــوەی کێوەکــە هــەتا نیــوەی دامــێنی بەدیوارەکانی داگیرکردبوو، دیوارەکانیان بەشێوەیەکی ڕێك‌و پــێکن، شەش قوڵــەی دوو نهــۆمی لــەناویا ئەســتێرکێك بووبــوو، درەخــتی

هەموو ڕەنگەی تیا ڕووێنرابوو، کەتائێستاش گەلێکی تیامابوو، بەهەر چوارلای حەوشەکەیدا ژووری یەك نهۆمیو دوو نهۆمی تیادروست کرابوو، ئەم ژوورانە ئێستەیش جیّ تاقەکانیان گەورەوبچووك ماون، وادیارە کەموغەیری لەهەموو ژوورێکیا، هەتاکو لە قوللەکانیشیا هەبووە، شوێنەکەی هێندە گەورەیە پیاو هەرگیز بەبیریا نایە کەبەو تەرحە بە بەردو قسلّو گەچ بەسالێکییش تەواو کردنی تەواو بووبیّ، تەنانەت درۆیەکیش بەدەمیەوە هەلّبەستراوە (گوایە ئەلّێن کرێکار ڕێك هەتا حەوت شەوو حەوت ڕۆژ خشتێکی بەدەستەوە بووە، لەبەر کرێکار زۆری دەستی نەگەیشتۆتە وەستاکە بیداتیّ) .

ئەمەش هەرچەند بەزۆرەوە وترابیت بەلّام ئەمەم بەسە بۆ ئەوەی پیشاندانی گەورەیی (قەلّای سرۆچك)و ئەو دەمەی بەکردنیەوە بەسەر براوە، کەپاشایەك بەخۆییو فەرمان پێدراوانو لەشکرو دەستو پیّو ژنو مالّی هەموویانو ئاژەلّیانەوە بەئاوو نانیانەوە بەکەلوپەلیانەوە لەو قەلّایەدا جێگایان بۆتەوە.

شاکر فەتاح دەشلّێت: قەلّاکە هێندە بەرزە لەکێوەکە بۆتە کێو، کەپیاو لە قوللەیەکەوە سەیری ئەو دێهاتی گویّ چەمو سەرگردانە ئەکات، چاوی ڕێشکەو پێشکە ئەکات، هێندەی نامێنیّ زارە ترەك بیّو بەسەرا بکەوێتە خوارەوەو هەپرۆن بەهەپرۆن ببیّ، ئێستەش کەلاوەی ژوورەکانی بەشێکی گەورەی موغەیریو تاقەکانی لاو نیوێکی دیوارەکانین بەسەر ئەم چەمو چوغوردەی خوارەوەدا چاوئەگێڕن.



هەروەها بۆچونێتر لەسەر قەڵای سرۆچك هەیە کەدەکەوێتە نزیك گونـدی قەویلـە لەخۆرهـەڵاتی بەرزنجـە، لەسـەر ڕەوەزە شـاخێکی سـەختو بـەرز لەشـوێنێکی گـرنگو سـتراتیژی هەڵکـەوتوە بـەپێی سەرچاوەکان مێژووی دروسـتکردنەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی میرنشینی ئەردەڵانو پێش فەرمانڕەوایی (مەئمون بەگ لەنێوان ساڵانی ١٤٥٧-١٤٩٢ زایینـی)، لەسـەردەمی میرنشـینی بابانیشـدا وەکـو زیندانییەکی گرنگی سەربازی سودی لـێ بینـراوەو بـەهۆی کێشـەو ململانێ بەردەوامەکانی ناو بنەماڵەی بابـان چـەند پاشـایەکی بابـانی ماوەیەك تیایدا زیندانی کراون.

هەروەها دەگێڕنـەوە پـاش تـەواوکردنی قەڵاکـە ئـەو وەسـتایەی دروستیکردوە کوژراوە تانهێنی دروسـتکردنو نەخشـەکەیو شـوێنە

سەربازییەکانی بەنهێنیو شاراوەیی بهێڵرێتەوەو دوژمن کەڵکیان لێ وەرنەگرێت.

(مەلا مەحمودی کزەڵ) یەکێکە لە شاعیرو نوسەرەکانی ناوچەکەو چەند کتێبێکی لەبوارە جیاوازەکاندا نوسیوە، ئەو ساڵی ١٩٢٧لە مۆریاس لەدایك بووەو ساڵی ٢٠١٤ کۆچی دوایی کردوە، (مەلا مەحمود کزەڵ) شیعرێکی دووورودرێژی بۆ قەڵای سرۆچك نوسیوە کەپرسیارکردنە لەمێژووی قەڵاکەو هەر خۆشی لەجیاتی قەڵای سرۆچك وەڵام ئەداتەوەو ئەڵێ:

قەڵای سرۆچك ئەی ساحیب ئاسار
من ئەکەم سوئال تۆش بێرە گوفتار
چونکە تۆ قەڵای ساحیب نەزارەت
جێگەی فەرێحیو خۆشیو بەشارەت
بەقەڵای سرۆچك مەشهورو دیاری
جێگەی سەیرانگاو ساحیب ئاساری
شوێنی جێگەکەت ئەوەندە سەختە
جێگەی کەسێکی بیرتیژو نەختە
ئاسارت شایەت کە ئێستا ماوە
لەهەموودنیا ناوبانگت باوە
قوللەی گەچکاریت جێی مەتەرێزت
نیشانەی حاریس عەدو پارێزت

موحیتی ئەتراف دیواری دەورت
نیشانەی مەردی  ساحیبی جەورت
هەروەختێ من بێم بۆ سەیرانی تۆ
هۆشم نامێنێ بۆ حەیرانی تۆ

هەروەها لەزمانی قەڵاوە مەلا مەحمودی کزەڵ وەڵامی خۆی ئەداتەوەو ئەڵێ :

هەستایە سەرپێ بەزوبانی حاڵ
ئیفادەی خۆی کرد بە عەقڵۆکەماڵ
گریا هەر گریا خوێن لە چاوی هات
بۆ مەعزوری خۆی بۆ دەردی وڵات
بۆ جەیش‌و سوپاو شۆخ‌و شەنگی خۆی
بۆچۆڵ پەرستی مەنفیو تەنگی خۆی
لەپاش گریان‌و بەگریانەوە
بەجەرگی توێ توێ دڵبریانەوە
وتی ئەمبینی کەدارِوخاوم
کەلاوە کۆنی سەرلێشێواوم

ئەوەی لەشیعری ئەو شاعیرەدا بەدی ئەکرێت، گرنگی‌و بایەخ‌و ڕۆڵۆکاریگەری قەڵای سرۆچکە لەوسەردەمەی کەمیر یان پاشای ئەو کاتە چ کاریگەریەکی هەبوەو باسی بایەخی قەڵاکە ئەکات لەمێژووی کۆنی کوردا، هەروەها باسی ئێستای قەڵاکە ئەکات کەتوشی چ

وێرانکاریـەك بـووەو چ نەگبەتیـەك یەخـەی گرتـوەو کـەس ئـاوڕی لێناداتەوە، ئەگەر ئەو ڕازەی دڵی شـاعیر کـەڕازی شوێنەوارناسـانو کەلەپوردۆستانە، وەرگێڕدرێتەسەر کـردارو لایەنـە پەیوەندیـدارەکان ئاوڕی لێبدەنەوە، ئەوا بێشك ئەم قەڵایـە دەبـوە فاکتـەرێکی بـەهێزی گەشـتیاریو کێشـکردنی گەشـتیاران لـە ئاسـتی نـاوەوەو دەرەوەی وڵاتدا.....

**سەرچاوەکان:**


١. شەرەفنامە (شەرەفخانی بەدلیسی).

٢. گەشتێك بۆ قەڵای سرۆچك (شاکرفتاح).

٣. بەرهەمە شیعریەکانی مەلا مەحمودی کزەڵ.

# ئەزمڕو گۆیژە شانازی مێژوو



(ئەدیبەکانی غەربو سەرامەدانی شوعەرای عوسمـانی کەهونـەری خۆیان لـەنەشئەو مـەلوولیی تولّـووعو غورووبـدا نوانـدووە، ئەگـەر ڕۆژهەڵاتی گۆیژەو ئاوابوونی بەرانانیان لـەپێش چـاو بوایـە، زۆرتـرو جـوانتر ئـەم دووڕەنگـە شـۆخو شـەنگو غـەمبارو دڵتەنگـەیان ئەنەخشاند).

ئەم پارچە پەخشانە گوزارشت لـەهەسـتی شـاعیرانەی پیرەمێـردی نەمردەکات دەربارەی جوانی سروشتی شاخی گویژەو بەرانان کەوەك شورایەکی پارێزەر دەوری سلێمانیان داوە، ئـەو لـەسـەردەمی خۆیـدا نیگەرانی لەشاعیرانی هاودەمو پێشینەی خـۆی دەربڕیـوە کەگۆیـژەو ئەزمـەڕیان نەکردوەتـە کەرەسـتەی شـیعریو پـەییان بەسـیحرو جوانییەکەی نەبردوە، دەڵێت: نازانم بلّێم چی؟ ئـەم هـەموو شـاعیرە

کوردە، لەم خاکە بەرزەدا هەڵکەوتوون، تەنها لاسایی مەیو مەعشووقو زوڵفو خاڵیان کردووەتەوە، هیچیان ڕۆژهەڵاتێکی گۆیژەو ئاوابوونێکی شاخی بەرانانیان نەنووسیوە.

که باس لەسلێمانی ئەکرێت ڕاستەوخۆ وێنای شارێکی دەورەدراو بەشاخی سەرکەش خەیاڵمان داگیردەکات، شاخەکانی گۆیژەو ئەزمەڕ لەباکورو باکوری خۆرهەڵاتیدا وەك شورایەکی خواکردی جوان داکوتراون و بەبەردەوامی پەخشکەرەوەی شانازی و نازێکی قوڵن بەسەر شاردا.


زنجیرە شاخی ئەزمەڕو گۆیژە کەدۆڵی مایینان هێڵی جیاکەرەوەیانە، دوو ناوی دیارو گەشن لەمێژووی شاری سلێمانیو هەر بەهۆی جوانیو گەشی ناوەکانیانەوە دووگەڕەکی شاری سلێمانی بەناویانەوە ناونراون، لەبنەڕەتدا ناوی گۆیژە دەگەڕێتەوە بۆ داری گۆیژ، کە لەکۆندا ڕووکاری شاخەکەی داپۆشیبو، دەستپێکی ئەم شاخە لەقوللەی مەحمود خانەوە دەست پێ ئەکات تادەگاتە دۆڵی مایینان کە لەئێستادا دۆڵە میرانی پێ ئەوترێ، گۆیژە نزیکەی هەزار مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، ئەمەش وایکردووە ببێتە وێستگەیەکی گرنگی تێڕامانو لێوردبونەوەی خەڵکی شارو گەشتیاران لە سیحرو ئەفسونی شار.




شاخی ئەزمڕ (نزیکەی ١٣٠٠)مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزەو بەدووری (١٥)کم کەوتۆتە باکوری شاری سلێمانیو هێڵی جیاکەرەوەو سنوری شارباژێڕو سلێمانیە.

ئەزمڕ لەزنجیرە شاخێك پێکهاتووە لە(پشتی وێڵەدەرو گۆیژەو هەڕوتەو ئەزمەڕو قوتەی خەمزەو شاخی دوو براو قوتەی قەیوانی گەورەو قەیوانی بچووكو دابانو هەلاجو مالومەو چۆخماخ) درێژ دەبێتەوە تادەگاتە شاخی پیرەمەگرون.

سەبارەت بەناوی ئەزمەڕ دوو بۆچون هەیە، پیرەمێردی نەمر ئەڵێ: لەوشەی ئیزمیری تورکیەوە هاتوە ، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی ئەڵێ: وشەی ئەزمەڕ لەناوی (ئەزمیرەخانی ) خوشکی (فەروخ خانی) پاشای ساسانیەکانەوە وەرگیراوە کە لەکاتی هێرشی ئیسلامدا شەهید بووە .



کاتی خۆی پیرەمێردی نەمر لە(ڕۆژنامەی ژین)دا ئاماژە بەگرنگی گۆیژە ئەکاتو ئەڵێ داری بستە زۆر گونجاوە لەو شاخە بڕوێنرێ، لەکاتێکدا ئەم درەختە جگە لەبەخشینی دیمەنێکی جوانو ژینگەیەکی پاك بەشار، لەهەمانکاتدا دەبێتە سەرچاوەیەکی بژێوی باش بۆ دانیشتوانەکەی، ئەوەی ئێستا لەژینگەی ئەم دوو شاخەدا بەدیدەکرێت پێچەوانەکەی ڕاستەو تائێستا ڕووبەرێکی بەرفراوانی ئەم دووشاخە ڕووتەڵە.

پیرەمێردی مەزن پەخشانێکی زۆر جوانی بۆ گۆیژە نوسیوە لە ساڵی (۱۹۳۹)و لەڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (٥٥٥) بڵاویکردۆتەوە، بەزمانێکی ئەدەبیو جوانو پوخت ئەڵێ:

(دەمی بەیانیان ڕۆژ لەبارەگای خۆیەوە کەسەر دەربێنێ، پێشەکی سەری ئەو ماچ بکا دوای ئەوە کە لەداوێنی ئەودا زەڕئەفشانیو شاباشی پێشکەشی درەخشانی کرد، ئەنجا بەسەر دەشتو ئاوەدانیدا

خۆی بنوێنێ، شەو مانگ لەبەردا سەر بکاتە سەر شانی، ڕازو گلەیی پەنهانی خۆی لەلا بکات).

پەری شۆخی شەو بێتە لای ئەو، ئەنجا بکەوێتە ئارایشی تازەبووکەکانی باغو ڕاغی نەو! تارمی لاجیوەردیی ئاسمان بۆ گوڵاڵەی سوورو گوڵی زەردو بۆیبوونی سپیو ڕەشەقومامی سەوزو شاتەڕەی شینی ئەو ببێتە سایەبان. ئێمە کەوتووینە ناو دڵو دەروونی دوو شاخەوە، کەدەستی سروشتی پەروەردگار هەرچی شاعیر خەیاڵی لێبکاو ئەوروپایی شەیدای بێ، بە گۆیژەو گڵەزەردەو بەرانانی بەخشیوە).


لەوەسفی جوانی شاخی گۆیژەدا، شاعیری نەمر (فایەق بێکەس ) ئەو شاخە ئەکاتە نمونەی جوانیو سروشتی ڕازاوەی یەزدانو لەوەوە خۆشیو شادیو کامەرانیو سەرفرازی نەتەوەو، دڵو دەروون پاکی نەتەوەی کوردو بەپیتی ئەم کوردستانە لەچەند دێڕێکا ئەنەخشێنێ، کەدواتر ئەم پارچە شیعرەبووە وێردی سەرزمانی منداڵانی کوردستانو لەقوتابخانەکاندا ئەیانوتەوە،لەسەر ئەم شیعرە بۆچونی جودا هەیە هەندێك پێیان وایە شیعری  فایەق بێکەسە ئەوانیتر دەڵێن شیعری بەختیار زیوەرە، لەدیوانی هەردوو شاعیرانی نەمردا شیعرەکە هەیەو پێویستی بەوە هەیە  ساغ بکرێتەوە، وامن لێرەدا دای ئەنێم، بەهیوایەم ئەگەر عومرباقی  بێت  لەلایەن خۆم، یان کەسانی دیکە ساغیبکەنەوە..

شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە باعیسی کەیف و سروور
هەر دەمە بەرگێ ئەپۆشێ، گا سپی، گا سەوزو سوور
وەسفی قەومی کورد ئەکەی تۆ بەم هەموو ڕەنگانەوە
ڕەنگی سوورت شاهیدە بۆ کورد کەقەومێکن جەسوور
بەرگی بێگەرد و سپیشت زاهیرە هاوارئەکا
قەومی کورد دڵ ساف‌و پاکە میللەتێکە بێ قسوور
بەرگی سەوزیشت ئەڵێ ئەم خاکە هەر شینایییە
پڕ لەدەغلۆدان‌وکانی سەر بەرزق‌و پڕ لەنوور
ئەی وەتەن! شایانی فەخری، واجبە مەدحت بکەم
داروبەردت عەینی گەوهەر، خاك‌و خۆڵت وەك بلوور

شاخی ئەزمڕو گۆیژە لەمێژووی خەباتی ڕزگاری نەتەوەییدا جێگەو پێگەی دیاریان هەیە، ئەم دووشاخە بەدرێژایی



شۆڕشەکانی کورد بوونەتە پەناگەیەکی بەهێز بۆحەسانەوەی شۆڕشگێڕانی کورد لەشەڕی بەرەنگاریو بۆتە سەنگەرێکی پتەوی نەشکاوو مەتەریزی مانەوەو چۆکدادان بە دوژمانانی کورد، لەشۆرشی ئەیلولدا دەیان جار لەلایەن فرۆکەو تۆپهاوێژەکانی دوژمنەوە بۆردومان کراوەو دەیان پێشمەرگەی کوردستان لەکاتی بەرەنگاریدا گیانیان بەم خاکە بەخشیوە، بۆ نموونە لەسەردەمی ئیمارەتی باباندا کەپایتەختەکەی لەقەڵاچوالان بوە، شاخی ئەزمەڕو گۆیژە بونەتە قەڵغانو پارێزەرێکی پتەو لەبەرامبەر هێرشی دژومناندا، پاش کۆتایی هاتنی گفتوگۆی شۆڕشی ئەیلولیش لەگەڵ ڕژێمدا لە ١٩٧٤/٦/١٩، لە بەرەنگاریەکدا ١٠ پێشمەرگە لەشاخی ئەزمەڕ شەهید بوون، لەشۆڕشی نوێی گەلەکەشماندا و بەدیاریکراوی لە(داستانی ڕزگاری)دا لە ١٩٨٧/٤/١٤، پێشمەرگە توانی زنجیرە چیای ئەزمڕ لەدوژمن پاکبکاتەوە، هەر لەو زنجیرە شاخەدا داستانی (قەیوان- ماوەت) لە ١٩٨٦/٨/٣٠ کە سێ مانگی خایاند بووە یەکێکیتر لەداستانەکانی شۆرشی نویێ، لەپاش ڕاپەرینو گەرانەوەی ڕژێمو ئاوارە بوونی گەلی کورد، ئەزمڕ لە ١٩٩١/٤/٣ جارێکی تر بۆتەوە سەنگەری بەرەنگاریو ١٢ هاوولاتی شەهیدو برینداربوون بەهۆی بۆردومانی دوژمنەوە.




مامۆستا نەجمەدین مەلا یەکێکە لەو کەسە گەورانەی ڕۆڵی پڕبایەخی بینیوە لەخزمەتی خوێندەواری‌و هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، کاتێ نەجمەدین مەلای خاوەن کەشتی نوح وەفاتی کرد، بڕیاربو لەسەر وەسیەتی خۆی لەچیای ئەزمەڕ خاکسپاردە بکرێت، بەهۆی ڕێگری‌و فشارەکانی حکومەتی بەعسەوە، نەتوانرا وەك خۆی وەسێتەکەی جێبەجێ بکرێت و بەناچاری‌و بەئەمانەت لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا، ساڵی ١٩٧٠ (کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کورد) بە هاوکاری (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) شەرەفی جێبەجێکردنی وەسێتەکەیان گرتە ئەستۆ، لەشەوێکدا ئێسك‌و پروسکی مامۆستا نەجمەدنیان کردە سندوقێکەوەو بەرەو مزگەوتی سەیوانی دووەم بەڕێخرا، بۆ بەیانی ڕێگاکانی شار هەموو داخران‌و ئۆتۆمبێلی شار خرانە خزمەتی تەرمی مامۆستا نەجمەدین مەلا، یەکەم

ئۆتۆمبێل تەرمی مامۆستای تێدابوو بەڕێورەسمێکی جوانو بە دەهـۆڵو زورنا بەڕێکرا تاگەیشتنە شوێنی گۆڕەکە،کە ناوچەیەکە دەڕوانێ بەسەر شارباژێرو سلێمانیدا، پاش دووبارە خاکسپاردەکردنی ئێسكو پروسکی مامۆستا نەجمەدین، لەسەر وەسیەتی خۆی دەست کرا بەهەڵپەڕینو دەربڕینی خۆشیو شادی.

لەدوای راپەڕینیش گـۆڕی نەجمەدین مەلا نوێکراوەتەوەو گۆڕەکەی خراوەتە ناو کەشتیەك کەهێمایە بۆ ناوی حوجرەکەی نەجمەدین مەلا کەناوی کەشتی نوح بوو .

نەجمەدین مەلا خەڵکی گوندی ڕەشەکانی شارباژێڕ بووە خۆشەویستی زۆری بۆ شارباژێڕ هەبوەو هەفتانە چۆتە سەر شاخی ئەزمڕ تادیدەی بەناوچەی شارباژێڕ شادبێتو کەمێك دەرونی ئارام بکات، هەر ئەمە هۆکاری وەسیەتەکەیەتیو کە بە شیعر دەریبڕیوەو دەڵێت:

ڕاسپێریم بەجێبێنن

مردم بۆ ئەزمڕم بێنن

گۆڕم بەچۆپی پێبەست کەن

لەسەر گۆڕم خۆتان مەست کەن

تێرلەجوانی ئەزمڕمان چێشت

ئینجا ڕۆیشتین بەجێمان هێشت

شاخی ئەزمەڕو گۆیـژە، چـەند تایبەتمەندییـەکی گرنگیـان هەیـەو دەتوانرێت سودی گەورەیان لێ ببینرێت بۆ شاری سـلێمانی، لاپـاڵو ڕووکـــاری هـــەردوو دیـــوی شـــاخەکان دەتوانرێـــت بەمەبەســـتی سەوزکردنو پاکڕاگرتنی ژینگەی شارو ناوچەکە سـودی لێببینرێـت، بەڵام بەداخەوە تائێستا وەك پێویست سودی لێنەبینراوەو جگە لـەچەند هەڵمەتێکی نەمام ناشتنی سنوردار هیچی دیکە نەکراوە.

شاخی ئەزمڕ لەبەر نزیکی لەسـلێمانیو بـوونی دارسـتانێکی چـڕ لـەکۆندا، لـەکاتی نـەبوونی یـان گـران بـوونی سـوتەمەنیدا خـەڵکی بەناچاری هانایان بردووە بۆ داربڕینـەوەو ئەمـەش زیـانێکی گـەورەی لـەسامانی سروشتیو سیما جوانەکانی ئەو چیایە داوە، یـان لـەهاوینو پایزدا بەهۆی کەمتەرخەمیو دانـەنانی بەرنامەیـەکی گونجـاو تاپوشـی پاوانو قەدپاڵەکان نەسوتێنرێت، زیان بـەدرەختو زینـدەوەرانی ئـەم دوو چیایە کەوتووە.

بلـندیو سەرکەشی شاخی ئەزمەڕو گۆیژە فاکتەرێکی بەهێزبوە بۆ دانانی تاوەری پەیوەنـدیو پەخشـی تیڤیـیو ڕادیـۆ، یەکـەمین تـاوەر کەلـەسەر شاخی ئەزمڕ دانراوە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٧٨ ، لـــەپاش ڕاپـــەرینی ١٩٩١ ئـــەم تـــاوەرە بـــوە وێســـتگەی پەخشکردنی تەلـەفزیۆنی گـەلی کوردسـتان، کـەدواتر بەبورجەکـەی ئەزمەڕ ناوی دەرکرد.

هەر بەهۆی بڵندییەکەیەوە، پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموز ساڵانە ئاگری نەورۆز لەسەر شاخی ئەزمەڕو گۆیژە کراوەتەوە.

ئەزمەڕ پردی پەیوەندی شاری سلێمانیو ناوچەی شارباژێڕە، هەر لەدێرزەمانەوە تولەڕێو ڕێگای کاروانی هەبووە خەڵکی بۆ هاتوچۆ لەنێوان هەردوو دیوی شاخەکاندا سودیان لێبینیوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئۆتۆمێلدا بیر لەدروستکردنی ڕێگایەکی فراوانتر کراوەتەوە، سەختی شاخی ئەزمەڕو سروشتی پێکهاتە بەردینەکانی، زۆرجار هۆکاری ڕوودانی کارەساتی دڵتەزێن بوە، بۆیە لەدوای ڕاپەڕینەوە دیواربەندێك بەدرێژایی جادەی ئەزمەڕ دروستکرا.

بۆ ڕێگریکردن لەمەترسییەکانی ڕێگای کۆنی ئەزمەڕو کەمکردنەوەی ماوەی دووری نێوان شاری سلێمانیو ناوچەی شارباژێڕ، لەساڵی ٢٠٠٥دا دەستکرا بەدروستکردنی تونێلێك کەدواتر ناونرا تونێلی پێشڕەو، درێژی ئەم تونێلە ٢ هەزارو ٣٨٩ مەترەو پانییەکەی ٨ مەترو نیوو بەرزییەکەشی ٧ مەترو ٦٠ سانتیمەترە، لەساڵی ٢٠٠٩ کۆتایی بەم پرۆژەیە هێنراوەو بەهۆیەوە ڕێگەیەکی ١٥ کیلۆمەتری شاخاوی بۆ ڕاستەڕێگەیەکی ٨ کیلۆمەتری کەمکراتەوە.

سەختترین خاڵی ڕێگەی کۆنی ئەزمەڕ پردی عەلی ئاغایە، ئەم شوێنە لەزستاندا دەبێتە جێی مەترسی ڕێبواران، چونکە شوێنێکی نسرمەو هەتاو لێی نادات، لەکاتی بەفربارینـدا جادەکەی دەبێتە

سەهۆڵ، ئەوپردە بەناوی کەسێکەوە ناونراوە ناوی (عەلی ئاغا کوڕی حەسەن ئاغایە)، ئەم زاتە پۆستەچی ڕێی سلێمانی- چوارتا بووە، لەزستانی ١٩٤٩ دا بەفرێکی زۆر دەبارێتو ئەویش دەبوایە پۆستەی ببردایە بۆ چوارتا، بۆیە سەردانی فەرمانگەکەی دەکاتو بە بەڕێوەبەرەکەی دەڵێت ڕێگا زۆر ناخۆشەو ناتوانێت بچێت بۆ چوارتا، بەڵام ئەو پێی وتبوو دەبێت بچیت، ڕۆژی ١٩٤٩/٣/١٣ بەناچاری ملی ڕێگە دەگرێتەبەر، بەڵام بە هۆی سەختی ڕێگاو بارینی بەفرێکی زۆر ناچار دەچێتە ژێر پردەکەو لەوێدا ڕەق دەبێتەوە، وەك ڕێزێك لە ڕۆحی ئەو زاتە دواتر پردەکە بە (پردی عەلی ئاغا) ناوبانگی دەرکرد.

لەساڵی پەنجاو شەستەکاندا ئەزمڕو گۆیژە شوێنی چاڵە بەفربوو، چاڵی گەورە هەڵدەکەنراو بەفری تێدەکراو بەکرێکار دەشێلرا، پاشان (کا)و خۆڵی لەسەر دادەنرا تا باش بمێنێتەوە، لەوەرزی هاویندا ئەوبەفرە لەشێوەی قاڵبدا دەردەهێنراو سودی لێدەبینرا، ئەم چاڵە بەفرانە ڕۆڵی بەفرگری ئەو سەردەمەیان هەبو.

ئەزمەڕ شوێنی گەشتو سەیرانی خەڵکی شار بوە، بەهۆی نەبونی ئامرازەکانی هاتوچۆوە لەکۆندا خەڵکی بەپێ سەردانی ئەو شاخەیان کردووەو، هەر لەعەسرەوە بەڕێکەوتونو ئێوارە گەیشتونەتە بەرزاییەکانی، لەو سەردەمانەدا دانیشتنی هونەری میللی سەرنجڕاکێش ڕێکخراوەو (حەسەن زیرەكو ئەحمەد شەماڵو چەندین هونەرمەندی ناسراوی دیکە) بەشدارییان کردوەو خەڵکی چێژێکی

زۆریــان بینیــوە، هاوکــات خــەڵکانێکی زۆر لەشــارەکانی خــواروی عێراقەوە دەهــاتن بــۆ ئــەزمڕو شــەو دەمانــەوەو چــادریان هەڵــدەدا، لەدوای ڕاپەڕینیشەوە تا ئێستا، ئەزمــەڕو گۆیــژە جێگــەی دڵخــوازی دانیشتوانی شارو گەشتیارانییەتیو، بۆ بەسەربردنی کاتە خۆشــەکانیان سەردانی دەکەن.

گۆیژەو ئەزمــەڕ بەســەیرانگای چــوار وەرزە ناســراون، لــەوەرزە گەرمو مامناوەندەکاندا خــەڵکی بــۆ بەســەربردنی کاتــەکانیانو چــێژ وەرگرتن لەکەشی فێنــكو دڵــڕفێن ڕووی تێدەکــەن، لەزستانانیشــدا خەڵکی شار بەرەو سەرشاخی گۆیژەو ئەزمڕ ملی ڕێگــە ئەگرنەبــەرو لــەوێ بەشــەڕە تۆپــەڵۆ دروســتکردنی شــێرەبەفرینە کــاتێکی خــۆش بەسەرئەبەن، پیرەمێردی نەمر لەسەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابــردودا شیعرێکی بۆ بەفرباریێی ئەزمڕو گۆیژە نوســیوەو باســی تەمــەنی خــۆی ئــەکات کــەپیربوە بــەڵام وەك منداڵــانی شــار حــەزی لەشــەڕەبەفرە، لەبەشێکی ئەو شیعرەدا ئەڵێ:

بەیانی بوو لەخەوهەستام کەڕوانیم بەفرەباریوە

سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە تارای زیوینی پۆشیوە

دەمێك بووچاوەڕێی بەفرێکی وابووم موژدەبێ باری

سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕەتۆپەڵمەبۆیاری

لەبیرمە شێرە بەفرینەم ئەکرد ،سواری ئەبوم بێ زین

نسێ بوو جێگەکەی ئەیبەست ،ئەمما تاکو دەمی هاوین

بەبەرگی سپیەوە چەندشۆخە شاخی گۆیژە بیبینە
لەڕەنگی ئاسمان دولبەرترە ، ئەو سپیە ئەم شینە
ئەڵێن بەرگی فریشتەی ئاسمانیش سپیە وەك بەفرە
فریشتەی ئیمە باڵایە بەڵام ئاخ بۆچ ئەخۆین تەفرە ؟

لەئێستادا ئەوەی لەشاخی گۆیژە بەدی ئەکرێت‌و بۆتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران‌و خەڵکی شار، هەڵدانی پەڕەشوت‌و پەڕەگلایدەرە بەپێی کەشوهەوای ئەوشاخە، بەرزی شاخی گۆیژەو گونجاوی کەش‌و هەواو دیمەنی جوانی شار، هۆکاری سەرەکی پەرەپێدانی ئەم جۆرە وەرزشەن، هاوکات گۆیژەو ئەزمەڕ گونجاون بۆ وەرزشی سەرکەوتن بەشاخ‌و خلیسکێنەو پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل‌و چەندین وەرزشی دیکە، بەڵام تائێستا وەك پێویست سودیان لێ نەبینراوە.

سەرەڕای سودە گەشیتیارییەکەی ئەم دوو شاخە، دەکرا بکرێنە ناوەندێکی بەرهەمهێنانی وزە لەڕێگەی دانانی پانێڵی گەورەی خۆر یاخود دانانی فانی گەورەوە، چونکە بەگوێرەی توێژینەوە زانستییەکان، ساڵانە بەتێکڕا ٧ مانگی هەرێمی کوردستان خۆرهەتاوی تەواوە، لەهەمانکاتدا جوڵەیەکی زۆری با لەسەر ئەم دوو شاخە هەیە، بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە پڕۆژانە دەکرا بەشێك لەقەیرانی وزەی کارەبا چارەسەربکرایە، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەم هەنگاوە نەنراوە.

## سەرچاوەکان

١. دیوانی پیرەمێرد و پەخشانەکانی پیرەمێرد
٢. دیوانی بێکەس
٣. کەشکۆڵی پێشمەرگە (شێرکۆ بێکەس)
٤. شارەگەشاوەکەم (جەمال بابان)
٥. ڕۆژنامەی ژین ژمارە(٥٥٥)ساڵی ١٩٣٩
٦. کاروان( عوسمان شارباژێڕی)
٧. ئەرشیفی نەجمەدین مەلا
٨. شاری سلێمانی (ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە)
٩. خواستی خەڵك لەزمانی قەڵەمەوە (ڕەووف محەمەد ئالانی
١٠. دیوانی بەختیار زێوەر

# هەواڵپرسینێك لە داریکەلی



گەشتی ئێمە بۆ گوندێکی کۆنو خاوەن مێژووی پڕشنگدارە کەسالآنێکی زۆر جێگەی حەوانەوەو کاری سیاسیو دیپلۆماسی مەلیکی کوردستان بوە، گوندێك بەهۆی حزووری کەسی یەکەمی سالآنی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، لەگوندێك گەورەتر دەرکەوتووە، دەتوانین وەك پایتەختێکی بچوکی ئەو قۆناغەی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد وێنای بکەین.

داری کەلی: ئەو گوندەی بەهۆی پێگەو ئامادەگی شێخ مەحمودی حەفیدەوە، لەئەدەبیاتی سیاسی کوردا ناوێکی گەورەو دیارە، بونی شێخ لەم گوندەدا فاکتەری سەرەکی بەهێزی پێدانی شوهرەتو

شوناسێکی سیاسی گەورەیە کە کەم گوندی دیکەی کوردستان هەیە ئەو چانسەیان بەرکەوتبێت.

بەگوێرەی بۆچوونی شارەزایانی مێژوو، ناوی ئەم گوندە لەداری سەرکەلەوە هاتووە، لەرۆژهەڵاتەوە لەسەر ملەی (گوندی سەرزەل) چەند دارێك هەیە خەڵکی داریکەلی پێی دەڵێن (دارەکانی ملەی داریکەلی)، هەروەها خەڵکی سۆڵە پێیان دەڵێن دارەکانی سەر ملەی داریکەلی، ئەم گوندە بەناوی ئەو دارانەی سەر کەلەوە ناونراوە (داریکەلی)، ئەم گوندە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی بازیانەوەو بەچیاکانی (کەڵەوێ و ڕێحانە و تەقتەقان ) لە سێ لاوە دەورە دراوە، لەبەردەم گوندەکەدا دەشتاییەکی فراوان هەیە، لەڕۆژهەڵاتی گوندەکەوە، چیای ڕێحانە ناوچەی بازیان لەناوچەی قەرەداغ جیادەکاتەوە، گوندەکانی هەردوو باڕۆیی‌و گاوانی لەنزیك گوندەکەدان، گوندی داریکەلی خاوەنی هەشت هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی‌و بەراوو دێمەکارە .

مێژووی دروست بوونی گوندەکە نادیارە بەلاّم سەرچاوەکانی مێژوو ئاماژە بەکۆنی گوندەکە ئەکەن، ئەم گوندە لەمێژوودا زۆر باسکراوەو ڕووداوی گرنگ تیایدا ڕوویداوە، ماوەیەکی زۆر مالّی (شێخ مەحمودی نەمر) لەوێ بووە و بۆتە شوێنێکی گرنگی سەردەمی زێڕینی حوکمداری شێخ مەحمودی نەمر.



ناوچەی بازیان کەوتۆتە رۆژئاوای شاری سلێمانیو لەڕووی ئیدارییەوە ناحیەیەو سەر بەمەلّبەندی پارێزگای سلێمانیە، ئەم ناوچەیە بۆتە ناوەندێکی کشتوکالّی گەورە بەهۆی بوونی ئاوی زۆرو بوونی پانتاییەکی گەورەی زەوی کشتوکالّی، یەکێك لەگوندە جوانو ڕازاوەکانی ناحیەی بازیان (گوندی داریکەلی )ە، ئەم گوندە کەوتۆتە رۆژهەلاّتی ناحیەکە و لەسەردەمی قەلّەمڕەوی عوسمانیەکاندا لەسالّی (١٧٠٠ز) هۆزی هەمەوەند لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوە، کاتێك (مەحمود پاشای میری بابان) لەسالّی(١٨١٧ز) خانەقای مەولانا بۆ

مـەولانا خالیـدی نەقشـبەندی لەسـلێمانی دروسـتدەکات، چـەند گوندێك بۆ ئەو مزگەوتەو خوێندنگەکەی دەکاتە وەقف، یەکێك لەو گوندانـە (گونـدی هالـەی سەرچـاوە)ی ناوچـەی بازیـان بـووە، لەگەشتەکەیدا (ریچ) لەساڵی (١٨٢٠ز)کە بەبازیاندا تێپەڕیوە باسـی ئـاوەدانیو کشـتوکاڵ کـردن دەکـات لەناوچـەی بازیانـدا، یـەکێك لەگونـدە دێـرینو کـۆنو گـەورەکانی ناوچـەی بازیـان (گونـدی داریکەلی)ە، مێـژووی ئاوەدانکردنـەوەی گوندەکـە زۆر کۆنـە بـەو پێیەی چـەند گۆڕسـتانێکی لێیـە کـە مێژووەکـەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ سەردەمی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام .

ئەم گوندە کاتێك زیاتر ناوبانگ پەیدا دەکات کەشـێخ مـەحمودی حەفیدی مەلیکی کوردسـتان دەچـێتە ئـەو گونـدەو خـانوی شـاهانە دروست دەکاتو ئەو گوندە دەکاتە شوێنی نیشـتە جێبـوونی خـۆی، ڕەنگە پرسـیاری ئـەوە لـەلای زۆر کـەس دروسـتبێت بۆچـی شـێخ مەحمودی حەفیـد کـاتێ سـلێمانی جێـدەهێڵێت بەناچـاری دەچـێتە گوندی داریکەلی؟ بۆچی نەچۆتە بەرزنجە یان نۆدێ لەکاتێکـدا خـۆی خەڵکی ئەوێیە ؟.


پـیش ئـەوەی شـێخ مـەحمودی حەفیـد بچـێتە داریکـەلی ، شـێخ مستەفای نەقیب کەمامی شێخ مەحمود بووە چۆتە ئـەو گونـدە، شـێخ مستەفا بازرگانێکی خەڵکی سلێمانی بووەو لەو سەردەمەدا گونـدی داریکەلی کڕیوەو مزگەوتی تێدا کردۆتەوەو مەلای بۆ دابین کـردوە،

بۆچونێکی ترهەیە گوایە ئـەو گونـدە لەلایـەن دەوڵـەتی عوسمانیـەوە درابێت بەشێخ مستەفای نەقیب، لـەپێش شـێخ مسـتەفای نەقیبیشـدا (ئیبراهیم خوبیلە ) کە کەسایەتیەکی دەوڵەمەندی سلێمانی بووە چۆتە ئەو گوندە، لەپێش ئەوانیشدا هەمەوەندییەکان لەو گونـدە نیشـتەجێ بوون، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆر جـار کێشـە بکەوێتـە نێـوان هەمەوەندی و شێخانەوە بەتایبەت لە ناوچەی بازیان.

لەساڵی (١٩٠٢ز) شێخ مستەفای نەقیب کۆچی دوایی دەکـات، دواتـر شـێخ مـەحمود چـۆتە سـەر مـاڵۆ مـوڵکی مـامیو لەگونـدی داریکەلی نیشتەجێ بووە، لەنێوان سـاڵانی (١٩١٣-١٩١٤ز) لـەو گوندەدا خانوی شاهانەی دروستکردووە، وەستای بینـای لەناوچـەی هەورامانەوە هێناوە بۆ دروستکردنی خانووەکانی، چـونکە خـەڵکی هەورامان لەڕووی بیناسازی و نەخشەسازییەوە دەست ڕەنگین بوون، هەروەها لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بیرهەڵکەنو کارێزکەندی هێناوە لەچەند جێگەیەك کارێزی لێداوە، بەوەش پرۆژەی ئاودێری لەگوندی داریکەلیو دەوروبەریدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دیوە.

دیوارەکانی خانووی شاهانەی شێخ مـەحمود لەبەردوگـەچو قسـڵ دروستکرابوو، پانیەکەی (٨٠)سم بووە، شێخ مەحمود لەداریکەلیـدا نانەواخانەو ئاشپەزخانەی هەبووەو نانیان بۆمیـوانو کەسـانی هـەژارو پیاوەکانی لەپاسـەوانو وەرزێـرو سـەرکارو پاڵـەو کەسـانیتر ئامـادە کردووە.

لەداریکەلیدا مزگەوتو مەلاباشو حوجرەو فەقێ هەبووە، هەروەها بەهەوڵی شێخ مەحمود لەلای پادشای عێراق لە بەغداد لەساڵانی (١٩٥٣-١٩٥٤) قوتابخانە لە داریکەلی کراوەتەوە، لەپەنجاکانو شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بنکەی تەندروستی تێدا کراوەتەوە.



SHAIKH MAHMUD AT SULAIMANI
1920


دانیشتوانی داریکەلی پێکدێت لەعەشیرەتی جافو مەنمیو گۆرانو شێخو کەسانی تریشی تێدایە، بەهۆی ئەوەی شێخ مەحمودی حەفید لەو گوندەدا بووە خەڵکی ناوچەی بازیان خزمەتی سەربازیان نەکردووە، لەهەمانکاتدا بەشێك لەخەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان هەر بۆئەوەی دووربکەونەوە لەخزمەتی سەربازی چوونەتە گوندی داریکەلیو ناوچەی بازیان، هەروەها کەسانێکیتر بەهۆی کێشەی کۆمەلایەتیەوە پەنایان بۆ شێخ بردووە، هەموو ئەمانە وایان کردووە لەداریکەلیدا خەڵکانی جیاواز کۆببنەوە.

لەزۆربەی ناوچەکانی ترەوە خەڵك ڕوویان لەگوندی داریکەلی کردووەو تێیدا نیشتەجێ بوون.

لەناو ئەدەبی کوردیدا گوندی داریکەلی شوێنی تایبەتو دیاری هەیە کە وەك هێمای بەرزیو نەبەزینو شۆڕشگێڕی بەکار هێنراوەو زۆر لە شاعیرەکان ئاماژەیان بۆکردووە، لەناو ئەوانیشدا شاعیرو دەنگخۆش(محەمەد ساڵح دیلان )لە شیعرێکدا کە لەساتی بڵاوبونەوەی هەواڵی مەرگی شێخدا نوسیویەتی، هەواڵی شێخی نەمر ئەپرسێت وئەڵێ:

لەکێ بپرسین هەواڵی ڕاستی
دیارە نزیکتر هەر بەرانانە
بەرانان دەخیل دراوسێی دڵسۆز
ئێستا ئەوبەرت کێی لامیوانە؟
هەواڵی پرسە لەداریکەلی
شێخ لەوێ ماوە یا لەسەیوانە؟
ئێستە سێبەری سەرجەستەی کفتی
هەتاوی سوورە یا ئەرخەوانە؟
ئێستە پێخەفی نەرمو نۆڵی شەو
بەردە یا خاکی کانێسکانە؟
بەردە قارەمان لەجێی خۆی ماوە

**هەر لەدەربەندە یا لەپیرانە؟**
**ئێستا ئاوباریك وەك بوومەلەرزە**
**هەر هەڵ ئەلەرزێ یا لەوەستانە؟**
**کوا شێخ کوا نەوەی ئەحمەدی کاکی**
**کوا نەبەردەکەی ئەم نیشتمانە؟**
**کورد شۆڕە سواری وەك شێخی بووبێ**
**سەر نەوی ناکا لەبۆ بێگانە .**



**شێخ مەحمود لەگوندی داریکەلیدا کاری سیاسی کردووەو دەستی بەخەباتی چەکداری کردووە، لەم گوندەدا لەگەڵ دەیان سوارەی چەکداری کورددا چووەتە باشوری عێراق بەشداری شەڕی شوعیبەی کردووەو لەوشەڕەدا دەوری کاراو کاریگەری هەبووە،**

هـەر لـەگونـدی داریکەلیـەوە پـەلاماری داگیرکـەری ڕوسـی داوەو توانیوێتی لەگەڵ سوارەی چەکدارانی کـوردا روسـەکان بشـکێنن و هەتا ناو سنوری ئێران پاشەکشەیان پێبکـەن، لـەو شـەڕو پـەلامارەدا شۆڕشگێڕانی کورد شەهیدی زۆریان داوە.

لەگەڵ هاتنی ئیستعماری بەریتانی بـۆ کوردسـتانو دروسـتکردنی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بۆیەکەمجار پەیوەندی بـەریتانیاو کـورد لەداریکەلیـدا بـووە، لـەڕۆژانی کۆتـایی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩١٨ نوێنـەری بـەریتانیا (مێجەرنۆئێل)دەچـێتە داریکەلیو لەگەڵ شێخ مەحموددا گفتوگـۆ دەکـات، هـەر لەگونـدی داریکەلیـدا دەوڵـەتی بـەریتانیا بڕیـاری دروسـتکردنی دەوڵـەتی کوردستان بەشێخ مەحمود دەدات، شێخ مـەحمودو نوێنـەری بـەریتانیا لەداریکەلیـەوە دەگەڕێنـەوە سـلێمانیو لـەڕۆژی ١/١١/١٩١٨ لەبەردەرکی سەرای سلێمانیو لەکۆبوونەوەیـەکی گشـتیدا (مێجـەر نۆئێـڵ) بـەناوی نوێنـەری بـەریتانیاوە لـەعێراق پلـەی حوکمـداری کوردسـتانی بەشـێخ مـەحمود بەخشـیوەو مەیجـەرنۆئێلیش بـووە بەڕاوێژکاری مەلیك، بەڵام بەپیلانی ناوخۆو دەرەکی زوو ئەودەوڵەتە لەبار براو کورد باجی قورسی ئەو پیلانەی دا.

بـەهۆی تێکچـوونی پەیوەنـدی شـێخ مـەحمود و بـەریتانیاوە لــە (٢١/٥/١٩١٩) شـەڕ لـەنێوان سـوپای شـێخ مـەحمودو ئینگلیـزدا هەڵگیرسا، تارۆژی (١٨/٦/١٩١٩) سوپای کوردستان توانی شەڕی

ئازایانە بکات و لەماوەی ئەو شەڕدا (٥٠) بەلاغی سەربازی دەرکرد، لــەڕۆژی (١٩١٩/٦/١٨)لەشــەڕی دەربەنــدی بازیــان دا ســوپای بەریتانیا توانی سـوپای کوردسـتان بشـکێنیو (شـێخ مـەحمود وشـێخ قادری قازانقایە) بەدیل بگرێت، لەو شـەڕەدا (شـێخ حەسـەنی مـامی شـێخ مـەحمودو تایەرەفـەنی فەرخـە) شـەهیدبوون، شـێخ مـەحمودی فەرماندەی گشتی شۆڕشگێڕەکان لەسـەنگەرەکەی خۆیـدا لـەپـەنای بەردەقارەمانــدا بەبرینــداری دەســتگیردەکرێتو بــۆ دوورگــەکانی هیندستان دووردەخرێتەوە، لــەدوای دەسـتگیرکردنی شـێخ مـەحمود، حەمدی بەگی ساحێبقڕانی شاعیر چوارینەیەکی بۆئەو کارەساتە نوسیوە کەئــەوە ئەســەلمێنێ شـێخ مـەحمود لە(گونـدی داریکـەلی)ەوە پلانــی شۆڕشو بەرگری دانــاوەو لــەوێ نیشــتەجێ بــووە، حەمــدی شــاعیر دەلێت هەروەکو چۆن شــاری مەدینــە بــەهۆی پێغەمبــەرەوە (د. خ ) پیرۆزیو ناوبانگی پەیداکردوەو چۆن شاری نەجــەف بــەهۆی عــەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە بووەتە شارێکی پیرۆزو شاری غەزنەیش لەولاتی ئەفغانســتان بــەهۆی ســولتان مــەحمودی غەزنەوییــەوە ناوبــانگی دەرکردوە، بەهەمان شێوە داریکەلیش بەهۆی شێخ مەحمودی نەمرەوە بووەتە شوێنێکی پیرۆزو ناودار لەکودستانداو لەو شیعرەدا بەم جــۆرە ئەلێ:

وەك مەدینە بێ نەبی بێ یانەجەف بێ ، بێ عەلی

شاری غەزنەش ئێستە بێ مەحمودە وەك داریکەلی

حەیفە ئەوجی ئاسمان بیٚ زینەتی خورشیدو ماه
ساخودا بیکەی وەکو خورشیدی ڕەخشان مونجەلی.

لەدوای شۆڕشی ڕەشید عالی گەیلانی ، شێخ مەحمود کە لەوکاتەدا لەبەغداد دەست بەسەربووە هەلی بۆ هەڵدەکەوێت‌و دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لەساڵی (١٩٤١ز) کە لەبەغداوە دەگەڕێتەوە هەتا ساڵی (١٩٥٦ز) لەداریکەلی نیشتەجیٚ بووە، بەهۆی بوونی شێخ مەحمود لەهەموو کوردستانەوە کەسایەتی کۆمەڵایەتی‌و نوسەران‌و سیاسیەکانی کورد سەردانی ئەو گوندەیان کردوە، کەسانی وەك تۆفیق وەهبی بەگ‌و محەمەد ڕەسوڵ هاوارو زۆر کەسایەتی تر لەکوردو عەرەب چونەتە دیداری شێخ مەحمود.

ئەمەش وایکردبو ببێتە ناوەندێکی گرنگی دبلۆماسی بۆ کورد لەوکاتەدا،لەساڵی (١٩٥٢ز) بەبۆنەی دامەزراندنی حیزبی ئومەی عەرەبی بە سەرکردایەتی (ساڵح جەبر ) وەفدێکی عەرەبی‌و چەند کەسایەتیەکی کوردی وەك تۆفیق وەهبی‌و ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ‌و ڕەفیق حیلمی‌و ساڵح زەکی ساحیبقران‌و ماجید مستەفاو ڕەفیق چالاك‌و چەند کەسایەتیەکی تری کوردو عەرەب سەردانی داریکەلی دەکەن، ئەمەش بەڵگەی گرنگی پێگەی داریکەلیە لەو قۆناغەدا. هەروەها ئەو دەیان نامە دەست نوسانەی شێخ مەحمودی نەمر زۆریان لەداریکەلی نوسراون‌و تائێستاش پارێزراون.



ئازایی‌و جوامیری شێخ مـەحمودی حەفیـد بۆتـە نمونەیـەکی گـەش لـەهێمای بەرەنگاری نەتەوەی کورد لـەگەڵ ئەوەشدا شـێخ توانیـویێتی ئەو ئازایەتی‌و نیشتمان پەروەریەی خۆی لـەشیعرەکانیدا ئاوێتە بکات‌و دەری ببڕێت، لـەشیعری (فەرهادی کورد)دا ئەوەمان بـۆ دەرئەکـەوێ شێخ چەندە کوردپەروەرو نیشتمان ویست بوە بەم جۆرە ئەڵێ:

فەرهادی قەومی کوردم فەریادی کورد ئەکەم
دوژمن بەکوتەکی کاوە وەکو شوشە ورد ئەکەم
بۆبێستونی مانیعی ئامالی کوردەکان
وەك کۆهکەن بەعەزمی مەتین دەست‌و برد ئەکەم
یاکەشتی کورد ئەبەمە ساحیلی نەجات
یارۆحی خۆم‌و ئالی پەیامبەر بەپرد ئەکەم
مەحمودی فیکرەتم ئەخەمە دووی ئەیازی کورد
یاکەسبی وەسڵی میللـەت‌و نەیلی کورد ئەکەم

من کوردم و بەکوردی ئەڵێمو بڕایەوە
زیللەت نەما سەعادەتی کوردان گەڕایەوە



لەساڵی ١٩٥٦ز موتەسەریفی سلێمانی (عومەر عەلی) فشاری زۆر دەخاتە سەر شێخ مەحمود کەداریکەلی جێبیلێتو بێتەوە سلێمانی بەبیانوی ئەوەی خەڵکی چەکدارو نەیاری حکومەتی لایە، شێخ مەحمود ناچاردەبێت دەگەڕێتەوە سلێمانیو هەرلەو ڕۆژانەدا تەندروستی جێگیر نەبووە، بەمەبەستی چارەسەرکردن دەیبەن بۆ بەغدادو لەبەرەبەیانی (٩/١٠/١٩٥٦) لەنەخۆشخانەی حەیدەری کۆچی دوایی دەکات، بەبلاوبوونەوەی هەولی کۆچی دوایی شێخ مەحمود خەڵکی کوردستان ماتەم ڕادەگەیەنن .

لەهەموو ناوچەکانەوە لەکاتی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحمودیش دا لەحەمرینەوە تا دەگاتە سلێمانی لەپێشوازی تەرمی شێخ مەحمودا

بوون، هەر ئەورۆژە شـاعیری هەسـت ناسـكو جـوان نـوس گـۆران شیعرێكی جوانو بەرزی بۆ پێشـوازی تـەرمی شـێخ مـەحمود نوسـیوە بەناونیشانی پـیری پـیران



كە ئەڵێ:

وەرزی پــــــــــاییزەو

گەڵاڕێزانە

شــیوەنی كۆچــی پــیری

پیرانە

شــێخی نەبــەزو ئــازای

گەلی كورد

بۆلای كاك ئەحمەد گیانی پاكی برد

ڕەنجی فەرهادی بۆدەرگای كاك دا

تەقەلای بۆكوردبەنیازی پاك دا

گەورەی نەبەزو شێخی كوردانم

تاكە مەلیكی گشت كوردستانم

چاونەترسی جەنگ پێشڕەوی هەموان

بەوری پێكراوی بەردە قارەمان

بنو دڵنیا ئازیزەكەمان

ڕۆڵەی دڵسۆزی خاك و نیشتمان

ڕێگای سەربەرزیت ئەبەد بەرنادەین

تابەئاواتی تۆی سەردار ئەگەین.



لەبەربوونی شێخ مەحمودی نەمر لەداریکەلی لەم گونـدەدا جـاڕی شۆڕشی چەکداری داوەو بەگژگەورەترین زلهێزی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا چۆتەوە، ئەم گوندە بەهۆی ڕۆڵو کاریگەری لەشۆڕشەکانی گەلی کورددا چەندین جـار توشـی بۆردومـانی فڕۆکـە بۆتـەوە، ئـەو ئەشکەوتەی تەنیشت ماڵی شـێخ مـەحمود لەداریکـەلی زۆرجـار بۆتـە پەناگەو حەشارگەی شێخو خەڵکی گوندەکە تاخۆیان لەبۆردومانەکان بپارێزن، هەروەها لـەشەستەکاندا گوندەکە پـەلاماردراوەو سـوتێنراوە لەساڵی ١٩٨٧ لەلایەن فڕۆکەکانی بەعسەوە بۆردومان کراوەتەوەو ٧٩ هـاوڵاتی گوندەکـە شـەهید بـوون، دوای ئـەوە لەشـاڵاوەکانی بەدناوی ئەنفال ساڵی (١٩٨٨) گوندی داریکـەلی بـەر ئـەو شـاڵاوە

کەوتوەو سـوتێنراوەو سـەرجەم شـوێنە مێـژوویی‌و شـوێنەوارییەکانی خاپور کراون.

ئەم گونـدە دوای ڕاپـەڕینی بـەهاری ١٩٩١ ئاوەدانکراوەتـەوەو پرۆژەی ڕێگاوبـانو مزگـەوت‌و قوتابخانـەو پـرۆژەی ئـاوو کارەبـای نیشتمانی بۆ ئەنجام دراوە.



لەئێستادا مـالّی شـێخ مـەحمود لەداریکـەلی وەك مۆزەخانەیـەك کراوەتەوەو بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری سـلێمانی سەرپەرشـتی دەکـات، بەلاّم ئەکرێت خزمەتی باشتر بکرێـت‌و سـیماو شـێوازی کـۆنی ئـەو مۆزەخانەیە بپارێزرێت‌و جادەکەی قیر بکرێت تاخـەلّکانی گەشـتیارو میوان بەئاسانی بگەنە مۆزەخانەکە.

**سەرچاوەکان:**

١. شیعرەکانی شێخ مەحمودی نەمر، عومەر مارف بەرزنجی.
٢. دیوانی گۆران.
٣. دیوانی حەمدی ساحێبقڕان.
٤. یاداشتەکانی مەیجەر نۆئێلّ.
٥. شۆڕشی ڕەشید عالی گەیلانی.
٦. دیوانی شیعر، محەمەد سالّح دیلان.
٧. پەیسەر پرێس، یەکەم شۆڕشی شێخ مەحمود و داواکاری بۆ سەربەخۆیی کوردستان.
٨. مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود، کەمال نوری مەعروف.
٩. شێخ مەحمودی حەفید– مەلیکی کوردستان، د. کەمال مەزهەر.

# ئەشکەوت ماڵی یەکەمی مرۆڤ



بۆ زانینو ئاشنابون بەیەکەم ماڵی مرۆڤو شـوێنی ئـارام بەخشـینو دوورکەوتنەوە لەترسو خۆپاراسـتنی مرۆڤـە سـەرەتاییەکان، ئاوڕێـك لەشوێنی ڕابردوی مرۆڤایەتی ئەدەینەوەو ئاشنا ئەبین بەوکاتو ساتەی کەخەونو هیواو ئاواتو ئاکامەکانی مرۆڤایـەتی لێیـەوە سەرچـاوەی گرتوەو گەیشتۆتە ئەم قۆناغە پڕ ژیارییەو جەنجاڵـەی ئێسـتا، خـەونو خەمی مرۆڤ لەوسادەییە خۆشتربوە یان لـەم سەردەمی جەنجاڵیەدا؟.

دەرکەوتوەکەبەکارهێنـــەرەکانی مـــرۆڤ ئامێروکەلوپەلـــەکانیان پێکهاتەی بەردبوە کەئـەوەش بـۆ مرۆڤـە سـەرەتاییەکان ئەگەڕێتـەوە، کەبـــەپێی بەدواداچـــونی زانایـــان لەئەشـــکەوتەکانی جیهانـــداکراو لەڕابردودا ئەشکەوت شوێنگەی ئارامیو خۆشی بوە بۆمرۆڤی کۆن.

بەڵگەی سەلمێنەری زۆر بۆ ئەم وتەیەمان ئەوەیە شوێنی نیشتەجێی مرۆڤی کۆن ئەشکەوت بوە بەهۆی پاشماوبەجێماوەکان لەوێنەو نیگارە نەخشێنراوەکانی سەر بەردو هەڵکۆڵراوەکانیان، یان پاشماوەی ئێسكو پروسکی مرۆڤی کۆن لەناوئەشکەوتەکان، بەپێی توێژینەوە زانستیەکانو لیکۆڵەرەکانی بواری شوێنەوار ئەشکەوت لەمێژووی مرۆڤایەتی بایەخو ڕۆڵی گرنگی هەبوە هۆکارێك بووە بۆ مانەوەو بەردەوامی ژیان، هەروەها بۆتە وێستگەی بەدیهاتنی ئایندەو گۆڕانکاریەکان، مرۆڤ لەچاخە جیاوازەکاندا پیش سەردەمی گەیشتن بەژیاری، یەکەم شوێن کە تێیدا حەواوەتەوە ئەشکەوت بووە ، لەمێژوودا زۆر چیرۆكو ئەفسانە بوونیان هەیە کە لەئەشکەوتدا ڕوویان داوە، لەسەردەمی هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا یەکەم سورەتی قورئان لە ئەشکەوتی (حەرا ) بۆ پێغەمبەر محەمەد (د خ ) هاتەخوارەوە لەتەمەنی (٤٠) ساڵیدا لەوێوە گۆڕانکاریەکی گەورە بەسەر مرۆڤایەتیداهات، یان چیرۆکی هاوڕێیانی ئەشکەوت (ئەسحاب ئەلکەهف) بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لەئەشکەوتدا ڕوویداوە هاوڕێیانی ئەشکەوت کە زۆربەی سەرچاوەکان ئەماژە بە ژمارەیان ئەکەن بە (٧) کە سو سەگێکیان لەگەڵ بووە لەسەردەمی پاشای ڕۆم ( دەقیانوس)کە بتپەرستی بڵاو ببووەوە ، پەیامی نێردراوی خوا عیسا(علیه السلام) خەڵك پەیڕەوی نەدەکرد، ئەوکەسانە بڕوایان بەیەکتاپەرستی یەزدان هەبووە، بۆیە دوورکەوتنەوە لەخەڵكو چوونە

ئەشکەوتو ماوەیەکی دوورودرێژ کەزۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەئەوکاتە دەکەن کە(٣٠٠) ساڵ زیاترە، تاگۆڕانی ئەودۆخە لەوێ مانەوە، پاشان دێنەوەو دەڕۆنەوە ناوژیانی خەڵکی سەردەمە نوێیەکە کەبۆخۆیانو بۆ خەڵکانی تریش بۆتە مایەی سەرسام بوونیان.

ئەشکەوت هەمیشە پشتو پەناگەبووە بۆ مرۆڤی کورد تەنانەت بۆتە پارێزەری ژیانو مانەوەی لەمەترسیەکان بەتایبەت بۆردومانی دوژمنانو خۆحەشاردان لەمەترسی فرۆکە هەربۆیە هێمن موکریانی شاعیر بەم جۆرە باسی ئەشکەوت ئەکات لە شیعری ترۆپکی ڕزگاری داو ئەڵێ:

ڕۆڵەی کوردم فێری هەورازو لێژم
تا زۆر بڕۆم زیاتر ئارەق برێژم
کورتتر دەبێ ڕێگای دوورو درێژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تاترۆپکی ڕزگاربوون
نارەومەوە لە داوەڵۆ تارمایی
زۆرم دیوە بوولێڵۆ تاریکایی
دێنم بەو شەوگارە ڕەشە دوایی
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون
من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم

گەلێك جاران لەچاڵاوی ڕەش کەوتم
هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تاترۆپکی ڕزگاربوون

کوردستانیش وەك زەویەك لەسەرنەخشەی جیهانو بەشدار لەکایەی ژیاریو شارستانی مرۆڤایەتیدا، باپیرانی ئێمە لەم نیشتمانەی ئێمەشدا زۆرشوێنەواری گرنگو ناسراوو بەناوبانگ پێگەی خۆیان لەو نەخشەیەی جیهانو مرۆڤایەتیدا نەخشاندووە، بوونی ئەو پاشماوەکۆنانەی کوردستان بەڵگەی ئەوەن.

لەناو شوێنەوارەکانیشدا ئەشکەوت رۆڵ و بایەخی گرنگو دیاری هەیە، گەشتی ئەم جارەمان ئەبەینە دوو زنجیرە شاخی گرنگو دیار لە ناوچەی سورداش.



گەشتی یەکەممان بۆ شاخی پیرەمەگرونە بەرێگەیەکی دەشتایی ملی ڕێمان گرت تالەنزیکەوە ئاشنابین بەو ئەشکەوتەی ناوی (گێچکار)ەکە بەمانای گەچکاردێتو پێ ئەچێت لەو قسلۆە وەرگیرابێت، کەبۆ بچووککردنەوەی ڕێگەی چوونەژوورەوەی بەردەکانی ئەشکەوتەکە بەکار هێنرابێت.

لەگەڵ چەند کەسێکی خەڵکی شارەزای ناوچەکە دوای ڕۆیشتنێکی زۆر بەپێ و سەرکەوتن بەسەر شاخی پیرەمەگرون لەدامێنی شاخەکە، لەبەشی باکوری گوندی سوسێ گەیشتینە ناو ئەشکەوتی (گێچکار).



ئـەم ئەشـکەوتە کەوتۆتـە شـوێنێکی نـەدیوی سـتراتیژی شـاخی پیرەمەگرون‌و ناسراوە بە(شیوی گێچکار ) هەر لـەشاخی پیرەمـەگرون چەندین شیوهەیە کەدیارە شوێنی سەرکەوتنی شـاخەکەن ئەوانـە وەك (شیوی کونە کەمتیار، شیوی گێچکار، شیوی کانی وەیسـی، شـیوی ڕەزان، شیوی سنۆڵ، شیوی ناوەرە،شیوی دۆڵەپان، شـیوی گـوێزان، شیوی چەمی ڕەزان) ئەمانەهـەمویان شـوێنی سـەرکەوتنن بـۆ شـاخی پیرەمەگرون.

لـەنێوان هەردوو تولـەڕێی( پلـەی ئەڵی‌و ڕێـی تـەها) تولـەڕێی ئـەلی لـەگوندی سوسێوەدێت بەرەوشاخی پیرەمەگرون لـەبەشی ڕۆژهـەلاتی ئەشکەوتی (گێچکار ) بەرەو سەر شاخ دەڕوات، تادەگاتـە شـەدەڵە، ڕێـی تـەهاش ئـەو تولـە ڕێیـەی کـە کەوتۆتـە بەشـی ڕۆژئـاوای ئەشکەوتەکە، درێژدەبێتەوە تا لـەبەردی دیوان لـەسـەر شـاخ هـەردوو تولـە ڕێگەکە یەکدەگرنەوەو دەچنەوەسەر ڕێی شەدەڵە.

بەهۆی ناوبانگ‌و پێگەی ئەشـکەوتی گێچـکار خـەڵکی گەشـتیار بەتایبەت گروپەکانی شاخەوانی لـەکوردستان سەردانی دەکەن.

لـەبەردەمی ئەشکەوتی گێچکار لـەبەشی ڕۆژهەلاتیـەوە، بـەردێکی گەورە هەیە کەبەردێکی لـەسەردانراوە ئەم بەردە ناوی(بـەردی کچـە دێو)ە لـەناو ئەفسانەکانی گەلانـداو بەتایبـەتی گـەلی کـورد دێـو بـەو گیانلـەبەرە بەهێزو گەورەیە ئەوترێ توانای بـەدەرە لـەتوانای مـرۆڤو گیانەوەرەکانی تر.

بۆیە بەدووجۆر ئەم ئەفسانەیە باس ئەکرێت، یەکێکیان ئەوەیە ئـەم بەردە گەورەیە، بـەهێزی دێوێـك خراوەتـە سـەر بەردەکـەی ژێـری ودانراوە، ئەوی تریان ئەوەیە کەگوایـە شـێوەی ئـەم بـەردەو دانـانی ڕێکەوتێکی سروشتەو لـەدێو ئەچێت‌و ناونراوە (بـەردی کچـە دێـو)، لـەبەشی باکوری رۆژهەلاٚتی ئەشکەوتەکە پلەشـاخێك هەیـە کـەناوی (زەردی هەتاو)ە، ماناکـەی ئەوەیـە زەردی هـەتاو کـاتێ لـەشـاخەکە ئەدات خەلٚکی ناوچەکە وەك دیاری کردنی کـات بـەکاریان هێنـاوە پێش هاتنی کاتژمێر بۆ ناوچەکە، هەر لـەنزیك ئەشکەوتەکەو لـەبەشـی پشتەوەی بەردی کچەدێو شوێنێکی بازنەیی خڕهەیە پێی دەلێن (کاوی باڕێزە )، کاو بـەمانای خـڕو بـاڕێزەش گیایـەکی بـەهاری کێویـەو سودی لێدەبینرێت ،بۆ چارەسەری پزیشکی بەتایبەت ئـازاری سـك، لەو شوێنەدا باڕێزەی زۆر لێ دەڕوێت، هـەر لـەنزیك ئەشـکەوتەکەو لـەبەشی باکوری ڕۆژهەلاٚتیدا شـوێنێك هەیـە پێـی ئـەوترێت (هەنگـە ژاڵ)ئەوشوێنە، هەنگ پورەی تیاکردوەو هەمیشە هەنگوینی تیابوە.



کە بەرەو دەرگای ئەشکەوتەکە ئەڕۆی بەردەمی ئەشکەوتەکە شوێنێکی تەختە وەك هەیوان وایەو بەچەند بەردێکی گەورە دەرگای ئەشکەوتەکە گیراوەو شوێنی قسڵ دیارە بەتەنیشتی دەرگای ئەشکەوتەکەوە، بەتێپەڕبونی کات بەردەکانی دەرگای ئەشکەوتەکە ڕوخاونو جوڵەیان پێکراوە، جا بەدەستی مرۆڤ وایلێکردبن یان هۆکاری سروشتی بێت، کەلەناوئەشکەوتەکە کەمێك لەدەرگاکەی دوور دەکەویتەوە سەرسام ئەبیت بەفراوانیو گەورەییو قوڵی ئەشکەوتەکە لەتەنیشتی لاکانی بن بەردەکانی ئەو ئەشکەوتە شێوازی سەیر دروست بوە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی دۆڵپە ئاوو بونی بەکلس تابرۆیتە ناوەوە فراوان ئەبێت درێژی ئەشکەوتەکە زیاد لە(٨٠٠)مەتردەبێت لەدووقات پێك هاتوە، سەرکەوتن بۆ قاتی سەرەوەی ئەشکەوتەکە زۆر زەحمەتە چونکە ڕێگەی نیە و ئەبێت کەسی شاخەوانو وریا بچێتە سەرەوە.

ئەشکەوتەکە، لەناوەوە چاڵی زۆر قوڵی تێدا هەڵکەنراوە، وەك خەڵکی ناوچەکە پێیان وتین ئەو چاڵانە خەڵکی ئەوێ هەڵیکەندون بەمەبەستی گەڕان بۆ شوێنەواری کۆن، کەئەمەش داخێکی گرانە دەسکاری کردنو لەناوبردنی شوێنەوارەکانو فرۆشتنیانو ئاودیوکردنیان بۆسنورەکان، لەپێناومشتێ پارە بۆگیرفانی چەند کەسێکی قاچاخچیو چاوچنۆك.

تـا بـەناو ئەشـکەوتەکەدا بـڕۆی فـراوانتر ئـەبێتو جێگـەی پێـی گیانەوەر ئەبینی کەدیارە ئـەو ئاژەڵـە کێویانـە بەمەبەسـتی حەوانـەوە دێنەناو ئەو ئەشکەوتەوەو لـەبەرنەبونی ئـاو لـەدەرەوەی ئەشـکەوتەکە ئاوی لێ ئەخۆنەوە.

لەناو ئەشکەوتەدا ئاو هەیە جگە لەو چۆڕاوگەیەی تنۆك تنۆك دێتە خوارەوەو ئەبێتە ئەو بـەردە کلسـاویانەی بونیـان هەیـە کەماوەیـەکی زۆری ئەوێت تا دروست ئەبن ، وەك دیارە ئەم ئەشکەوتە سروشـتیو خواکردەو دروست بوونی ئەگەڕێتەوە بۆ دروسـت بـونی شـاخەکە ، لــەناو ئەشـــکەوتەکەدا کونێـــك هەیـــە ڕونـــاکی تیـــدا دێتـــە خـــوارو ئەشکەوتەکەی ڕوناك کردۆتەوەو هەواگۆڕکێی تێدا دەکرێت بـەهۆی ئـەم کونـەوە، کـەپێی دەڵـێن (کولانکـەی ئەشـکەوتی گێچـکار) لەکوردەواریدا لەزۆر شوێن پێی ئـەڵێن (کـلاو ڕۆژنـە ) کـاتێ ئـەو ڕوناکیە ئەبینی سەرسام ئەبیت لەکاری یەزدانو سروشـت چـۆن ئـەم ئەشکەوتە بەو شاخەوە ئەم کونەی تێکراوە ؟

تابچیتە ناوەوەی ئەشکەوتەکە کـونی ترئـەبینی کەئـەبێ بەسـنگە خشکێو خۆچەمانەوە بچیتەناوی، بـەلام لـەناوەوە فـراوانتر ئـەبێتو جێگەی دەیان کەس ئەبێتەوە.

تا لەوشاخەو ناوی شوینەکانی وردبیتەوە زانیاری زۆرو سەرسامی لەڕادەبەدەر، توشی شۆکت ئەکات، ئەوە لەسەر ئەشکەوتی گێچکار بینیمـان بەخوێنـەرانمان ئاشـناکرد، کـەدڵنیاین دەیـان شـوێنی تـرو

هاوشێوە لەشاخی پیرەمەگرون بونیان هەیە، ئەم ئەشکەوتە لەهەر وولآتیك بوایە ئەکرایە شوێنێکی گەشتیاری گرنگو شوێنەوار، ڕۆژانە سەدان کەس سەردانیان ئەکرد، وەك ئەوەی ئێستا لەشاری هەمەدان هەیە بەناوی ئەشکەوتی(عەلی سەدر) کە توانراوە سەرنجی زۆربەی گەشتیاران ڕابکێشێتو سەردانی بکەن.

گەشتی دووەممان بۆ ناوچەی (چەمی ڕەزانە) لەدۆڵی سورداش، ئەم ناوچەیە تاچاو بڕبکات زنجیرە شاخو لێڕەوارو کەپکە شاخ سەرنجت بۆخۆی دەبات، بەرەو ڕۆژئاوای چەمی ڕەزان بەرامبەر شاخی شێربابە چەند ئەشکەوتێك بونیان هەیە، بەپێ سەرکەوتین، سەختی شاخەکە بڕسکی لەبەربڕین تاگەیشتینە بەردەمی( ئەشکەوتی دووکون)،ئەم ئەشکەوتە لەبەشی رۆژهەلآتی دەمی ئەشکەوتەکە فراوانەو، کراوە بەسەکۆیەکی تەختو پانو فراوان، ئەم شوێنە ماوەیەکی زۆر بۆتە بارەگای هێزی پێشمەرگە لەشۆرشی ئەیلولداو لەشۆڕشی نوێشدا هەر بەکارهاتوە، ماوەیەکیش بارەگای هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بووەو دەسکاری دەرەوەی ئەشکەوتەکە کراوەو چەند ژوورێکی تێدابیناکراوە کەشوێنەکەیان دیارە، لەبەشی ڕۆژئاوای ئەشکەوتی دووکون کونێکیتر هەیە، ئەویش فراوانەو ئەچێتەوە سەر بەشی یەکەمی ئەشکەوتەکە.



هەر لەناوچەی چەمی ڕەزانو لەبەشی رۆژئاوای ئەشکەوتی دووکون ئەشکەوتێکیتر هەیە بەناوی (ئەشکەوتی سەحرا)، لەدەرگای ئەشکەوتەکەوە کونێکی بچوکەو مرۆڤ ناتوانێت، بەئاسانی بچێتە ناوی ئەبێت لەسەرلا بڕۆیتە ناوی، لەسەرەتادا مرۆڤ توشی تەنگەنەفەسی ئەبێت پاش کەمێك ڕۆیشتن ڕێگەکە فراوان ئەبێتو بەئاسانی ئەتوانی بڕۆیتە ناوئەشکەوتەکە، هەوایەکی فێنك دڵو دەرونت ئارام ئەکاتەوە .

ئەوەی لەم ئەشکەوتە جێگەی سەرنجە، دیواری ناوەوەی ئەشکەوتەکەیە، کە بەبەرگێکی سپی وەك گەچکار سپیو ساف دیارە، ئەشکەوتەکە درێژیەکەی لەهەزارمەتر زیاترە، بەلاَم پانیەکەی لەشوێنەکاندا جیاوازە هەندێ شوێنی فراوانەو لەزۆرشوێنیشدا بەرتەسکەو تەنها جێگەی یەك کەس ئەبێتەوە، بەرزیەکەشی جیاوازە

بەپێی هەڵکەوتەی شێوازی بەردەکان، لەناو ئەشکەوتەکەدا زۆر شوێن هەیە، وەك سەکۆ دروست کراوە، تابڕویتە نـاوەوە فـراوانتر ئـەبێت، ڕوبەری ناوەوەی لەهەندێ شوێندا فراوانو لەهەندێ شوێن بەرتەسك ئەبێتەوە، بەپێی وەرزەکان هەوای ناو ئەشکەوتەکە ئەگۆڕێ لەزستاندا گـــەرمو لەهاوینیشـــدا فێنکـــە، دیـــارە کەشـــوهەوای دەرەوەی ئەشکەوتەکەو بونی تەڕایی ئەوە دروست ئەکات .

بۆچونە ناو ئەشکەوتەکە تەنها یەك ڕێگە هەیە، ڕێی تری لێ نابێتەوە بۆیە مەترسی نیە کە مرۆڤ ڕێگەکـەی هەڵـە بکـات، بـەلاَم پێویسـتت بەڕوناکی هەیە تابتوانی بەباشی ناو ئەشکەوتەکە ببینی ،ئەم ئەشـکەتانە ئەگەر بایەخیان پێ بدرێتو بکرێنە شوێنی گەشـتیاری بایـەخی زۆری ئـەبێت بـۆ بوژانـەوەی کـەرتی گەشـتیاریو بـرەودان بـەئابوری، کەبەداخەوە تائێستا هیچ ئاوڕیان لێنەدراوەتەوەو پەراوێز خراون.



## بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١. وشە ڕەنگالّەییەکان(کۆمەلّە وتار)

٢. ئاوێزانبوونی سروشت و مێژوو( گەشتی ڕۆژنامەوانی).

٣.ڕوانین بۆئایندە (کۆمەلّەوتار)

٤.خواستی خەلّك لەزمانی قەلّەمەوە (ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی)

٥.ئەوفرمێسکانەی وشك ناکەن(چیرۆکی ڕاستەقینە)

٦.سەمای بەفر (شیعر)

٧.پەلکەزێڕینەی خەیالّ (پەخشان)

٨.کوانوی هەناسە تەریوەکان (شیعر)

٩.گەشتە مێژووییەکان (شوێنەوارو کەلتور)